# شەرحی
# مەتنی عەقیدەی نەسەفی



**دانراوی**

**عمر نجم الدين النسفي**

**وەرگێڕانی**

**عمر شێخ نورالدین مفتی**

2008ک

1428ز

# شـــەرحی مـەتـنــی

# عـــەقیـــدەی نـــەســـــەفی

دانراوی

عمر نجم الدين النسفي

وەرگێڕانی

عمر شێخ نورالدين مفتي

چاپی یەکەم

١٤٢٨ ك                    ٢٠٠٨ ز

## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب : شەرحی مەتنی عەقیدەی نەسەفی

وەرگێڕانی : عمر شێخ نورالدین مفتی

شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

سەرپەرشتی چاپ : احمد حمه امین فتاح

تیراژ : ١٠٠٠ دانه

## ژمارەی سپاردن ٢٢٧ ساڵی ٢٠٠٧

## به ناوی خوای گەورە

**سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگار درוودی خوا لەسەر پێغەمبەر موحەممەد ( درودی خودای لە سەر بێت ) و ئالو بەیتی بە کۆمەڵ .**

رۆژێکیان مامۆستا شێخ عومەری کوڕی مامۆستای پێدەری بڕوانامەم مامۆستا شیخ نورالدینی مفتی ﴿أطالَ الله بقائهما لخدمة الإسلام و المسلمين آمين﴾ ئەم کتێبە پیرۆزەی پێدام کە لێکدانەوەی (عقائد) ی نەسەفیە, تا چاوەمی پێدا بخشێنم هەر چەند لە خۆمدا شیاوی ئەوەش نیم , خوا جەزای نیازو کۆششەکەی بداتەوە و نوکی پێنوسی تیژ بێت بۆ سودی گشتی . منیش بەماوەیەکی کەم خوێندمەوە . جەهدێکی باشی کردووە و ئەوەی پێویست بیٚ بۆ موسوڵمان بە دەقی ئایەتو فەرموودەی پەسندکراوی زانایانی ئاینی ئیسلام تیایدا دەست نیشانی کردووەو تەمی تاریکی تیادا نەهێڵاوەتەوە بە بۆچونی خۆم , وەدەست نیشانی سەرچاوەو شوێنە کانیشی کردووەو پشتی بەبەڵگە بەهێزەکان بەستوە و ئامادەکراوە. هەموو خوێندەواریٚ دەتوانیٚ کەلکی لێوەربگریٚ بەس عەمەل پێکردنی دەویٚ بۆکەسیٚ

مەبەسـتی بـەختیاری بێـت بـۆ دوارۆژی لەبـەردەم خـوادا . خـوا مەبەستە خێری یەکانمان بەئەنجام بگەیەنێت .

والسلام على تابع الحق والهدى والحمد لله بدأ وختاما

محـمـود مـلا محمەدی تاوگۆزی
پێش نوێژو وتاربێژی مزگەوتی
کاني ئاسـکان-زرایەن-
٥/٥ /٢٠٠٣ زاییـنی

## بەناوی خوای گەورە

**سوپاس بۆ خودا سەلات و سەلام لەسەر گیانی پاکی گەورە و پێشەوامان حەزرەتی موحەممەد وئالو بەیت و شوێنی کەوتوانی تاقیامەت.**

خوێنەری بەرێز : لەبەر ئەوەی بیرو باوەڕ (عەقیدە) زۆر گرنگە لە ئاینی پاکی ئیسلامدا بۆ وەرگرتنی هەموو کردەوەیەکی چاك و دەزگیر بوونی ڕەزامەندی خودا , چونکە کردوەی چاك بە بێ عەقیدە ی دامەزراو بێ هودەیەی, خاوەنەکی ماندوبوونی بۆ دەمێنێتەوە .

بۆیە بە پێویستم زانی تەرجەمەی "متن العقيدةالنسفية" ە ,بکەم چونگە بەراستی کتێبێکی زۆر نایاب و جوان و ڕێك و پێکە لە عەقیدەی ئەهلی سوونەو جەماعەتدا

وەئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە سەرەکیەکان کە لە حوجرە و مەدرەسەکاندا دەخوێنرێت .

هاتم لەسەرەوە لە هەموو پەرەیەکدا چەندێك بەر بکەوێت لە مەتنەکە نوسیومە, لەپاشا خەتم کێشاوە رستە رستە لە ژێر یدا مانام کردووە و بە گوێرەی پێویست ئایەت و حەدیث وفەرموودەی زاناکانم

بۆ هێناوە تا روون و ئاشکرا بێت . وەکتێبەکەم کردووەبەپێنج بەش و کۆتاییەك تاباسەکان جیا بن و زیاتر سود بەخش بێت

لەخودا داواکارم کە لەئێمەی وەرگرێت و بۆ ئێوەش سوود بەخش بێت.

وصلى الله على سيدنا محمد واله وصحبه وسلم

**عمر شـــيخ نورالدين مفـــتى**

**پێش نوێژ و وتار خوێنی**

**مزگەوتی دارالســـلام**

**هەڵەبجەی شەهید**

## بەشی یەکەم

# ئەم بابەتانەی لەخۆو گرتووە:

(١) پێشەکی

(٢) حەقیقەت و راستی شتەکان وریگای ناسنی

(٣) وەلام دانەوەی پێچەوانەکان

(٤) هۆکاری زانیاری بەوشتانە .

## سەرەتایەك

**ئەحكامە شەرعیەكان دوو جۆرن:**

**یەكـــەم**:كـرداری(عملیــه)پەیوەنــدی هەیــه بەچـۆنیەتی كـرداری بەندەكانــەوە دووبــارە ناودەبرێــت بــە (فرعیـــة) و حوكمـــەكان . وەك واجبیەت بۆ نوێژ وحەرامیەت بۆ زینا.

**دووەم**: باوەڕی (إعتقادیة):پەیوەندی بە باوەڕەوە هەیە , وەدووبارە ناودەبرێـت (أصـلیة) بنــچینەییە, وەنـاویش دەبرێـت ( علـم التوحیـد والصفات) زانیاری یەكتاپەرستی و سیفەتەكانی وەك باوەڕمان بەیـەكتا پەرستی خوا , وەبوونی رۆژی دوایی و فەرزیەتی ئەركانی ئیسلام [1]

**چ زانیاریەكە ؟**

ئەو زانیارییە كە پەیوەندی هەیە بە چەسپاندنی بیرو باوەڕی ئاینی یەوە ﴿العقائد الدینیة﴾ ئەمە باسە ئەم زانیاریە بەچی سەلمێنراوە؟

بە بەڵگەی ﴿النقلیە﴾ واتـە : ئەو بەلگانـەی كـە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرە (دروودی خودای لە سەر بێت) , وەبەڵگەی عەقڵی .

**مەسـئەلەكان**: بریتیـە لـە چـەند كێشەیەك بـاس دەكـات لـەواجب و مـەحاڵ و لـەوەی دروسـتە لەحـەقی خـوداو پێغەمبـەران و چەسـپاندنی شتە پەنامەكیەكان ﴿المغیبات﴾

---

(١) شەرح العقائد ل :٥ شرح النسفیه فی العقیده الاسلامیه ل :٧ .

مەبەستەکەی پێنج شتە:

یەکـەم: بەرزبوونـەوەو دوورکەوتنـەوە لـەنزمایی و نـشێوی چـاو لێگەری شوێن کەوتن بۆ بەرەو لوتکەیی بروای پتەوو نەلەقیو .

دووەم :رێپیشاندانی ئەوانەی دەیـەناوێ بکەونـە سـەر رێ بـە روون کردنـەوە و دەلیـل و بـۆردانی ئەوانـەی ئینگـار دەکـەن بەهێنانـەوەی دەلیلی پتەوی دەم کوتکەر .

سێهەم: پاراستنی پێرەوەکانی ئاینی ئیسلام لە شوبهە و گومانی بێ باوەڕان .

چوارەم : دامەزراندن و بنیادنانی عیلمە پـەیرەوی یـەکان لەسـەری, چونکە عیلمی کەلام بناغەیە.

پێنجەم: راستی و دروستی بیروباوەڕ [٢] .

---

(٢) عەقیدەی مرضية ل:٨٥١ و ٨٥٢ وشرح النسفية ل:٨و٩ ..

## دانەری ئەم زانیاریە کێ یە؟

شێخ ئەبولحەسەنی ئەشعەری [٣] و ئەبو مەنصوری ماتوریدی یە [٤] لە بەر ئەوەی ناسراوترین کەسن لە دانانی ئەم زانیاریە وە لە بەڵگە هێنانەوەیان لەسەر پێچەوانەکان .

## بەڵگەکانی :

بەڵگەقەطعیەکانە کەزۆربەی کۆمەکی کارە بە بەڵگە بیستنەکان "السمعیة"

## حوکمی شەرع چی یە تیایدا ؟

فەرزی عەینیە لەسەر هەموو موسوڵمانێك کە بەکورتی بیزانێت وەك ئەوەی کەباوەڕی ببێت بەبوونی خوداو فریشتەکان و......

---

(٣) ئەشعەری ناوی عەلی کوری ئیسماعیلەو کونیەی (ئەبوالحەسەن ) یەکێکە لە زانایانی (سەلەفی صالّح) لە سالی (٢٦٠) ی کۆچی لەدایك بووە و لەسالی (٣٢٤)ی کۆچی دا وەفاتی کردووە , بەرگری ( عەقیدەی )ی ئیسلامی کردووە نەژادیشی دەچێتەوە سەر حەزرەتی (ئەبو موسای ئەشعەری ) کە یەکێکە لە هاوڕێ بەرێزەکانی پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت ) , لە پێشدا (معتزلە)بووە تۆبەی کردوە گەڕاوەتەوە سەر ڕاڕەوی (ئەهلی وسوننەت و جەماعەت) و لە لقەکانی ئاینیش دا هاتە سەر مەزهەبی( شافیعی) . روون کرنەوەی العقیدة الطحاویة ل:٥

(٤) ماتوریدی ناوی موحەممەدی کوری موحەممەد کوری مەحمودەو نازناوی (علم الهدی) و کونیەی (ئەبو مەنصور ) ه , لەگەرەکی ماتورید لەسەمەرقەند لەدایك بووە, سالّی (٣٣٣) ی کۆچی هەر لە شاری سەمەر قەند کۆچی دوایی کردووە , ئەم زاتە زاناو گەورەیەش لە سەمەرقەندو دەورو پشتی دا ماندوونەناسانە هەوڵی دا بۆ برەو دان بە ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت . عەقیدەی مەرضیە ل :٥٢٨ .

فەرزی کیفایەیە زانینی بەبەڵگەی درێژ وەك ناسینی بوونی خودا بەهۆی پەیدابوونی جیهان و گۆڕانی پلەو پایەی لەنێوان زانیاریەکاندا .

بـەڕێزترین زانیاریــە لەبەرئــەوەی بنەچــەیە لـە زانیــاری ئاینــدا وەپەیوەندکارە بە زاتی خوداو پێغەمبەران .

**ناوەکانی ئەم زانستە :**

یەکـەم: ( علـم التوحیـد) بۆیـە نـاوبراوە بـە عیلمـی تەوحیـد لەبـەر ئـەوە بەناوبانگترین باس باسی یەکتا پەرستی یە کە بنەچەی ئاینی یە .

دووەم : ( علــم الکــلام ) نــاوبراوەپێی لەبەرئــەوە ناونیــشانی باسەکەی دەڵێن "الکلام في کذا وکذا " قسەکردن لەوەو لەوە دایە.

سێهەم :(علم العقائد) بەمەش ناوبراوە لەبەر ئەوە ئایین پێك هاتووە لە ( أصول و فروع ) ئوصول بیرو باوەڕەکانـە نـاو دەبرێـت بـە "ا صول الـدین " وفـروع ئـەو کـردارە عەمــەلی و خوورەوشــتانەیە کـە یەکــەم ناودەبرێت بە"علم الفقه" وە دووەم بە "علم التصوف" (٥)

**هوکاری دانانی ئەم زانیاریە**

ئەم زانیاریە " سلف صالح" ٦ باسیان نە کردووە و هیچیشیان لە بارەیەوە دانەناوە بە هۆی فەروو بەرەکەتی هاوڕێ یەتی پێغەمبەرەوە

(٥) (علم الفقه) (فقه) لە زمانی عەرەبیدا : زانیاری یە بە و شتەو تێگەیشتن لێی . وە لـە زاراوەی زاناکان : زانیارییە بەو حوکمە شەرعیە کردارییانەیە کە وەربگیرێت لە بەڵگە شـەرعیە درێژەکان " تصوف" شـێخ مـەعروفی کـەرخی دەفـەرموێت : تـصەووف پـەیرەوی کردنـە لـە (حقائق ) گوێنەدانە بەوەی کە لە دەستی خەڵك دایە .

(٦) " سلف صالح " مەبەست بە زانیایانی سەدەی یەکەم دووم سێیەمە کـە پێغەمبـەر (درودی خودای لە سەر بێت ) کە شاهیدی بـۆ داون و ئەفـەرموێت :" خَیرُ أمَّتي قَرني , ثمَّ الــذین

(درودی خودای لە سەر بێت ) نزیکیان بە زەمانیەوە , وەلەبەرکەمی رووداوو جیاوازی وەدەشیان تووانی بگەرێنەوە لە پرسیارەکان بۆ لای خاوەن باوەرپێکراوەکان .

تا ئیسلام بلأوبویەوە (موالی) وتێکەڵ بووبە موسوڵمانان لەغەیری عەرەب وە گواستنەوەی فەلسەفەی ئەغریقی ومەنطقی یۆنانی بۆ کۆمەلگای ئیسلام لە سەردەمی ئەبو جەعفەری مەنصور لە پاشا لە سەردەمی هارونە رەشید کە دووەم خەلیفەی عەباسیەکان لەپاشا لەسەردەمی مەئموون ئەو زانیاریانە تەرجەمە کران بۆ عەربی .

کۆمەڵێ ئاشکرا بوون خەڵکیان بانگ دەکرد بۆ پەیدا کردنی شت لە بیر و باوەردا , وەبە ئارەزووی خۆیان باسیان دەکرد لێیەوە بەبێ ئەوەی بگونجێ لەگەل قاعیدەی ئیسلام و دەقی قورئان و سوننەتدا. وەك قسەکردن لە شوبهاندن و جیسم دانان بۆ خودا وە بەدانانی کۆنی (قەدیم) ی جیهان , وەنەفی کردنی ئەجسام و جگە ئەمانەش [٧] .

جا موعتەزیلە دەم کوتیان کردن و وەلأمیان دانەوە زۆر بەچاکی , لەمەدا خاوەنی شەرەف و رێزن هەرچەند ئەوانیش خاوەنی رای تایبەتین دەربارەی خوداو, پایەی خاوەنی گوناهی گەورە, بێدەسەلاتی و دەسەلات داری ئینسان لەکارو کردەوەی خۆیدا , یالە باسی ئەلفاظي

---

یلونهم ° ثمَ الذین یلونهم" رواه البخاری ومسلم چاکترینی ئومەتم سەدەی خۆمە لە پاشان سەدەی دووام لە پاشان سەدەی دوای ئەوان . ئیمامی نەوەوی قەطەلانی فەرموویانە مەبەست چینی ( صحابە ) و (تابعین ) و (تابع التابعین) ن .

(٧) — : شرح النسفیه ل : ١٠و١١ و١٢ . .

قورئاندا که ئاخۆ دروست کراو ( مەخلوق ) ن یا خۆ قەدیمین ..... تا دوایی .

ئەمانە دژی ئەهلی سوننەت و جەماعە تن وە بە ئەهلی بیدعەت ناسراون . دەربارەی هۆی ناونانیان بە موعتەزیلە دەڵێن :رۆژێك ( واصل) ی کوری ( عطا) مامۆستا و پێشەوای موعتەزیلە لە کۆرێکی شێخ حەسەنی بەصریدا دانیشتووە , لەو کاتەدا زەلامێك خۆی دەکات ژووردا بە شێخ حەسەنی بەصری دەڵێ : کۆمەڵێك پەیدابوون خاوەنی گوناهی گەورە بەکافر دادەنێن و گوناهی گەورەیان لا کوفرە .

کۆمەلێکیش دەڵێن : گوناهی گەورە لە گەڵ بوونی باوەڕدا زیانی نیە . ئا لەو کاتەدا کە شێخ حەسەنی بەصری بیری لە شتەکە دەکردەوە پێش ئەوەی قسەبکات , ( واصل) ووتی : من ناڵێم خاوەنی گوناهی گەورە کافرەو نایشڵێم موسوڵمانە , بەڵکو دەڵێم نە موسوڵمانەو نە کافر , پایەیەکی هەیە لە نێو دوو پایەی موسوڵمان و کافردا .. , ( إنَّ مُرْتِكب الكبيرةِ ليس مؤمناً ولا كافراً -المنزلة بين المنزلين ). ئەمەی ووت و هەلسایە سەر پێ و چوو پاڵی دا بەیەکێك لە کۆڵەکەکانی مزگەوتەوە و خەریکی تەقریڕی وەلامەکەی بوو .

شێخ حەسەنی بەصری کە ئەمەی دی فەرمووی : "اعتزل عنّا واصل.." واتە : واصل لێمان جیا بووەوە کەناری گرت . لەو رۆژەوە واصل و پەیرەوەکانی ناونران( معتزله) واتە : کەنار گرتوو لەزۆر بەی زانیانی ئیسلامدا[٨].

---

(٨) — : عقيدي مرضية ل: ٨٥٣ . .

وەمەزهەبی موعتەزیل بلاو بوویەوە لە ناو خەڵکی دا تا شێخ أبو الحەسەنی ئەشعەری بە مامۆسا کەی ووت کە ئەبوو عەلی جوببائی بوو : تۆ چی دەڵێیت لە سێ برا دا یەکێکیان مردووە گوێ رایەڵی خودا بووە وە ئەوی تریان یاخی بووە لە فەرمانی خودا وەسێهەمیان بەمندالی مردووە , ووتی یەکەمیان پاداشت ئەدرێتەوە بەبەهەشت وەدووەمیان تۆڵەی لێ دەستێنرێ بەئاگر وە سێهەمیان نە پاداشت دەدرێتەوە نە تۆڵەی لێ دەستێنرێ .

ئەشعەری فەرمووی : ئەگەر سێهەمیان ووتی ئەی خودایە بۆچی منت بەمنداڵی کوشت بۆ نەتهێشتمەوە تا گەورە ببم و باوەڕ بێنم و گوێرایەڵی بکەم بچم بۆ بەهەشت , ئەویش وەڵامی دایەوە ووتی خودا دەفەرموێ : من زانا تر بووم بە تۆ ئەگەر گەورەش بوویتایە بێ گوێیت دەکرد و دە رۆیشتیتە ناو دۆزەخەوە چاکتر وایە بۆ تۆ کەبە منداڵی بمریت .

شێخی ئەشعەری دەفەرمووێت : ئەگەر دووەمەکەیان ووتی : بۆچی منت بەمنداڵی نەکوشت تا بێ فەرمانی تۆنەکەم نەرۆمە ئاگرەوە خوا چی دەفەرمووێ : ئەبوو عەلی جوببائی بێ دەنگ بوو شێخ ئەبو الحەسەن بۆری داو وازی هێنا لەمەزهەبی جوببائی ئیتر خۆی و شوێن کەوتوانی سەرقاڵی بەرپەرچدانەوەی موعتەزیلەکان بوون[٩] .

---

(٩): شرح العقائد , ل: ٨ و٩ .

## قالَ أهلُ الحق : حقائقُ الأشياءِ ثابتةٌ والعلمُ بها متحققٌ خلافاً للسُوفِسْطائِيَةِ

[ قال أهل الحق : حقائق الأشياء ثابتة] [١٠] ئەهلی حەق و راستی واتە: ئەهلی سوننەو جەماعەت دەفەرمون : حەقیقەت بون و راستی شتەکان هەیە لە دەرەوە . ووشەی (حقائق) کۆیە و تاکەکەی "حقيقة" ,حەقیقەت بوونی شتە بەوەوە هاتبێتە جێ وەك "الحيوان الناطق" بۆ "الانسان" . ﴿ والعلم بها متحققٌ ﴾ زانیاری هاتووەتە جێ بەو حەقیقەتانەوە [خلافا للسوفسطائية] بە پێچەوانە بۆ سۆفەسطائیەکان ئینکاری بوونی شت دەکەن ودەلێن: ئەوەی دەبینرێ لەو شتانە حەقیقەتی نیە نە لەدەرەوە نە لە واقیعدا بەڵکو وەهم وخەیاڵاتە .

وەلەناو خۆیاندان دەبن بەسێ کۆمەڵ : -

**کۆمەڵی یەکەم** : دەڵێن : بەڕاستی حەقیقەت و بوونی شتەکان وەهمو خەیاڵاتی بەتاڵە ئەو دیوارەی ئێمە دەیبینین کە پێکهاتووە لە بەردو گەچ بۆنمونە بوون و حەقیقەت بۆ پارچەکانی نیە بەڵکو وەهمێکە کەوتوەتە خەیاڵی بینەرەوە ئەوانە پێیان دەڵێن "العنادية" .

(١١): دانەری ئەم مەتنە ئیمام نەجمەدینی نەسەفی یە عومەری کوری موحەممەدی کوری ئەحمەدە زانا بە تەفسیرو ئەدەب و مێژوو بووە لە شەرع زانەکانی ئیمام حەنەفی بووە , لەساڵی (٤٧١ك–١٠٧٨ ن) لەنەسەف لە دایك بووە , لەساڵی ( ٥٦٠ك –١١٦٥ن) کۆچی دووایی کردووە لەسەمەر قەند , ووتراوە سەد کتێبی داناوە , ناو نراوە بە ( مفتي الثقلين) . شرح النسفية ل : ٥.

**کۆمەڵی دووەم** : دەڵێن بەراستی حەقیقەتی ئەو شتانە ڕووی نەداوە بەڵکو حەقیقەتی ئەو شتانە شوێن کەوتەیە بۆ بیرو باوەڕیان . ئەگەر سەیری دیوارێکت کرد دەبینی کە پێك هاتووە لە بەرد و گەچ بۆ نموونە ئەوە بەگوێرەی بیرو باوەڕی خۆتە ، ئەوانە پێیان دەڵێن "العندية" چونکە دەڵێن ئەو شتە لە لای من وایە .

**کۆمەڵی سێیەم** : ئینکاری زانیاری دەکەن بەجێگیر بوونی حەقیقەت و راستی یا جێگیر نەبوونی , دەڵێن ئێمە گومانمان هەیە لە و حەقیقەت و ڕاستی یە وە گومانمان هەیە دووبارە لە خۆماندا ئایا ئێمە گومانمان هەیە یان نا ؟ ئەوانە ناو براوون بە (اللاأدرية) لە بەر ئەوەی دەڵێن نازانین ئامانجیان نەهێشتنی باوەڕ بە خوداو ڕۆژی دووایی و حوکمە شەرعیەکانە شرح النسفية ل : ١٨ .

و أسبابُ العلمِ للخلق ثلاثةٌ الحواسُ السليمةُ , والخبرُ الصادقُ , والعقلُ فالحواسُ خمسٌ السمعُ والبصرُ و الشمُ, والذوقُ , واللمسُ ,وبكلِ حاسةٍ مِنها يُوقفُ على ما وضعتْ هي لهُ ، والخبرُ الصادقُ على نوعين : أحدهما - الخبرُ المتواترُ وهو الثابتُ على السنةِ قومٍ لا يُتصورُ تَواطُؤهم على الكذبِ , وهوَ موجبٌ للعلمِ الضروريّ كالعلمِ بالملوكِ الخاليةِ في الأزمنةِ الماضيةِ والبلدانِ النائيةِ .

---

[ وأسباب العلم للخلق ثلاثة ] هۆکاری زانیاری بۆ دروستکراوی خودا لە ئادەمیزادو پەری و فریشتە سیانە: [ الحواس السليمة , والخبر الصادق , العقل ﴾ هەستی تەواوی بێگەرد و , هەواڵی ڕاست کە ڕێك بێت لە گەل واقیعدا و , عەقڵە . [ فالحواس خمس : السمع ,

والبصر و الشم , والذوق, واللمس ] هێزی هەست کردن پێنجە بیستن , بینین , بۆن کردن , چەشتن , دەست لێدان .

[ وبكل حاسة منها يوقف على ما وضعت هي له ] بەهەموو یەکێك لەو پێنج هەستیارە ئاگاداری پەیدا دەبێت بەهۆیەوە لەسەر ئەو شتەی دانراوە بۆی بۆنموونە : هەستی بیستن دروستکراوە بۆ ئەوەی ئاگاداربێت بوەستێنرێت بەهۆیەوە لەسەر دەنگەکان , وەهەستی چەشتن بۆ ئەوەی ئاگاداربێت و بوەستێنرێت بەهۆیەوە لەسەر خواردنەکان , ناگونجێت ئاگادار بێت بەسەر رەنگەکاندا بەهەستی بیستن وەلەسەر دەنگەکان بەهەستی بینین ، شرح النسفية ل: ٣٥ ..

[ والخبر الصادق على نوعين ﴾ هەواڵی راست کە رێك بێت لەگەل واقیعدا لەسەر دووجۆرە : [ أحدهما - الخبر المتواتر وهو الثابت على ألِسنة قوم لايتصور تُواطؤُهُم على الكذب ] یەکێکیان لەو دووانە هەواڵی موتەواتیرە ئەویش هەواڵێکی سابتە لەسەر زمانی کۆمەڵێ کە عەقڵ بە رەوای نەزانێ رێك کەوتنیان لەسەر درۆ ، ﴿ وهو موجب للعلم الضروري] وەهۆیشە بۆ زانیاری ناچاری [كالعلم بالملوك الخالية في الآزمنة الماضية و البلدان النائية ﴾ وەك زانیاری بەو پاشایانەی رابووردوون لە زەمانی رابردوودا وەك هارونە رەشید وە ئەو شارە دوورانە وەك مەککە بەغدا .... یانی : خەبەری (متواتر) ئادەمیزاد ناچار دەکات لەسەر ئەوەی باوەڕ بکات کە لەزەمانی

رابــردوودا خەلیفـە هـەبووە لەبەغـداد نـاوی هارونـە ڕەشـید بـووە ... وەکەس ناتوانێ سەرپێچی بکات لەبوونیان .

والثانـي : خبرُ الرسولِ المؤيدِ بـالمعجزةِ وهو يوجبُ العلمَ الاستدلالـيَ . والعلمُ الثابتُ يضاهي العلمَ الثابتَ بـالضرورةِ فـي التيقن والثباتِ . وأمَّا العقلُ فهو سببُ للعلمِ أيضاً. و ما ثبتَ منـهُ بالبداهَةِ فَهُوَ ضَروريٌّ ، كالعلمِ بأنَّ كلَّ شيءٍ أعظمُ من جزئِـهِ ، و ما ثبتَ بِالإستِدْلالِ فهوَ إكْتسابيٌّ . والإلهامُ ليسَ من أسبابِ المعرفةِ بصحةِ الشيءِ عندَ أهلَ الحق .

---

﴿والثانـي خبر الرسول المؤيد بالمعجزة] دووەم لە هەواڵی ڕاست هەواڵی پێغەمبەرەکە پشتگیری کراوە پەیامەکەی بە موعجیزە [ وهو يوجب العلم الإستدلالي﴾ هەواڵی پێغەمبەر (صلی الله علیە و سلم) بە پێویست دەگێرێ ئەو زانیاریە کە پەیدا دەبێت بە ڕوانین لە بەڵگەدا ﴿ والعلم الثابت بە يضاهي العلم الثابت بالضرورة] وە ئەو زانیاریەی بەهەواڵی پێغەمبەر(صلی الله علیە و سلم) پەیدا دەبێ دەشوبهێ بەو زانیاریەی جێگیر بێ بە ناچاری وەك هەستە پێشوەکان ﴿ فـي التـيقن

والثبات ] لـه نـهبوونی ئیحتمـالی هەڵوەشـانەوە نـەبوونی ئیحتمـالی لاچونی گومان .

﴿ وأمـا العقـل فهـو سـبب للعلـم أيـضاً] هۆیـەکی تـر لـەهۆکانی بەدەست هێنانی زانیـاری لـەلای جومهوری موسـوڵمانان عەقڵە دووبـارە کـە عـەقڵ هێزێکـی دەروونییـە بـە هـۆی ئـەو هێـزەوە ئامـادە دەبێـت بـۆ زانیارییەکان دەرك کردنەکان .

[ وما ثبت منـه بالبديهـة ﴾ ئەوەی ثـابت بووە لـەو زانیاریـە ثـابت دەبێ بە عەقڵ بە سەرەتای روانیین بەبێ ئەوەی پێویستی ببێ بە فکر کردنەوە ﴿ فهـو ضـروري ﴾ ئەوە ناچارییە ﴿ كـالعلم بـأن كـل شـيئ أعظم من جزئـه﴾ وەك زانیاری هـەموو شتێکی تـەواو کە گـەورەترە لـە پارچـەیەکی [ ومـا ثبـت بالاسـتدلال فهـو اكتـسابي ﴾ ئـەو زانیاریـەی سـابت بـبێ بـە هـۆی ڕوانـین لەبەڵگـەدا ئـەوە عیلمێکـی دەسـتگیری ( إکتسابی) یە پەیدا دەبێت بە دەست گیر بوون .

﴿ والإلهـام لـيس مـن أسـباب المعرفـة بـصحة الـشيئ عنـد أهـل الحق ] ئیلهام شت کەوتنە ناو دڵەوە هۆیەك نیە لە هۆکاری زانیـاری بـە دروستی شت لەلای ئەهلی حەق و راستی [١١] .

---

(١١) : شرح النسفية ل : ٣٥.

ئیلهام له لای صوفییەکان ئەو زانیاریەیە دەخرێتە ناو دڵ لە ڕێگای ڕێژەنی بەرەکەتی خوداییەوە , یەکێکە لەهۆکانی زانین[١٢].

ئەو شتەی دەکەوێتە دلەوە هۆیەك نیە لە هۆکاری زانیاری بۆ گشتی خەڵك وە ناشگونجێ بە پێوویستی بگێری لەسەر خەڵك , وە لە چاکەشدا نەبێت نابێت خودا دەفەرموێت : ﴿ فألهَمها فجورها وتقواها﴾ سوره الشمس : ٨ ، واتە: ئینجا سروشت ئاگاداری کرد بەبەدکاریی و پارێزگاری خۆی وەکەم جارێك پەیدا دەبێت بۆهەندێك بەتایبەتی وەئەو زانیاریە پەیدا دەبێت بۆ خۆی نەك بۆ غەیر , لەوانەی پەیدا بووە بۆی ئیلهام حەزرەتی عومەر بوو[١٣] .

وەك پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) دەفەرموێت : " لقد كان قبلكم من بني إسرائيل رجال يُكَلّمون من غير أن يكونوا أنبياء فإن يكن في أمتي أحد فعمر" رواه الشيخان والترمذي واتە: بەراستی لە پێشی ئێوەوە لە بەنی ئیسرائیل دا چەند پیاوێك بوون قسەیان کردووە لەبارەی شتەوە پێش ڕوودانی لەڕووی ئیلهامەوە لەلایەن خوداوە

(١٢) : عقيدي مرضية ل: ٨٤٧.

( ١٣) : شرح النسفية ل : ٣٥ .

لەپێغەمبەرانیش نەبوون ئەگەر یەکێك لە ئوممەتما ببێت عومەرە (رەزای خودای لە سەر بێت ).

جۆرەکانی ئیلهام :- لەوانەی پەیدا دەبێت بەکەوتنە ناو دڵەوە بەبێ دەست پێ کردن وەك بۆ دایکی حەزرەتی مووسا بوو بە فڕێدانی حەزرەتی مووسا لەناو تابووتدا , وەکەم جارێك لە خەوا دەبێت وەك بۆ حەزرەتی ئیبراهیم بوو لەسەر برینی کوڕەکەی , وەکەم جارێك بەهۆی فریشتەوە دەبێت . ئیمامی غەزالی دەفەرمووێت : ئەو زانیارییەی پەیدا دەبێت بەبەڵگە یا بەبینینی فریشتە لەسەر ڕاستیەتی ناو دەبرێت بە( وحی) ئەوەتایبەتە بە پێغەمبەران , وەیا بە بێ بینینی فریشتە ئەوە ناو دەبرێت بە " ئیلهام " ئەمە بۆ پێغەمبەران و ئەولیا دەبێت - ئەوە " العلم اللدنی " یە [(١٤)].

.................................................................

وەك روویدا بۆ حەزرەتی خضر لەگەڵ حەزرەتی مووسا وە حەزرەتی عەلی دەفەرمووێت : " لوضعت لي وسادة وجلست عليها

---

(١٤) : العلم اللدني : ئەو زانیاریە کە تایبەتە بە زاتی خوداوە وەنازانرێت بەهۆی مامۆستای ئەهلی زاهیر. تەفسیر الصاوي على الجلالين ٣/٢٠.

لحكمت لأهل التوراة بتوراتهم ولآهل الإنجيل بإنجيلهم وللآهل القرآن بقرانهم وهذه مرتبة لا تحصل بمجرد التعلم الإنساني" .

**واته: ئەگەر شتێكم بۆ رابخرێت و دانيشم لەسەری حوكم دەكەم بۆ ئەهلی تەورات بە تەوراتەكەيان وەبۆ ئەهلی ئينجيل بە ئينجيلەكەيان وە بۆ ئەهلی قورئان بەقورئانەكەيان وە ئەم پلەيە بە فێربوونی ئادەميزاد پەيدا نابێت[١٥].**

---

(١٥) : شرح النسفية ل: ٣٦ .

## بەشی دووەم :

# ألإلاهيات : -

ئەم بابەتانەی لەخۆ گرتووە :

( ١ )  پەیدابوونی جیهان.

( ٢ ) بوونی زاتی خوا.

( ٣ ) سیفەتەکانی خودا و بێ گەردی لە  پەیدابووەکان.

( ٤ ) باسی - کلام -.

( ٥ ) بینینی خودا دروستە.

( ٦ )  کرداری بەندەکان لەنێو زۆر کردن و ئارەزوو.

( ٧ ) قەزاو قەدەر .

( ٨ ) داوا نەکردنی خودا لەبەندەکانی بە شتی مەحاڵ.

( ٩ ) خوداهۆکرەکانی دروست کردووە لەکاتی بوونی هۆکاندا نەك بەهۆیانەوە.

( ١٠ ) ئەجەل یەکێکە .

( ١١ )حەرام رزقی خودایە .

( ١٢ ) پێویست نیە لەسەر خودا کرداری چاکتر بکات بۆ بەندەی .

والعـالمَ بجميـعِ أجزائـهِ مُحْدَثٌ , إذْ هـوَ أعيـانٌ وأعـراضٌ فالأعيانُ ما لهُ قيامٌ بذاتِهِ وهو إمَّا مركبٌ وهو الجسمُ , أو غيرُ مركبٍ كالجوهرِ وهو جزءُ الذي لايَتَّجَزءُ والعرضُ: مالا يقومُ بذاتـهِ ويَحْدُثُ فـي الأجسامِ و الجـواهرِ _كـالألوان والطعـومِ والروائحِ . والمحدثُ للعالمِ هو الله تعالى .

---

[ والعـالم بجميـع أجـزاءه محـدث] **جگـه خـودا لهمـهو جـودا بـه هەموو پارچەكانيەوە له ئاسمانەكان و ئەوەی تيايەتی و زەوی و ئەوەی لەسەر يەتی پەيدا كردووە يانی لەنەبوونەوە دەركراوە بۆ بوون ,** ﴿ إذ هو أعيان و أعراض﴾ **"ئەعيان" و"ئەعراض"ە** ﴿فالأعيان مالـه قيام بذاته ] **ئەعيان شتێكه بەخۆيەوە رادەوەستێت** ﴿وهو إما مركب وهو جسم﴾ **ئـەعيان دووبەشـه يـا پێـك هێنـراوە ئـەوەش جيـسمه , جيـسم شتێكه پێك هاتبێت لـه دوو پارچـه يـا زياتر لەسەر رايەك , يـا لەسـێ پارچـه پێك هاتبێت لەسـەر رايـەكی تـر** [١٦] **, لـه لای هەنـدێك پێويـسته پێك هاتبێت لەسێ پارچه بۆ ئەوەی ببێتە جێ ی درێژو پانی و قولێ كـه پـێ ی دەوتـرێ** ﴿ أبعـاد الثلاثـة طـول ,عـرض , عمـق﴾[١٧]. ﴿أو غيـر مركـب كـالجوهر﴾ **ئـەعيان يـان پێـك نـەهێنرابێ لـه پارچـه وەك جـوهر** ﴿كـالجوهر وهو جزء الذي لايَتَّجَزءُ﴾ **كـه پارچەيەكه پارچـه پارچە ناكرێ يا جەوهەر شتێكه پارچه پارچه ناكرێ نه بەكرداری نه به خەيالی نه به دانان .** ﴿والعـرض: مـالا يقـوم بذاتـه﴾ **عـەرەض شـتێكه**

---

(١٦) : شرح النسفية ل: ٣٩

(١٧) : شرح العقائد ل : ٤١

خـۆی بەخۆیـەوە راناوەسـتیّ ﴿ويحـدث فـي الأجـسام والجـواهر﴾ عـەرەض پەیـدادەبێت وە جێگـا دەگرێـت لـە ئەجـسام و جـەواهیرا ﴿كالألواني والطعوم والروائح﴾ عەرض وەك رەنگەكان و تامەكان و بۆكان .

﴿والمحـدث للعـالم هـو الله تعـالى﴾ دروسـت كـار بـۆ ئـەم جیهانـە پەروەردگارە زاتی "الله " زاتی "واجب الوجود" ە بەڵگە لەسەر بوونی خـودای گـەورە كـە ئـەم جیهانـە ئـەم زەویـەو ئاسمانـە ئـەم مـانگ ورۆژو ئەسـتێرانە كـە دەیـانبینی حـادیثن ,واتـە:لـە پێـشدا نـەبوون تـازە پەیـدابوون ولـەپاش بـوون هـاتوون ,هەرشـتێك حـادیـث بێـت دروسـت كـەرەو پـەروەردگاری دەوێـت كـە لـە نەبوونـەوە دەری بكـات و بیخاتـە مەیدانی بوون .

.......................................................

---

ئـەم بەڵگـەمان دوورسـتەیە : یەكـەم ئەوەیـە " كـە جیهـان حادیثـة "دووەمیان ئەوەیە" هەرچی حادیث بێت دروست كەری دەوێت " روون كردنەوەی رستەی یەكەم ئەوەیە كە ئەگەر جیهان هـەمووی حادیـث و تـازە دروسـتكراو نـەبێت یـان هـەموو بەشـەكانی قەدیمـەو هـەربووە , یـا هەنـدێكی قەدیمـەو هەنـدێكی حادیثـة , ئەگـەر بڵـێین هـەمووی قەدیمـە ئاشكرایە درۆیـە لەگـەل واقیـع دا ناگونجێـت و, ملیۆنـەها بـەش دەبیـنین كە لـە پـاش نـەبوون پەیـدا بـوون , چ لـە ئادەمیزادو چ لـە گیانلەبـەران و گیاو دارو درەخت .

ئەو بارەیش کە گوایە هەندێکیان قەدیم و هەندێکیان حادیث ئەویش هەر درۆیە,چونگە بەشەکانی ئەم جیهانە هەموو ماددەیەو لە پارچە پارچە تێکەل بووەو , ئەم پارچە پارچانە هەموو وەك یەکن , جا ناچێتە عەقڵەوە کە کۆمەڵە شتێك تێکەڵ بن لە چەند پارچەیەکی وەکو یەك , هەندێکیان حادیث بێت و هەندێکیان قەدیم , کەواتە هەمووی حادیثة .

هەروەها روون کردنەوەی رستەی دووەم ئەم حادیثة . کەبە ئاشکرا هەیە , یاخۆی کاری لە خۆیا کردووەو هێناویەتیە مەیدانی بوون , یا شتێکی تر, غەیری خۆی . بەندی یەکەم, کە خۆی کاری لەخۆیا کردبێت, شتێکی نەگونجاوو نارەوایە ,چونکە شتێ کە خۆی نەبوو بێ چۆن کار لەخۆی دا دەکات و دەیهێنێت ؟کەوابوو دەبێت بوونەکەی لەغیری خۆیەوە بێت و , ئەو غەیرەش نابێت وەك ئەم حادیث بێت , چونکە جیاوازیەك لەنێوان دا نیەو , هەردووکیان دروستکراوی دەستی زاتێکی بێسەرەتای لە هەموو لایەنێکەوە تەواو بێ خەوشە , کە شایەنی ئەوەیە کار لەشتی تر بکات و لەنەبوونەوە بیهێنێتە بوون .

بەڵگەی ئەهلی زانست لەسەر بوونی خودای گەورە ئەوەیە ئەم جیهانە , چ عەین و ( قائم بالذات ) بێت , وەکو ئەو ماددانەی دەیان بینین لەکان و گیاو دارو گیانلەبەر و ئادەمیزاد , یا عەرەض و ( قائم بالغیر) بێت , وەکو رەنگ و بۆو زانست , هەموویان حادیثن , واتە : لەپاش نەبوون پەیدابوون , مومکینن واتە : بوون و نەبونیان وەك یەکە

دیاره شتێك حادیث بێت پێویستی بەموحەدیثی هەیە ئەوموحەدیثـەش پێویستە

..................................................

قەدیم بێت نەك حادیث , چونکە ئەگەر ئەویش حادیـث بێت پێویـستی بە موحەدیسێکی تر دەبێت و.

هەروەها بەڕیز دەڕوات جا یا ڕیز دەبەستیٚ و نابڕێتەوە و ئەمەش دەبێتە تەسەلسول , واتە : زنجیرە گرتنی بیٚ برانەوە کە عەقلٚ هەرگیز قەبولی ناکات , چونکە زنجیرەی مەوجودات دەبێت دیاری بێت , شتی نەبراوەش دیاری نیە , کەوابیٚ زنجیرەی نەبراوەییەو , ئەو شتە کە ئەم حادیثە ی دروست کردووە پێویستە زاتێکی قەدیم بیٚ و هیچ شتێکی لیٚ پێش نەکەوتبیٚ ئەوەش زاتی خودای گەورەیە لەبەر ئەوەش کە ئەوشتە حادیثە مومکینە و لەخۆیدا بوون و نەبوونی وەکو یەك وایە پێویستە زاتێکی خاوەن تەئثیر خواستی بوونەکەی کردبێت و تەر جیحی دابێت بەسەر نەبوونیاو لە کاتی نەبوونیا ئەو زاتە خاوەن تەئپیرە قەدیمە خواستی نەبوونەکەی کردبێت و تەرجیحی دابێت بە سەر بونیا ، چونکە ئەو شتە مومکینە بوون و نەبوونی وەك یەکن و وەك دوو تای تەرازووی هاوکێش وەهان و , بیٚ گومان شتێك .

نەخرێتە یەکێ لە دوو تای تەرازوو یەکێکیان دانەنەوێت و ئەوی تریان بەرز نابێتەوە , کەواتە لەمومکیناتدا دەبێت خالیقە موئەثرەکەی , کە تەرجیحی بوونی بەسەر نەبوونی دا دەدات , مەوجود بێت.

چونکە لە نەبوو هیچ پەیدا نابێت , هەروەها پێویستە ئەو خالیقە لە ڕیزی مومکیناتدا نەبێت , ئەویش وەك دروست کراوەکان نابێت بوون و نەبوونی وەك یەك بن ,ئەگینا ئەویش وەك حادیثە مەخلوقە کە دەبێت , بێگومان مەوجودێك کە لە مومکینات بەدەربێت تەنها "واجب الوجود" ە کە ذاتی خودای گەورەیە [18].

دەگێڕنەوە کە بێ باوەڕێك لە پیاوێکی دەشتەکی پرسی : بەڵگەت چیيە لەسەر بوونی خودای پەروەردگار؟! ئەویش لە وەڵام دا ووتی : پشقل دەلاڵەت دەکا لەسەر حەیوانی کە ئەوپشقلەی کردوە, شوێن پێ دەلیلە لەسەر ڕێرەوێ کە بەو شوێنەدا ڕۆیشتوە , سەرم سور دەمێنێ ئەی چۆن ئەم ئاسمانە و ئەم خۆرو مانگ و ئەستێرانە,ئەم دەریا یان و بەرین وخاوەن شەپۆلانە دەلاڵەت لەسەر پەروەردگارێ ناکەن کە زاناو تەوانا و تەواو بێت و ئەم جیهانەی بەم ڕێك و پێکیە دروست کردبێت[19] ؟!

---

(١٨) : مەکتوباتی کاك ئەحمەدی شێخ ب : ١ ل:٥٤, ٥٥, ٥٦, ٥٧ .

(١٩) : مەکتوباتی کاك ئەحمەدی شێخ ب:١ ل:٥٦ وة شرح النسفيةل:٤٥ .

وه خـوای گـەورە دەفـەرموێ:ولـئن سـالتهم مـن خلـق الـسموات و الارض ليقـولنَّ الله [٢٠] ئەگـەر تـۆ پرسـيار بكـەی لـە كافرەكـان :كـێ ئاسمانەكان و زەوی دروست كردوە؟ لە وەلاَم دا دەلێن : خودا .

پیاوێكی دەشتەكی هاتە خزمەت پێغەمبەر(صلی الله علیه و سلم ) ووتی: ئەی موحەمەد نێرراوت هات بۆ لامان ووتی پێمان كە تۆ ووتوتە خودا ناردویتی ووتی : فمن خلق السماء ؟ كێ ئەو ئاسمانەی دروست كردووە ؟ فەرمووی: خودا ووتی: فمن خلق الارض؟ كێ زەوی دروست كردووە؟ فەرمووی خودا , ووتـی: فمن نصب هذه الجبـال وجعل فيهـا ما جعل ؟ كێ ئەو شاخانەی داكوتاوەوە گەراندویەتی تیایدا ئەوەی

الــــواحـــــدُ

---

گەڕاندویەتی ؟ فەرمووی خودا [٢١].

﴿الواحد﴾ یانی پەروەردگاری ئەم جیهانە یەك ذاتەو هاوبەشی نیە و تاك و تەنهایە پێویستە دروست كاری ئەم جیهانە یەكتا بێت لە زات و سیفات و كرداردا .

یەكتایی لە زات : یانی دروست كاری جیهان پێك نەهێنراوە لە چەند پارچەو ئەندامێك لەبەر ئەوەی ئەوانە لە تایبەتیەكانی پەیدابوونە

---

(٢٠) : سورة لقمان آية :٢٥ .ئة

(٢١) :رواه مسلم .

یەکتایی لەسیفات : یانی دروست کاری جیهان دوو توانایا زیاتری نیـە, وە دوو ویـست یـا زیـاتری نیـە . وە بـۆ کـەس نیـە سـیفەتێك وەك سیفەتی خودا یا توانایەك وەك توانای ئەو یا ویستێك وەك ویستی ئەو

یەکتایی لەکردارەکان یانی لەگەڵ خوادا خودایەکی تر نیە لە پەیدا کردنی جیهـان , وە منـداڵو ژنـی نیـە بەپێـچەوانە بۆ (ثانویـة) کـە دەڵێن: دوو خـودا هەیـە , یـەکێکیان دروسـتکاری خـەیرە ئـەوە " یـەزدان" ە , دووەم دروسـتکاری شـەرە ئـەوە" اهـرمن" ە بـەمانا شـەیتان , وتـراوە یەکـەم رووناکییـە دووەم تاریکیـە وە بـە پێـچەوانە بـۆ هەنـدێك لـەگاور دەڵێن خودا سێهەمی سیانە ئەوانە : " ذات , علم , حياة " وەهەندێکیان دەڵێن " أب" باوك خودایە " إبن" کور عیسایە , و " أم" دایك مەریەمـە . وە بەپێچەوانە بۆ " طبعيين " ە کان دەڵێن :خودا : " زحل , المشتري , المريخ, الشمس, الزهرة, عطارد, القمر" ة [٢٢] .

دوو بەڵگە لەسەر یەکێتی زاتی خودای گەورە لەزانایانی " مـتكلمين " ەوە دەگێڕنـەوە یەکـەم ئەگـەر دوو خـودا ببن کەهـەردووکیان خـاوەنی سیفاتی تەواو بن , کاتێ کەنیازی دروست کردنی شتێکیان کرد . وەکو جولانــەوەی زەیــد لەشــوێنێك ، لــەم حالەتــەدا یــا ئــەو جوڵانەوەیــە بەهەردووکیان دەکرێت ئەمەیش دەبێت شتێکی تەنها لە ژێـر دەسـەڵاتی دوو تەواناى تەواو دابێت . ئەمەش مەحاڵە چونکە هێزی خودایی بەش بــەش ناکرێــت و کــەم و زیــادی نیــەو بــۆ ئیجــادی هــەر مــومکینێ لەمومکینات پەیوەندی پێوەیە کافی یە .

(٢٢) : شرح العقيدة النسفية ل : ٥١,٥٢ .

..........................................................

وە ئەگەر بەیەکیٚ لەو دووانە دەبیٚ لازم دیٚ ( ترجیحي بلا مُرجح ) چونکە ئەوەی دەبێتە هۆی قادریەت زاتی خودایە ، هۆی مەقدوری یەتیش ئیمکانی مومکینە و نیسبەتی مومکینات بۆ لای ئەو دووخودایە یەکسانە و بیٚ جیاوازەو , کەوابیٚ ئیش کردنی یەکێکیان بەتایبەت هەڵەیە [٢٣].

دووەم : ئەگەر پەروەردگار دووان بن یا هەردووکیان حادیثن و لە نەبوونەوە پەیدا بوون ئەوە هیچیان بۆ خودایی ناشێن . ئەگەر یەکێکیان حادیثە و ئەویتریان قەدیمە, ئەوە حادیثەکەیان بەکاری پەروەردگاری نایەت , خۆ ئەگەر هەردووکیان قەدیمن ئەوا قودەماکان زۆر دەبن کە ئەمەش ناشێت...[٢٤].

خودا دەفەرموێت " [ لوكان فيها ألهة إلا الله لفسد تا ﴾ [٢٥] واتە : ئەگەر بێجگە لە خودای عالەم چەن خودا یێ لەئاسمان و زەوویدا ببوایە پێویست بوو زەوی و ئاسمان تێك بچوو نایێ .

ئەوەی ریوایەتی کردووە موسلیم لە جابیر لە حەجی پێغەمبەر دا فەرموی ( فأهلَّ بالتوحيد....لبيك اللهم لبيك , لَبَّيك لا شريك لك لَبَّيك ..)

---

(٢٣) : عەقدەی مرضية ل: ١١٥ .

(٢٤) :مەکتوباتی کاك ئەحمەدی شێخ.

(٢٥) : سورة الأنبياء أية ٢٢ .

﴿القديم﴾ ذاتی خودا قەدیمە و حادیث نیە یانی سەرەتا بۆ بوونی نیـە , صـیفەتی " قـدیم" ئەوەیـە کـە نـەبوون پـێش بـوونی نەکـەوتووە وەهەر بوە و کاتێك نەبوە کە خودای گەورە نەبوو بێت .

بەڵگەی عەقلّی لەسـەر قـەدیمی ذاتـی خـودا ئەوەیـە مـادام حـادیـث پێویـستە دروسـتکەری هـەبێت , ئـەو دروسـتکەرەش یـا حـادیثـە, یـا قەدیمە, ئەگەر حادیث بێت ئەویش پێویستی بەدروستکەری تـر هەیـە, ئەگــەر هــەروا ئــەم زنجیرەیــە بــروات ئــەوە دەبێتــە "تسلــسل" و ئەمەش,مەحاڵە و نابێت , خۆ ئەگەر زنجیرە نەڕوات ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر حادیثي یەکەم و دەبێتە "دور" واتە: بوونی پەروەردگاری حادیثي یەکەم لەسەر بوونی خۆی ڕادەوەستێت , چونکە بوونی لەسەر بوونی حادیثـە پێشوەکە ڕاوەسـتاوەو , بـوونی ئـەویش لەسـەر بـوونی ئـەم ڕاوەسـتاوە, لەئەنجامـدا بـوونی پـەروەردگار لەســەر بـوونی خـۆی ڕادەوەستێت و بەکورتی دەبێـت لەیەك ئانـدا هـەم بێـت و هـەم نـەبێت , ئەمەش ئاشکرایە پووچە[٢٦].

وەخـودا دەفـەرموێت:" هـو الأول والآخـر والظـاهر و البـاطن"[٢٧] واتـە هـەر ئـەوە پێشکەوتوو لەسـەر هـەموو مـەوجودێك وەئـاخرەودوای هـەموو مـەوجودێك هـەر دەمێنێتـەوە وەظـاهیر وئاشـکرایە لەبەرچـاوی

(٢٦) : مەکتوباتی کاك ئەحمەدی شیخ ٥٩/١ .

(٢٧) : سورة الحديد أية ٣.

ئەوانــە دا کــە شــوێنەوار دەکــەن بەبەڵگــە لەســەر بــوونی پــەروەردگاری تــەوانا. وەبـاطنیـە لەبـەر چاوی ئەوانـەدا کـە هـەر تەماشـای کـونهی ذات دەکەن.

وەپێغەمبەر(دروودی خودای لە سەر بێت) دەفەرموێت" اللهم أنت الأول فليس قبلك شيء وأنت الآخر فليس بعد شيء"[28] واتـە: ئـەی خودایـە هـەر تـۆ پێش کەوتویت , هیچ شتێك نیە پێشت کەوتبێت ، وەتۆ ئاخری و هیچ لە دوای تۆوەنیە.

﴿الحــيُّ﴾ خــودای گــەورە زینــدوە بەزیندووییــەك کــە پەیوەنــدی بەمەزاج و لەشەوە نیەو, هەرگیز نابڕێتەوە زیندوویی صیفەتی ئەزەلیە وەستاوە بە ذاتی خوداوە , ئەگەر

القادر , السميع , العليم , البصير

زیندوویەتی نەبێت عیلم و ئیرادەو قودرەت نابن...[29]..

﴿القادر﴾ بەتوانایە یانی خودای گـەورە دەسـەلاتی بـە سـەرهەموو مومکیناتدا هەیە , زەوی و ئاسمان و هەرچی لەواندا هەیە لەژێر تواناو دەسەڵاتی ئەو دایە .

وەکاری قودرەت بەپێی ئیرادەو خواستە, واتـە: هـەتا خـودا مـەیلی لەسەر شتێ نەبێ قودرەتی رووی تێ ناکات .

---

(٢٨) : رواه المسلم.

(٢٩) : مەکتوباتی کاك ئەحمەدی شیخ ٦٨/١

﴿السميع﴾ بیسەرە یانی خودای گەورە هەموو دەنگێك دەبیستێت , لەدوور یا نزیك بۆ خودا دوورو نزیك نیە.

﴿العليم﴾زانایە یانی خودای گەورە لە ئەزەلەوە هەتا ئەبەد هەرچی بووەو هەرچی هەیە و هەرچی دەبێت بەهەمووی دەزانێت . پێویستە باوەڕمان وابێت کەزانینی خودا هەموو شتێك دەگرێتەوە, هەروەکو زاتی خودا ئەبەدییەو دوایی نایەت , زانینەکەشی بەو جۆرە نەبراوەیە . هەرچی دێتە دایەرەو وجودەوە بەسورەتی ذیهني و عەینی دەبێت لای خودا زانراو بێت هەرچی نەیێتە دائیرەی ووجودەوە بەڵام لەوانە بێت ببێت وەك ئەم مومکیناتەی کە نین , یا هەر قابیل نەبێت بێتە دائیرەی ورجودەوە وەکو شتە موستەحیلە نەشودەنیەکان , ئەوە پێویستە سورەتێکی عیلمی ئەمانە لەلای خودای گەورە ببێت و لەبازنەی زانینی ئەو دەرنەچێت.

﴿البصير﴾ بینەرە یانی : هەرشتێك لە جیهاندا هەبێت ,کەم و زۆر . بچوك و گەورە خودای گەورە دەیبینێت . هەرچی مەوجوداتە چ ئەعیان و چ ئەعراض ئەوانەی خۆیان بەخۆیانەوە وەستاون یا ئەوانەی بە غەیرەوە راوەستاون وەك دەنگ و رەنگ هەروەها غەیری ئەو شتانەش کە دەبیسرێن و دەبینرێن , وەك تام و بۆ , هەموو زانراوی ذاتی یەزدانن: دەیان بیستێت و دەیان بینێت ...[٣٠] .

(٣٠) : مکتوباتی کاك ئەحمەدی شیخ ٦١/١

الشائي والمريد ليس بعرض, ولاجسم, ولا جوهر, ولا مصور, ولا محدود, ولامعدود, ولامتبعض, ولامتجريءٍ , ولامتركب, ولامتناه, ولايوصف بالماهية, ولابالكيفية,

---

**﴿الشائي و المريد﴾ خاوەنی خواستە یانی هەرشتێك خواستی خودای لەسەر بێت دەبێت و , هەرچی خواستی ئەوی لەسەر نەبێت نابێت .**

**کاری ئیرادە بەپێی عیلمە , واتە : هەتا شتەکە لەعیلمی خودا دا نەبێت ئیرادەی رووی تێ ناکات.**

**عیلمی خوداش تابیعی مەعلوومە ، واتە : خودا دەزانێت ئەو شتە لەعالەمدا دێتە جێ ئەوسا ئیرادە رووی تێدەکات.[٣١]**

**﴿الشائي والمريد﴾ هەردووکیان دوو ووشەی "مترادف" ن , وەهێنانیشیان لێرەدا بۆتە بە روکییە بەفەرموودەی خودا "إن الله يفعل مايريد "[٣٢]واتە: بەراستی خودا خواستی لەسەر هەرچی بێ دەیکات.**

**﴿ ليس بعرض, ولاجسم, ولاجوهر﴾ خودای گەورە عەرەض نیە کە پێویستی بە مەوصوفێك هەبێ, وەکو رەنگی سپی یەتی کەعاریضی کاغەزێك دەبێت!**

**وەجیسم وجەوهەرنیە﴿ولامصور, ولامحدود, ولامعدود﴾ خودای گەورە خاوەنی وێنە و شەکڵ نیە , وەك وێنە ی ئادەمیزادو**

---

(٣١) : مکتوباتی کاك ئەحمەدی شیخ ٥٣,٦٨/١ .

(٣٢) : سورة الحج : ١٤ .

دروســتکراوەکانی تــر, وەخــاوەنی ســنورو کۆتــایی نیــە, وەخــاونی ژمارەوزۆری نیـە یـانی خـاوەنی جێگـای"الکمیـات المتــصلة" نیـە وەك ئەندازەکان وەخاوەنی جێگا "الکمیات المنفصلة"یش نیە وەك ئەو شتە جیا جیایانەی ژمێردراون ﴿ولامتبعض﴾ وەجێگای پارچەو بەش نیە ﴿ولامترکب﴾ وەپێك نەهێنراوە لەچەند پارچەیەك .

﴿ولامتناهٍ﴾ وە کۆتـایی نیـە ﴿ولا یوصـف بالماهیـة﴾ وەسـف ناکرێـت بـە ماهیـەت واتـە ناوترێـت : ئەوەچـییە, ئـەوە چ رەگەزێکـە, وەزاتی لەچ شتێك پێك هاتووە ؟﴿ولا بالکیفیة﴾ وەچۆنیەتی نیە .

ولامتمکن في مکان

واتــە ناوترێــت وایــە وەتامەکــەی وایــە وەگەرماییەکــەی وایــە وەساردیەکەی وایە.﴿ولامتمکن في مکان﴾ وە ثابت نیە لەجێگایەکدا خودا پێویستی بەجێگەو شوێن نیـە وەك بڵـێین : خـودا لەزەویدایـە یـا لە ئاسمان دایـە یـا لەسـەر عەرشـە ، چونکە پـەروەردگای عالـەم لـەپێش هەموو شـتێك هـەبوەو ئافەرینـدەی هـەمووی دروسـتکراوەکانە و, کاتێك کە ئەو بووە مەکان جێگانەبووە. (٣٣)

ڕوونکردنەوەیەك : ڕای زاناکان سەبارەت بەو ئایەت و حـەدیثـانەی کەدەلاڵـەت دەکـەن لەسەرجیـسمی خـودا : چـەند ئایـەت و حـەدیثێـك هـاتوون کە دەلالـەت دەکـەن لەسـەر ئـەوەی کـەخودا جیـسمی هەیـە وەك دەست و چاوی روو قاچ و دابەزینی بۆ ئاسمان ....

(٣٣) : مکتوباتی کاك ئەحمەدی شیخ ٥٣,٦٨,٧٣/١

زاناكان لەو فەرمودانەدا بوون بەدوو مەزهەب و ڕێبازەوە

**ڕێبازی یەکەم** : ڕێبازی سپادرن و هەواڵە کردنە بۆ عیلمی خودا.﴿ تفـويض﴾ ئـەوەش ڕێبـازی "سـلف"ە , کـە هەنـدێکيان ئيمـامی ئـەبو حەنيفـەو , ئيمـامی ماليـك و ئيمـامی ئەحمـەدو ئيمـامی شـافيعی و موحەممـەدی کـوری حەسـەن و سـەعدی کـوڕی موعـاذی مـەروزی و عەبـدوللای کـوری موبـارەك و ئـەبو موعـاذ خاليـدی کـوری سـولەيمان هاوڕێی سوفيانی ثەوری , و ئيسماعيلی کوڕی ڕاهـوە , و موحەممەدی کوڕی ئيسماعيلی بوخاری, و ترميذی و ئەبو داودی سەجستانی يە .

فەرموويانـە: بێگومـان هـەر فەرمودەيـەك کـە هـاتووە لـەقورئان و حـەديثـدا لـەو بـارەوە ئێمـە بـاوەڕ مـان پێيـەتی کـە فـەرمودەی خـوداو پێغەمبـەرە, وە نارۆينـە خـوارەوە لەلێکدانـەوە و تەفـسير کردنيـداو, تـەئويلی ناکـەين .وەفەرموويانـە: خـودا زانـاتر بـەوەی مەبەسـتيەتی , لەگەڵ ئـەوەی باوەڕمان وايـە نـەڤ تەشـبيە و لاشـە دەکـەن لـەزاتی خـودا [٣٤] , زۆريـان فەرموويانـە : (إقـروا كمـا جـاءت) واتـە : باوەڕتـان ببێـت پێی وەك چۆن لای خوداوە هـاتووە بيخوێنـەوە، وە مـەرۆن بـۆ تـەئويل و تەفسيرو لێکدانەوەيان .

...............................................................

---

بۆيـە "ابـن رشـيد " فەرمويـەتی :"إن الـصدر الأول إنمـا صـار الى الفضيلة الكاملة والتقوى , بإستعمال هذه الأقاويل , دون تأويلات فيها

---

(٣٤) : شرح العقيدة النسفية ل: ٦٨.

"[٣٥] واتە : بەراستی سەدەی یەکەم بۆیە بەدەستان هێنا تەواویەتی گەوریی خودا پەرستی بەهۆی بەکارهێنانی فەرمودەکان بەبیٚ"تأویل " کردن تیایاندا.

هەر لەبەرئەمەیە ئیمامی مالیك بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە کاتێك پرسیاری لیٚ کرا لەبارەی " إستواء" فەرمووی :( الأستواء معلوم والکیف مجهول .والسؤال عنها بدعة والأیمان به واجب ) واتە : ووشەی "إستواء" زانراوەو چۆنیەتی نادیارە . پرسارکردن لەبارەیەوە بیدعەیەو پێویستە باوەڕکردن پێی "

<u>**ڕێبازی دووەم**</u> : ڕێبازی "تأویل" ە , ئەویش ڕێبازی "خلف"ە

لەدوای ئەوەی ئیسلام بلاوبویەوە, وەگەلێکی زۆر هاتنە ناو ئیسلامەوە , کە ئارای فەلسەفی و بیرو باوەڕی فارسی تەئسیری لیٚ کردبوون . ناچار بوون زانایانی "خلف"کە"تأویل" ولێکدانەوەی ئەو ووشانە بکەنەوە کە باس لەجەستە و لاشە دەکەن بۆ زاتی خودا, بەلێکدانەوەیەك شیاو بێت بۆ زاتی خودا.[٣٦]

شێخ عیزەدینی کوڕی عەبدو سەلام دەفەرموێت:" طریقة التأویل بشرطها , اقربهما الی الحق" واتە:ڕێگای " تاویل" ولێکدانەوە بە مەرجی خۆی,نزیکتریانە لە راستی و حەق ، لێرەدا چەند فەرمودەیەکی خوداوپێغەمبەر (دروودی خودای لە سەر بێت ) کە زانایانی "خلف"تەئویل و لێکیان داوەتەوە باسی دەکەین :

---

(٣٥) : اصول الدین الأسلامي ١/١١١.

(٣٦) : شرح العقیدة النسفیة ل: ٦٩.

١-خـودا دەفـەرموێت:"الـرحمن علـى العـرش اسـتوى"[٣٧]
ووشەی"الاستواء" بەمانا "الاستلاء والملك"تەئویلیان کردووە واتە:
ئەو خـودا میهرەبانـە کـە دەسـەڵاتی عەرشـی داگـیر کـردووە لـەژووری
هەموو ئاسمانەکان .

٢-خـودا دەفـەرموێت:﴿وجـاء ربك﴾[٣٨] واتـە : ( و جـاء امرُ ربِّك )
فەرمانی پەروەردگاری تۆ هاتە خوارەوە .

## ولا يجري عليه زمان

٣ -پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت ) دەفەرموێت:(اذا قاتل احدكم اخاه
فليجتنب الوجه,فان الله خلق آدم على صورته).[٣٩] مەبەست بە
"صورة" خووە لە بیستن و بینین و ژیان وزانین. واتە کاتێك یەکێك لە
ئێوە شەری کرد لەگەل براکەیدابا خۆی بپارێزێت لە لێدانی دەم و
چاوی ,بەراستی خودا ئادەمی دروست کردووە لەسەر صیفەت و
خووی خۆی.

١- خـودا دەفـەرموێت :"ويبقـى وجـه ربّـك"[٤٠]، ووشـەی"وجـە"
بەمانای"ذات" لێکیان داوەتەوە واتە: زاتی خودای تۆ دەمێنێتەوە
ولەناو ناچێت .

---

(٣٧) : سورة طه :٥.

(٣٨) : سورة الفجر :٢٢ .

(٣٩) : رواه الشيخان و احمد.

(٤٠) : سورة الرحمان:٢٧.

٥- خــودا دەفــەرموێت :﴿يــد الله فــوق ايــديهم﴾[٤١]. ووشــەی "يـد"بـەمانا( قـدرة) لێكيـان داوەتـەوە[٤٢] واتـە: هێـزو توانـای خـودا لەسەروی دەستی ئەواندایە .

﴿ولا يجرى عليه زمان﴾ بەسەر خوادا زەمان و كات نايـەت,خودای گەورە لـە زەمانـدا نىيـە ,رابـووردوو و ئێـستا و ئاينـدەی بـۆ نـی یە,كەوابوو هەرگيز نابێت بڵێين:خودا لە زەمان دايە,

يالـە مـەكان دايـە ,دەبێـت بڵێين:خـودا لـەپێش ئەمانـەدا بـووە و لـە پاش دروسـتكردنی ئەمانـەش لەگـەڵ بـوونی مـەكان و زەمـان دا هەيـە ,وەكو لەپێش زەمان و مەكان دا هەبووە.

زانايـانی ئاينی بـۆ چەسپاندنی ئـەوەی خـودا لـە زەمـان دا نىيـە دەڵێن:زەمان شتێكە هەميشە تـازە دەبێتـەوەو, ئـەو شتانەی پـێ ديـاری دەكرێـت كـە گـۆڕانيـان بـە سـەردا دێـت,كـە مـادام خـودای گـەورە گـۆڕانی بەسەردا نايەت ، پەيوەندی بەزەمانەوە نىيەو لە زەمانـدا نىيـە ....[٤٣]

## ولا يشبهه شيء ولا يخرج عن علمه و قدرته شيءٌ.

زانـای پايـە بـەرزی خوانـاس سـەيد عەبـدورحيم مەولـەوی لـە ﴿الفضيلة﴾ دا دەفـەرموێت : - هـــــذا تـــعـــــالى لله عـــــن زمـــــان مـــــن حـــيّز ,جـــهة أو مـــكـــان

(٤١) : سورة الفتح :١١.

(٤٢) : اصول الدين الاسلامى ١/١١٤,١١٥,١١٦ .

(٤٣) مەكتوباتی كاك ئەحمەدی شێخ١/٦١,٦٢ .

عن ان يكون عرضا بحت بري وليس بالجسم ولا بالجوهر [٤٤]

خودا بەرزو بێگەردە لەوەی کات بروات بەسەریدا, وەبێگەردە لەشوێن داگیر کردن و روو و جێگا ، خودا بەرزو بێگەردە لەوەی عەرەض بێت وەخودا لاشەو جەوهەر نیە هەروەها دەفەرموێت .

متى"متى" حتى اتى عليه من أين "أين" ينتمى إليه [٤٥]

چ کاتێك ببێت ئەو کاتە بۆ زاتی خودا بوبێت وە تا بێت بەسەر زاتی خودادا , لەچ جێگایەکدا بوبێت تا ئەو جێگەیە نیسبەت بدرێت بۆ لای و پرسیار بکرێت لێیەوە ﴿ **ولا يشبهه شيء** ﴾ هیچ شتێك هاو وێنەی زاتی خودا نیە , وەك خودا دەفەرموێت ﴿ليس كمثله شيء﴾[٤٦] واتە: هیچ شتێك لەخودا ناچێت . وەماموستا عبدالكريم دەفەرموێت[٤٧] .

بزانی خودا ووجودی حەقە قەدیم و باقی تەنهای موطلەقە

خۆی بەخۆی بووەو, هەروا ئەمێنێ ئەمما غەیری ئەو هیچ کەس نامێنێ

(٤٤) :الوسلة في شرح الفضيلة ص ٤٧٨ .

(٤٥) : الوسلة في شرح الفضيلة ص ٤٧٨ .

(٤٦) : سورة الشوريٰ : ١١.

(٤٧) : سرەچاوەی ئایین : ٩و١٠.

بێ میثلو شـەریك , بێ ضید و پەیوەند      بێ دایك و بێ بـاب , بـێ ژن و فەرزەند

حاكمـە بـۆ ئـــــــەرز هـەم بـۆ سـەماوات      خالقـــە لـە بـۆ هـەموو مەخـــلوقات

نەجەوهەر , نەجیسم نـەوەكو عـەرەض      نەئـەبێ بـەجێ ی حادیثـە و مـــــــەرض

جیهە ت و جێگا بۆ زاتـــی نـــیە      زاتـــی لـە ئـەمرۆ و سوبحەی بەری یە

﴿ولا یخرج عن علمه وقدرته شيء﴾ هیچ شتێك لەزانیاری و توانای خـودا دەرناچـێت ، واتـە: بەراسـتی خـودای گـەورە زانایـە بەهـەموو زانراوەكان بەجوزئی و كوللیەكانی , وە توانای هەیە .

بەسەرهەموو شتێك تاك بێت یان چەند ژمارەیەك بێت بەهێز بێت یان بێهێز بێت , بەپێچەوانەی فەلاسیفەكان وەك فارابی و ئیبن و روشد و ئیبن و سینا دەلێن: خودای گەورە زانایە بەكوللی هەموو شتێك , وەزانا نیە بەجوزئیات بۆ نموونە : خودا زانایە بەبونی زەید وەنازانێت بەدەرچوون و هاتنە ژوور و جوڵەو وەستان.[1]

خودای دەفەرموێت :﴿والله بكل شيء عليم﴾سوره الحجرات :١٦ خودا بە هەموو شتێك زانایە.

وەهەروەها دەفەرموێت:﴿ وهو على كل شيء قدير﴾ : سوره الملك : ١ واتە : خودا بەسەرهەموو شتێكدا بەتوانایە.

﴿**وله صفات أزلية قائمة بذاته تعالي**﴾بۆ ذاتی خودا هەیە چەند صیفاتێكی ئەزەلی وەستاوە بە زاتی خۆیەوە و پێویستی بە غەیری خۆی نیە.

﴿ **وهي لا هو ولا غيره**﴾ ئەو صیفاتانە نەعەینی زاتی خودایە و نەغەیری زاتی خودایشە بەڵكو ئەو صیفاتانە زیادن لەسەر زات. واتە: بەراستی هەموو لەزات و صیفاتی خودا تەصەور ناكرێت جیا بۆنەوەی یەكێكیان لەوی تریان لەرووی بونەوە, با تێگەیشتنی زاتی خودا جگە تێگەیشتنی صیفات بێت . ئەوەی كەوتمان سەرناكێشێت بۆ تەعەدودو زۆریەتی , لەبەر ئەوەی غەیرییەت نیە لەنێوان زات و صیفاتدا . واتە :

---

(٤٨) : شرح العقيدة النسفية :٧٧.

زاتـی خـودا غـەیری صـیفاتی خودانیـە , وەجیـا نابنـەوە لەیـەك وەناگوازرێنەوە. [١]

زاناکان لە لێکدانەوەو تەفسیری صیفاتی مەعانیدا بەم شێوەی لای خوارەوە دواون:

**یەکـەم** : جومهوری ئەشـاعیرە و ماتوریدییە دەڵـێن : بـێ گومـان خودا بیسەرە بەصیفەتێك کەناوببرێت بەبیستن , وە بینەرە بەصیفەتێك کەناوببرێت بەبینین....

.........................................................................

---

**دووەم** : مەزهـەبی موعتەزیلـە و فەلاسـیفە وئیمامیـە نـەفی ئـەو صـیفاتە زیادانـە دەکـەن لـەزاتی خـودا. (خـودا) زانایـە بـەزات بـەبێ زانیاری, بەتوانایە بەزات بەبێ توانا. دەڵێن بەراستی ئەوەی قەدیم بێت زاتێکی تەنها قەدیمە , دروست نیە چەسپاندنی چەند زاتێکی قەدیم .

**سـێیەم** : دەڵـێن : بەراسـتی خـودا چـەند صـیفاتێکی هەیـە بـەلام حادیثن, وقەدیم نین لەگەڵ زاتی خودادا.

ئێمە دەڵێین : بەراسـتی ئـەو صـیفاتانە عـەینی زاتـی خـودا نـیـە و غـەیری زاتیشـی نـیـە , بۆیـە عـەینی زاتـی خـودا نـیـە , ئـەگەر عـەینی زاتـی خـودا بێـت ئـەوە بـە پێویـست دەگـەرێت یـەك بـوونی زات و ئـەو وەصـفەش کـە وەسـتاوەپێیەوە .وە بەپێویـست دەگـەرێت هاومانـا

---

(٤٩) : اصول الدین الاسلامي١/١٢٧

(ترادف) له نێوان ناو و وەصف دا ئەوەش مەحاڵە .وە لەبەر ئەوەی ئەم صیفاتانە غەیری زاتی خودا بن یا دەبێت خۆیان بەخۆیانەوە وەستا بن یا بەغەیرەوە، وەستانیان بە خۆیانەوە دەردەکەوێت بەتاڵە لەبەرئەوەی صیفەت بەشتێکەوە نەبێت ناوەستێت .

یا دەبێت وەستا بێت بەغەیری زاتی خوداوە , ئەوەی بەپێویست دەگەرێنێت وەصف داركردنی غەیر بەزاتی خوداوە وە غەیری زاتی خوداش نەبێت ئەمە نامۆ نیە.

بۆ نمونە دەستی خالید نەزاتی خالیدە وەنەغەیری خالیدە لەبەر ئەوەی پارچەیەکیەتی [٢] ، ئیبنوتەیمییە دەفەرموێت : بەراستی چەسپاندنی زیندو و زانا و خاوەن حیکمەت و بیسەرو بینەر بەبێ ژیان و زانین و توانا و حیکمەت و بیستن و بینین موکابەرەیە [٣]بۆ عەقڵ ، وەك چەسپاندنی نوێژکەر بەبێ نوێژ رۆژوگر بەبێ رۆژوو وەستاو بێ وەستان[٤].

---

(٥٠) : شرح العقيدة النسفية:٨٣.

(٥١) : پێناسەی مکابرە: "منازعة في الكلام لإسكات الخصم لا لإظهار الصواب" گلنبوی أداب ص :١٢٢ اسماعيل الگلبوی . حاشية قەرەداغی واتە : بەگژاییەك چون لە قسەدا بۆ بۆردانی بەرامبەر نەك دەرخستنی راستی .

(٥٢) : أصول الدين الاسلامي . ١٢٩/١ .

## وهي العلمُ, والقدرةُ , والحياةُ , والقوةُ, والسمعُ , والبصرُ, والآرادةُ , والمشيئةُ, و الفعلُ والتخليقُ ,

**( وهي العلم )** صيفاتى ئەزەلى بۆ زاتى خودا ، يەكەم : (زانست) ە , واتە : خوداى گەورە لەئەزەلەوە هەتا ئەبەد هەرچى هەيەو هەرچى دەبێت بەهەمووى دەزانێت .

**( والقدرةُ )** توانا, واتە: خوداى گەورە دەسەلاتى بەسەر هەموو مومكيناتدا هەيە , ئەرزو ئاسمان و هەرچى لەوان دا هەيە لەژێر تواناو دەسەلاتى ئەو دايە.

**( والحياة )** زيندوو,واتە: خوداى گەورە زيندووە , بەزيندوويەتى يەك كە پەيوەندى بەمەزاج و لەشەوەنيە و هەرگيز نابڕێتەوە.

**( والقوة )** بەمانا توانايە , **( والسمع )** بيستن,واتە: خوداى گەورە هەموو دەنگێك دەبيسێت , لەدوور يا لەنزيك , بۆ خوداى گەورە دوورو نزيك نيە. **( والبصر )** بينين,واتە: هەرشتێك هەبێت , كەم و زۆر , بچوك و گەورە , خوداى گەورە دەيبينێت . **( والارادة )** خواست , واتە:هەرشتێك خواستى خوداى لەسەر بێت دەبێت , هەرچى خواستى ئەوى لەسەرنەبێت نابێت . **( والمشيئة )**بەمانا خواستە,**( الفعل والتخليق )**[٥٣].

هەردوكيان و (الأيجاد والأحداث والأختراعُ )چەند ناوێكى هاومانان بەمانا دەركردنى نەبوون.لەنەبوونەوە بۆ بوون .

---

(٥٣) : أصول الدين الاسلامي . ١/١٢٩ .

( **والترزيـــق** ) رزق و رۆزی  دان بــۆ کەســێك لــەژیان دابێــت [٦].(

**والکلام** ) وتووویژکردن . واتـە: خـودای گـەورە قسە لەگـەل پێغەمبـەرانی خۆیدا دەکات,

هەندێك لەزانایانی کەلام صیفاتی خودایان دابەش کردووە بۆ سێ بەش :–

یەکەم : صیفەتی نەفسی کە " وجود" ە واتە: بوون.

دووەم : "صیفاتي سلبیة " کەپێنج صیفەتە:–

١- صــیفەتی "قــدم" ە , واتــای "قــدم" ئەوەیەکــە نــەبوون پــێش بوونی نەکەوتووە و هەربووە و کاتێك نەبووە کەخودای گەورە نەبووبێ.

٢- صیفەتی بقـاء,واتـە: کاتێـك نابێـت کـەخودای گـەورە نـەبێت و هەمیشە دەبێت .

٣- صــیفەتی " مخالفــة الحــوادث" , واتــە : زاتــی خــودای گــەورە لەهیچ زاتێك ناچێت سیفەتی لەسیفەتی کەس ناچێت.

٤- صیفەتی "قیام بالذات" ە , واتە: خودای گەور ە خۆی بـەخۆی هەیە و پێویستی بەهیچ کەسێك و هیچ شتێك نیە .

٥- صیفەتی "    الوحدانیة" ە, تەنهایی یە, واتـە: خـودای گـەورە یەك زاتەو زاتێکی تر نیە لەگەلیاو صیفەتەکانی هەر بۆ ئەون و , کەس لەو صیفەتانەدا هاوبەشی نیە .

سێیەم : صیفاتی مەعانی کە حەوت صیفەتە:–

---

(٥٤) : شرح العقیدة النسفیة : ٨٤ .

**١ –حەيات ٢- عيلم ٣-ئيرادە ٤- قودرەت ٥- سەمع ٦- بەصر ٧- كەلام**

**٦- وەزاناكان جياوازييان هەيە لەصيفەتى (تكوين) دا .**(٧)

**مامۆستا مەلا عەبدولكريم لەبارەى صيفاتى مەعانيەوە دەفەرموێت:**

صيفاتي حەوتن قەديمن وەك ذات خاريجن لەدەرك عەقلي مەخلوقات

لە ذاتى ئاكي حەق جيانابن بوون و هەن و ئەبيَ هەر ببن

حەيات و عيلم و ئيرادەو قودرەت سەمع و بەصەرو كەلام بەصيحەت

زيندووي و زانين و مەيل و توانين بيستن و بينين طفتوطۆي شيرين (٨) .

**وهو متكلّم بكلامٍ هو صفة له أزلية ليس من جنس الحروف والاصواط ,وهو صِفة منا فية للسكوت والآفة, والله تعالىمتكلم بها أمر ناه مخبر**

---

( **وهو متكلم** ) خوداى گەورە قسەدەكات ( **بكلام** ) بەقسەيەك ( **هو صفة و له أزلية**) قسەكردن صيفەتى ئەزليە بۆ خودا ( **ليس من جنس الحروف والاصوات** ) لەرەگەزى پيت و دەنگەكان نييە ( **وهو صيفة منا**

---

(٥٥) :أصول الدين الأسلامي ج١ ، ص ١٠١ .

(٥٦) : سەرچاوەى ئايين : ١٠ و ١١ .

**فيـة للسكوت والافـة )** قسەكردنی خـودا صـيفەتێكە پێـچەوانەیە بـۆ بێدەنگی و ئافات و خەوش و نەخۆشی نەفسی

( **والله تعالی متكلم بها أمرناه مخبر**) خودای گەورە بەو گوفتارییەی فەرمان دەداو قەدەغەدەكاو هەوالیش دەدا .

كـەلام صـيفەتێكی ئەزەلییـە دەربـەڕیوە بـەزمانی عـەرەبی كـەناو دەبرێـت بـەقورئان وەبـەزمانی سـورەییانی بـە زەبور وەبـەزمانی یۆنـانی بەئینجل , وەبەزمانی عیبرانی بە تەورات .

زانايـانی موتەكـەلیم لـە كـەلامی خـودادا جیاوازییـان هەیـە بـەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**يەكــەم** : ئـەهلی سـوننەت كەهەنـدێكیان ئەشـاعیرەو ماتوریدیـەن دەلێن : كەلامی خودا دوو جۆرە :

**جــۆری يەكــەم** : كـەلامی نەفـسی : (كـەلامی حەقیقەتـە) لێـك دەدرێتـەوە بەچـەند ووشـەیە كەلـە رەگـەزی دەنـگ و پیتـەكان نـی یـە , بەڵكو صیفەتی ئەزەلییە وەستاوە بەزاتی خوداوەو قەدیمـە, مونافیـە بۆ بیّ دەنگـی و ئافـات و خـەوش و نەخۆشـی نەفسی وەك لـەلال و منداڵدا دەسـت دەكـەوێت , بـەو كەلامـە ئـەمر و نـەهی و هـەوڵ دەدات و جگـە لەمانەش.

ئەم كەلامە قەدیمە لەبەر ئەوە قەدەغەیە وەستانی حادیـث بـەزاتی خوداوە كەلامی نەفسی وەسـتاوە بـەزاتی خـوداوە , وەعیبـادەت و عیلم وئیرادە نیە . كەلامی خودا كۆتایی نیە وەك زانیاری[٩] .

---

(٥٧) : اصول الدين الاسلامي١/١٤٣ .

کـەلامی نەفسی چەسـپاوە لەزمانـدا, لەبەرئـەوە بـلاّوە وتـنی نـاوی کەلام وە وتن بەسەر ماناکەیەوە وەستا بێت بە نەفسەوە وەك ئەخطـەل دەڵێت :

**إن الكلام لفي الفؤاد وا نما جعل اللسان على الفؤاد دليلا**

واتـە : بەراسـتی وتـەکان کـەلام لـەناو ئـەو دڵەدایـە –زمـان کـراوە بەبەڵگە لەسەر ئەو مانایەی لەدلدایە .

وەحەزرەتی عومەر دەفەرموێت :( إني زوّرت في نفسي مقالـةً) رواه احمـــد واتـــە : بەراســـتی مـــن لـــە نەفـــسمدا قـــسەیەکم رێـــك کردووە.[١٠]وەلەقورئاندا هاتووە﴿ ويقولون في أنفسهم ﴾ [١١] واتە لـەناو خۆیاندا دەڵێن .

**جۆری دووەم**: کەلامی لەفظـی : ئەمـەش پیـت و دەنگەکانـە بەمـە دەڵێن حادیثە و نەوەستاوە بەزاتی خوداوە , ئەوە قورئان و باقی کتێبـە نێرراوەکانە .

قورئـان بـەمانای کـەلامی نەفسی مـەخلوق نیـە , وەقورئـان بـەمانای ئـەو ووشـانە دەیخوێنێنـەوە ئـەوە مەخلوقـە. بـەلام قەدەغەیـە بووترێـت قورئـان مەخلوقـە مەبەسـت بـەو ووشـەیە کـە دەیخوێنینـەوە وە جگـە

---

(٥٨) : هەمان سەچاوەی پێشوو شرح رمضان أفندي على شرح العقائد:١٣٦ و نورالايمان :٢٧ .

(٥٩) : سورة المجادلة : ٨ .

لەجێگای فێرکردن نەبێت , لەبەر ئەوەی کەم جارێك گومان دەبرێت قورئان بەواتەی کەلامی خودا مەخلوقە.

هەر بەهۆی ئەمەوە بوو ئیمامی ئەحمەد و شەعبی و بوخاری وعیسای کوری دینار کەوتنە ئەو تاقی کردنەوەوە .

**دووەم** : موعتەزیلەو شیعەی ئیمامیە دەڵێن : کەلامی خودا پێك هاتووە لەپیت و دەنگەکان بەلام ئەوەندە هەیە نەوەستاوە بەزاتی خوداوە , بەڵکو خودا دروستی کردووە لە ( لوح المحفوظ) یا لە جبریل یا لە پێغەمبەردا (سروری خوای لە سەر بێت ) , ئەو کەلامە حادیثە ، وە ئەمە مەحالە لەسەر زاتی خودا . (١٢)

## والقران كلام الله تعالى غير مخلوق وهو مكتوب في مصاحفنا محفوظ في قلوبنا مقروء بألسنتنا مسموع بأذاننا غير حال فيها

**سێیەم** : موبتەدیعەی حەنابیلە دەڵێن : کەلامی خودا بریتی یە لە پیت و دەنگەکان , وەوەستاون بەزاتی خوداوە, وەقەدیمە هەتا هەندێکیان لە نەزانیدا ڕۆشتونەتە خوارەوە دەڵێن پێست و بەرگی قورئان قەدەغەیە, ئەگەر چی لەڕووی ڕێزگرتن لە قورئانیشەوە بێت , قسەیەکی بەتاڵە .

**چوارەم** : کەرامیەیە هاودەنگن لەگەل حەنابیلە کاندا لەوەی کەلامی خودا بریتی یە لە پیت و دەنگەکان , بەلام ئەوەندە هەیە ناوی دەبەن بەفەرمودەی خوداو وبە حادیثی لە قەلەمی دەدەن , وەدەڵێن : وەستاون

---

(٦٠) : اصول الدين الاسلامي ١/١٤٤.

بەزاتی خوداوە لەبەر ئەوەی لای ئەوان دروستە وەستانی حەوادیث , بەزاتی خوداوە کەوتەیەکی بەتالە ، لەبەر ئەوە هەرشتیٚ حادیثی پێوەبوەستیٚ ئەوة حادیثە , وەچەسپاوە خودا قەدیمە.[13] .

( **والقران كلام الله تعالى غير مخلوق** ) قورئان فەرموودەی خودای گەورەیە مەخلوق نیە .( **وهومكتوب في مصاحفنا** ) قورئان کەلامی خودایە نوسراوەتەوە لەناو پەڕاوەکانماندا , ( **محفوظ في قلوبنا مقروء بالسنتنا** ) پارێزراوە لەدلماندا , و خوێندراوەتەوە بەزمانمان, (**مسموع باذاننا** ) بەگوێمان بیسراوە ( غير حال فيها) نەفسی قورئانە کەنیە لەگوێچکەماندا , بەڵکو قورئان ماناو هاووێنەیەتی کەوەستاوە بەزاتی خوداوە.

وەك دەوترێت بۆ نمونە ئاگر جەوهەرێکی سوتێنەرە , بەزمان باس دەکرێت و بەقەلەم دەنوسرێت وە بەپێویست ناگەرێت بە باس کردن و نوسینی بونی حەقیقەتی ئاگر دەنگ و سوتانەکەی دەست بکەوێت . واتە: هەرکەس باسی ئاگری کرد یا نوسی گەرمایی ئاگرەکەی پیٚ بکات [14].

ئێمە دەیچەسپێنین بۆ شتێك چوار بوون ( وجود) وجود لەعەیندا وجود لە ئەزهانداو وجود لەعیبارەتدا وجود لەنوسیندا , بۆ نموونە ئاگر .

---

(٦١) : اصول الدين الاسلامي ١٤٧/١

(٦٢) : شرح العقائد النسفية : ٨٩ وشرح الرمضان أفندي :١٤٥

وجـــودی عـــەینی ئـــاگر حەقیقـــەت و جەوهـــەره ســـوتێنەره خاریجیەکەیەتی .

.............................................................

وجودی زیهنی ئاگر وێنەکەیەتی لەزیهندا .

وجودی عیبارەتی ئاگر ووتنی ووشەی ئاگره

وجودی نوسینی ئاگر نەفسی ووشەی ( ئ ا گ ر ) ە

وجوده عەینیەکە حەقیقەتەکەیەتی ئەوی تری بەڵگەیە لەسەری و نەفسی ئاگرەکە نیە , ئەگەر ئاگرەکە بوایە دەبوایە ئەو کەسەی بیوتایە (ئاگر) زمانی بسوتایە, وەکاغەزەکە بسوتایە لەکاتی نوسیندا .

کـــەوابوو ســـێ ووجودەکـــە بەڵگـــەن لەســـەر یەکەمەکـــە کـــە وجودەحەقیقەتەکەیـە , نوسـینی ئـاگر بەڵگەیـە لەسـەر عیبارەتەکـە , وەعیبارەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لەزیهن دایە , وەئەوەی لەزیهن دایـــە بەڵگەیـــە لەســـەرئەوەی لەحەقیقـــەت دایـــە کەعەینەکـــەی ئـــاگره سوتێنەرەکەیە .

دووبارەکەلام چوار بوون ( وجود) ی هەیە .

١ – وجودی عەینی – کەلامە ئەزەلیەکەیە وەستاوە بەزاتی خوداوە .

٢ –وجودی زیهنی – ئەوەیە پارێزراوە لە زیهن و خەیالدا .

٣– وجـودی عیبـارەتی – ئەوەیـە کـە خوێنەرەکـە قسەی پێدەکات لەکاتی خوێندنەوەدا.

٤ – وجودی کیتابی – ئەوەیە دەنوسرێتەوە لەلاپەرەی پەراوەکەدا .

ئێمه دەڵێین وجودی یەکەم -کەعەینی یە- ئەوەصیفەتی خودایە و قەدیمە و مەخلوق نیە. ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەفەرموون : کەلام صیفەتی ئەزەلییە وەستاوە بەزاتی خوداوە حادیث نیەو نەوەستاوە بەغەیری خۆیەوە .

بەلام موعتەزیلە سەرپێچی ئەمە دەکەن ثابتي ناکەن صیفەتی کەلام بۆزاتی خودا, دەڵێن خودا قسەدەکات بەو قسەیە کەدروستی کردووە لەغەیری خۆیدا .

ئەم جیاوازییە کەدروست بووە لەسەر ئەوەبوو ئایا قورئان قەدیمە یان مەخلوقە ؟ ئەم مەسئەلە ناو براوە بە" مسئلة خلق القرأن " بەهۆیەوە فیتنەیەکی گەورە بەرپابووە لەنێوان موسوڵمانان‌دا لەسەردەمی مەئموون ,کۆمەڵێکی زۆر لە زانابەرزەکان کوژران و

**والتكوين صفة ازلية وهو تكوينه للعالم ولكل جزئ من أجزائه وقت وجوده وهو غير المكون عندنا**

---

سزادران و بەند کران لەسەر ئەوەی قایل نەبوون قورئان مەخلوقە, لەوانە ئیمامی ئەحمەدو غەیری ئەو .

دەگێڕنەوە کە حەوسەد زانای بەرز کوژران لەسەر ئەوەی دانیان پیادا نەنا کە قورئان مەخلوقە. ئیمامی شافیعی رزگاری بوو لەو تاقی کردنەوەو رۆیشت بۆ میصر . دەگێڕنەوە زۆریان لە ئیمامی شافیعی کرد لەسەر ووتنی خەلقی قورئان یا کوشتن , ئەویش ئاماژەی کرد بۆ چوار پەنجەی دەستی راستی , تەورات و ئینجیل و زەبورو قورئانی پێ

ژمارد و فەرموی : ئەو چوارە مەخلوقن , ئامازەو مەبەستی هەر چوار پەنجەکەی بوو نەك هەرچوار پەرتوکەکە ,

ئەوانیش وا تێگەیشتن مەبەستی چوار پەرتوکەکەیە , رزگاری بوو لەکوشتن [١٥]. مەولەوی خودای لیٚ رازی بێت لەم بارەیەوە دەفەرموێت:

ثــم الـــكــلام وصـــف أزلـــي قـــائـــم بـــذات ربـــنـــا العلى

لەبەر و دواو تەجەززی و عەدەد – لەحەرف و لەصەوت پاك و موجەررەد

وەصفێکی نەفسی و پاکیزە وقودسی –مـوناڤ سکووت ئـافەتی نـەفـسی[١٦]

( **والتكوين** ) دەرکردنی نەبوون لەنەبوونەوە بۆ بوون ( **صفة أزلية** ) سیفەتێکی ئەزەلییە بۆ زاتی خودا ( **وهو تكوينه للعالم** )ئەوەش دروست کردنیەتی بۆ جیهان ( **ولكل جزء من أجزاءه** ) وەبۆ هەموو پارچەیەك لەپارچەکانیدا ( **وقت وجوده** ) لەکاتی بوونیدا (**وهو غير المكون عندنا** ) (تەکوین غەیری جیهان و پارچەکانیەتی لای ئێمە کە ئەشعەرییە . دووئیمامی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لەگەل سیفاتی مەعانی پێشودا , هەر یەکی سیفەتێکی هەشتەمیان زیاد کردووە : شیخ ( أبوالحسن )ئەشعەری خودای لیٚ رازی بێت فەرموویەتی بەقاء سیفەتی هەشتەمە , واتە: مانەوەی هەتا هەتایی بیٚ نەبوون .

---

(٦٣) : شرح العقيدة النسفية :٨٨, ٨٩, ٩٠.

(٦٤) : عەقیدەی مرضية :٢٣٣.

## ورؤية الله تعالىجائزة في العقل وواجبة في النقل بإيجاب رؤية المؤمنين ألله تعالى في الدار الآخرة فيرى لافي مكان ولاعلى جهة من مقابلة أوإتصال شعاع أوثبوت مسافة بين الرائي وبين الله تعالى

شێخ ( أبو منصور) ی ماتوریدیش دەفەرموێت : تەكوین صیفەتی هەشتەمە كەواتەی دروست كردن وداهێنانی حەوادیثە هەركام لەكاتی خۆیدا . ئەم دوو ئیمامە هەریەكەی لەوان ئەو صیفەتەی زیادی كردووە بەصیفەتی وجودی و ثابتی دادەنێت بۆزاتی " واجب الوجود" .

بەلام زۆرتری ئەهلی سوننەت و جەماعەت هیچ كام لەم دووسیفەتانەیان بەسیفەتی وجودی دانەناوەو ووتویانەسیفەتی بەقا لەصیفەتە سەلبیەكانە واتە: (عدم الفناء) و, تەكوین لەصیفەتی ئیضافیەكانە . وەمەولەویش دەفەرموێت :

**ئەشعری فەرمووی : بەقاهەشتەمین شێخ ئەبو مونصور فەرمووی:تەكوین**

**تەكوین لەلای ئەم , بەقا لەلای ئەو وەصفی وجودین ئەمما تۆ مەشنەو**

**حەق واتە : بەقا لەسەلبی یاتە تكوین لەجوملەی ئیضافی یاتە[١٧]** .

( **ورؤیة الله تعالى** ) بینینی زاتی خودا ( **جائزة في العقل** ) دروستە لەلای عەقڵ . واتە : عەقڵ كاتێك رێگەی بدەیت حوكم نادات

---

(٦٥) : عەقیدەی مرضیة : ٢٣٧ و ٢٣٨ .

بەقەدەغـەکردنی بینـینی زاتـی خـودا مـادام بەڵگەیـە نـەبێت لەسـەر قەدەغەکردن .

( وَ واجبـة في النقـل ) چەسـپاوە و رووی داوە لەبەڵگـەی سـەمعی ( قـرآن و سـنة) ( بإيجـاب رؤيـة المـؤمنين ألله تعـالىفي دار الآخـرة ) بەپێویست گەرانی بینینی زاتی خودا بۆ موسـولمانان لـە رۆژی دواییـدا ، ( فـيرى لا في مكـان ) دەبینرێـت نەلـە جێگـەدا ( ولا علـى جهـة ) وە نـە لەهیچ روویەکەوە ، ( من مقابلـة ) نەلەبەرامبـەر ( او إتـصال شعاع ) یـا بەگەشتنی تیشك .

( أو ثبوت مسافة بين الرأي وبين الله تعالى ) یـا چەسـپاندنی مـاوەی دووری یا نزیکی لەنێوان بینەرو نێوان زاتی خودادا .

..........................................................

---

ئەهلی سـوننەت و جەماعـەت بروایان وایـە دروسـتە بینـینی زاتـی خودا بەچاو بەبەڵگەی عەقڵی و نەقلی .

## ١- بەڵگەی عەقڵی : -

بەراسـتی ئێمـە جیـسم و عــەرەض دەبیــنین لەسـەر بنـچیەی وەصـفیەتی بەبوونـەوە , ئەگـەر نـەبووبێت ناگونجێـت ببیـنی , لەبـەر ئەوەی ئیتیفاقی لەسەرە نەبوو نابینرێت , بوون هۆیە بۆ دروستی شت ، هەرشتێ دروستە بینینی وەگومان لەوەدانیە کە زاتی خـودا مـەوجودە کەوابوودروسـتە ببینـرێ ، نـاگونجێ بـۆ ئێمـە قەدەغـەی بکـەین مەگـەر کاتێـك چەسـپاو بێـت بـۆ ئێمـە بـوون هـۆ بێـت لەدروسـتی بینـینی ٬ کـە

بگونجێـت و بـەس یـا قەدەغـەبێت لـەرووی پێویـستی یـەوە وە ئەمـە دەچەسپێت , ئەوە هۆیە کەدەمێنێتەوە لەسەر گشتییەتی خۆی . ئەگەر وتیان: تام و بۆ مەوجودن بۆچی نابینرێن؟ دەڵێین: نەبینین قەدەغەنیـە لەلایـەن عەقڵـەوە , بـەڵکو خـودا لـە ئـادەمیزاد دا توانـای بینینیـانی دروست نەکردووە.(١٨)

٢ –هەنـدێك لـەخاوەن دەرکیاتـەکان(کشف) فەرموویانـە: بەراسـتی خــودا خــۆی دەردەخــات بــۆ ئــەهلی بەهەشــت دەیبیــنین لەپــەردەی صیفاتەکانیدا ، چونکە توانایان نیە خودا ببینن بەبێ پەردە.

ئیمـامی غـەزالی دەفـەرمویێت:بـێ گومـان بینـینی زاتـی خـودا جـۆرە دەرکەوتن و زانیارییەکە.(١٩)

٣–ئەگەر بینـینی خـودا دروسـت نەبوایـە بـۆ چـی حـەزرەتی مووسـا لەکاتی خۆیدا لەسەر کێوی طور داوای لەخوداکرد و فەرمووی : ﴿ربي أرني أنظر إليك ﴾ ئاخۆ خودای گەورە لەوەڵامی مووسـا فەمووی : ﴿ لن أريك ﴾ واتە : هەرگیز خۆمت پیشان نادەم ؟یا فـەرمووی ﴿ لن أرى ﴾ واتـە: هـەگیرز نـابینرێم ؟ نـەخێر خـودا هـیچ کـام لەمانـەی نەفـەرموو, بەڵکو بە ﴿ لن تراني ﴾ سورەتی الاعراف ئایە ١٤٣ .

وەڵامـی دایـەوە ,واتـە تـۆ بـەم بـارودۆخو شـێوەی مـاددی یـەوە مـن نابینی , راوەستە

.........................................................

(٦٦) : شرح العقيدة النسفية : ٩٧ .

(٦٧) : شرح العقائد :١٣٠

بازیندوو بوونەوەی دوارۆژ بێتە بێشەوە و بەئەمری من خەلاتی مانەوە و نەمریت بۆ بنێرێت ئەو کاتە دەمبینی.[٢٠]

٤- خودا دەفەرموێت ﴿وجوه يومئذ ناضرة إلى ربها ناظرة﴾[٢١] واتە لەو ڕۆژە چەند روویەك زۆر جوانن و بۆ زاتی خودای خۆیان دەروانن . لەم ئایەتە وە دەردەكەوێت كەموسوڵمانان لەرۆژی دووایيدا رووخۆش و دلشاد دەبن و بەچاو پێكەوتنی خودا بەهرەمەند دەبن .

٥- خودا دەفەرمێت لەحەقی كافراندا :﴿كلا إنهم عن ربهم يومئذ لمحجوبون﴾[٢٢] واتە: ئەوكەسانەی لەرۆژی قیامەت دا لەدیتنی خودا بێبەش و مەحجوبن و لەو بەشە گەورەدا بارەیان نیە .

٦- پێغەمبەر فەرموی بەهاورێكانی :" إنكم سترون ربكم كما ترون القمر ليلة البدر [٢٣]" واتە: ئێوە لەمەو دوا - لەپاشەرۆژدا خودای خۆتان بەچاو دەبینین وەك چۆن ئێوە مانگ لەشەوی چواردەدا دەبینن .

بە پێچەوانەی موعتەزیلە وە كە دەڵێن : بینینی زاتی خودا قەدەغەیە , دەڵێن خودا دەفەرموێت ﴿ ربِّ أرني أنظر إليك قال لن تراني ولكن أنْظُر إلى الجبل فإن استقر مكانه فسوف تراني ﴾[٢٤] واتە

---

(٦٨) : عقيدة مرضية :٢٦٧ .

(٦٩) : سورة القيامة : ٢٣ .

(٧٠) : سورة المتطفين : ١٥ .

(٧١) : رواه البخاري.

(٧٢) :سورة الأعراف:١٤٣

حەزرەتی مووسا وتی : ئەی خودایە خۆتم نیشان بدە با بۆت بروانم , وەخودا فەرمووی : تۆ بەهیچ شێوەیەك لەم نەشئەدا من نابینی بەلام من دەمەوێت بۆ ئەوە حاڵی ببی کە نەبینینەکەی تۆ بۆ من لەسەر بێ لوتفی من نیە بەڵکو لەسەر ئەوەیە کە وێنەی تۆ لەماددەی مەخلوقاتی ئەو جیهانە تاقەتی ئەوەیان نیە , بروانە بۆ ئەم کێوە من پرتەوی زاتی خۆمی بۆ دەنوێنم جا ئەگەر لەبەر پرتەوی ئەنواری زاتی من دا ئارامی گرت و مایەوە ئەوە تۆیش لەپاش ئەوە دەمبینی .

........................................................

١= دەڵێن :ووشەی(لن) بۆ دووپات کردنەوەی نەفی لەمەو دوایە و هەتا هەتاییە .

٢- خودا دروستی بینینی خۆی بەستوە بە جوڵە نەکردنی کێوەکە.

**وەلام :**

١ – ووشەی (لن ) بۆ نەفی هەتا هەتایی نیە , ئەگەر وا بوایەخودا نەی دەفەرموو لەبارەی جوڵەکەکانەوە:﴿ ولن يتمنوه أبداً﴾[٢٥]واتە: هەرلەئیستەوە تا دێر زەمان داوای مردن ناکەن .

لەگەل ئەوەی قورئان باسی دەکات ئاوات دەخوازن بمرن لەرۆژی دواییدا کاتێك دەرۆنە ناو دۆزەخەوە :﴿ يا مالك ليقض علينا ربك

---

(٧٣) : سورة البقرة : ٩٥ .

﴾[٢٦]واته : ئەی مالیك داوا لەخودای خۆت بکە بافەرمانی لەناوبردنی هەمیشەیی بدا و لەم سزایە رزگاربین .

وەفەرمودەی : ﴿ یالیتها کانت القاضیة ﴾[٢٧]واته : خۆزگە ئەو مردنە کەمردم هەرئەوە بوایەو ئیتر دوای ئەوە زیندوو نەکرایەمەوە.

٣- جوڵە نەکردنی کێوەکان مەبەست نیە لەزاهیری ئایەتەکەدا.

مەحوی شاعیرش دەفەرموێ و ئیسباتی بینین دەکات بۆ حەزرەتی محمد (صلی الله علیه و سلم ) :

کەلیم ( ارنی ) کە فەرموو هەر جوابی ( لن ترانی) ی دی

موشەرەف بۆ موحەممەد بێ طەلەب بەو مەرتەبە و شانە

عوروجی عیسەوی ئاسمان و شەمسی عالەم بو

عوروجی ئەحمەدی تا ( لامکان) و شەمسی جانانە [٢٨].

## وألله تعالى لأفعال العباد من الكفر والآيمان والطاعة والعصيان وهي كلها بإرادته ومشيئته وحكمه وقضيته وتقديره

( **وألله تعالى خالق لأفعال العباد** ) خودای گەورە دروستکارە بۆ کرداری بەندەکانی لەفریشتەو ئادەمیزادو پەری و گیاندارانی تر , دروست کاری تریان نیە جگە لەزاتی خودا ئەمە مەزهەبی هاوڕێکانی

(٧٤) : سورة الزخرق :٧٧

(٧٥) :سورة الحاقة : ٢٧

(٧٦) : دیوانی مەحوی لاپەڕە ٤٣٤ .

**پێغەمبەرە** (درودی خوای لە سەر بێت) . ( **من الكفر والآيمان والطاعة والعصيان** ) لە کوفرو ئیمان وگوێرایەلی کردن "طاعة " و بێگوێیی . ( **وهي بإرادته ومشيئته ,** ) کرداری بەندەکان هەمووی بەخواستی خودایە , ( **وحكمه** ) بەفەرمانی بوون لە لایەن زاتی خوداوەیە ( وقضيته ) بەقەزای خودایە , ( **وتقديره** ) بەدیاری کردنی , هەموو دروستکراوێکی بەدیاری کردنی خۆی کەدەست دەکەوێت لەجوانی و ناشیرینی و قازانجو زیان وەئەوەی چوار دەوری داوە لەکات و جێگاوە ئەوەی دەچێتە سەر ی لەپاداشت و تۆڵە .

جەبرییە دەڵێن : مرۆڤ زۆر لێکراوە بەکردەوەکانی لەهەستان و دانیشتن و رۆیشتن و عیبادەتو جگە لەمانەش ئارەزووی بۆ نیە هەموو ئەمرێك دەگەرێتەوە بۆ خواستی خودا لە هەموو کرداری مرۆڤدا . بەڵگەش دێننەوە بەفەرمودەی خودا : ﴿ هو الذي يصوركم في الارحام كيف يشاء ﴾ [29] واتە : ئەو خودا خودایەکی وایە تەصویر تان دەکات و پەیکەردارتان دەکات لەناو مندالداندا لەناو سکی دایکدا هەر چۆنێك خواستی هەبێت , جوان بێت یان ناشیرین . وەهەروەها خودا دەفەرموێت : ﴿ وربك يخلق مايشاء ويختار ماكان له الخيرة..﴾ [30] واتە : خودای تۆ دروستت دەکاو ئیجادت دەکات ئەوەی خواستی خۆی بێت و هەڵدەبژێرێت ئەوەی بیەوێت بیکات ,وەهەرگیز نەبووەو نابێت بۆکەسێ لە پەری و ئادەمیزاد و فریشتە ماف هەڵبژاردن بەسەر خودادا بدەن .

---

(٧٧) : سورة ال العمران : ٦

(٧٨) :سورة القصص : ٦٣

وەلاّم دەدرێتەوە لەسەری : بەراستی ئەم رایە سەر دەكێشێت بۆ وەستانی هەموو رووڵێنانێكی شەرعی لەبەر ئەوەی تیۆری (إجبار) زۆر لێكردن دژایەتی دەكات و كۆ نابێتەوە لەگەل ( تكلیف ) ڕووڵێنان .

.........................................................

---

وەموعتەزیلە دەڵێن :بەراستی مرۆڤ خۆی دروستكارو بەدی هێنەرە بۆ كردەوەكانی , ناچار بوون لەبەر ئەو قسەیە خۆیان پاراستوە لەوەی خراپەكاری نیسبەت بدەن بۆ لای خودا . لەبەر ئەوەی بیروباوەڕیان دامەزراوە لەسەر ئەوەی كرداری چاك بۆ بەندە پێویستە لەسەر خودا .

وەبەڵگەیان هێناوەتەوە لەسەریان بەمانەی خوارەوە:-

١ - ئەگەركرداری بەندە دروستكراو بێت بۆ زاتی خودا رووی نەهیچ بەندەیەكی نەدەنا

٢ - ئەگەر خودا دروستكاربێت بۆ كرداری بەندەكانی ئەوە خودا دەوەستێت و دادەنیشێت و دەخوات و زینا دەكات و دزی دەكات و جگە لەمانەش پەنا بە خودا .

٣- خودا دەفەرموێت بەحەزرەتی عیسا﴿ وإذ تخلق من الطين كهيئة الطير﴾ [٣١] واتە : باسی ئەو كاتە بكە كە هەیكەل و قەوارەت دروست دەكرد لەقور وەكو هەیكەلی پەلەوەر . نیسبەتی زاتی دروست كردن بۆ لای عیسا ئەوەبەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو بەندە كرداری خۆی دروست دەكات .

---

(٧٩) : سورة المائدة : ١١٠

٤- خودا دەفەرموێت :﴿ فتبارك الله أحسن الخالقين﴾ [٣٢] ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لێرەدا دروستکار هەیە جگە لەخودا گەر وانەبوایە نەی دەفەرمووـ( أحسن الخالقين) .

**باوەڕی ئەهلی و سوننەت و جەماعەت وایە : بەراستی ئەو کردارانەی دروست دەبێت لەجیهان دابەش دەکرێت بە دووبەشەوە .**

**بەشی یەکەم** : ئەو کردەوانەی بەهۆی بەندەوە پەیدا نابێت وەك باران و جولانەوەی فەلەك و سەوزبوونی گژو گیا وەزاڵ بوونی خەو و نەخۆشی و هەژاری و تەندروستی لێدانی دڵ و زیرەکی و تەمەڵی ...ئەمە تەنگو چەلەمەی تێدانیە بەدانان و دروست کردنی خودایەو ئارەزووی مرۆڤی تێدانیە لەروودانیدا , ئەوەمەبەست بەقەزاو قەدەرە خێر بێت یان شەر .

................................................................

**بەشی دووەم** : ئەوەیە بوون لەدروستکردنی ئەو کارانەدا دەست گیر ببێت بۆ ئادەمیزاد وەهەوڵدان و ئارەزوو بێت وەك خواردن وخواردنەوەو هەستان و .... ئەم کردارانە دروستکراوی خودان لەرووی زاتی کردارەکاندا نەك لەرووی سیفاتەکانیدا . لەرووی زاتەوە ئەوە خودا دروستی کردووە لەئادەمیزاددا هەوڵ دان بۆ ئەو کردارانە , عەقڵی بەخشیوە و دروستی کردووە بۆ ئەوەی ڕێنمایی بکات وەدروستی کردووە تیایدا تواناو شیاوی بۆ دروستکردنی , ئەوەندە هەیە خودا دروستی دەکات دووای ئەوەی ئادەمیزادەکە نیازی ئەو

---

(٨٠) : سورة المؤمنون : ١٤

کاره دەکات و رووی لێدەکات . وەئەو کرداره لەرووی وەصفەوه ئەوەیە ئەو کرداره جوانە یان ناشیرنە ئەوه جێگەی گەرانەوەیە بۆ پەسەند کردنی ئەو ئادەمیزادەو خواست و کەسب و پەیدا کردنی .

قابیلیەت و گەران بۆئامادەکردنی ئەم دووانە خوازراوه لەو ئادەمیزادا کەدەگونجێن بۆ روودانی کردارێك . کەپاداشتی تیا بێت یا تۆلەی تیادا بێت . وەهەلبژاردنی یەکێك لەدووکرداره جێگای گەرانەوەیە بۆ خواستی ئەم ئینسانە لەبەر ئەمەیە خودا دەفەرموێت:﴿ لها ماكسبت ﴾ لە چاکە ﴿ وعليها ما اكتسبت ﴾[٣٣] لەخراپە.

ئا ئەم بەشە لەم کردارانەدا بۆی هەیە دووروانین پەیدا بوونی بەهۆی مومکین بونی لەلایەن زاتی خوداوەبوو ناودەبرێت بەدروستکراوی خودا . وەبوونی ئەو کرداره بەئارەزووی ئەو ئادەمیزادە بوو ئەوه ناو دەبرێت بەکەسب( أكتساب) بۆی [٣٤] .

ئەصلی [illegible]شوم لەشەش ئەصلی ئیمان کە ئیمان و باوەڕ بەقەزاو قەدەره قەزا لای زانایانی ئەشعەری بریتیە لەئیرادەو خواستی ئەزەلی خودا کەپەیوەندە بەشتەکانەوه بەو حال و جۆره لەپاشەرۆژدا لە( مالايزال)دا لەسەری دەبن . قەدەریش بریتییە لەئیجادو دروستکردنی خودا بۆ ئەو شتانە هەریەك لەکات و وادەی خۆیدا لەسەر ئەو ئەندازه

---

(٨١) : سورةالبقرة : ٢٨٦

(٨٢) : شرح العقيدة النسفية: ١٠٥

که بریاری داوه و لەسەر ئەو حالْ و صیفەتانە کەخواستی خۆی دیاری کردوون [٣٥].

## وللعبـــاد أفعـــال إختياريـــة يثـــابون بهـــا ويعـــاقبون عليهـــا , والحسن منها برضاءِ الله تعالى . والقبيح منها ليس برضائه

---

مەبەست لەباوەڕکردن بە قەزاو قەدەر ئەوەیە :—

١- بەراســـت زانـــین کـــەبێگومان زاتـــی خـــودا زانایـــە بەهـــەموو دروســـتکراوەکانی لەئەزەلـدا, وەئـەوەیش پەیوەنـدی دەبەسـتێت لەمـەو دوا .

٢- بەراسـت زانـین کـەبێگومان هـەموو دروسـت کراوەکـانی خـودا لەنەبوونـەوە بۆ بوون بەخواستی خودایـەو ڕێکـی عیلمـی ئـەزەلی زاتـی خودایە .[٣٦]

مامۆستا مەلا عبدالکریم دەفەرموێت :ئیمان بەقـەزاو قـەدەر ئەوەیـە بـاوەڕت بـبیٚ هەرچـی لـەم جیهانـە دا پەیـدا دەبێـت خـودا لەئەزەلـدا زانیویەتی وەخواستی کردووە لەکاتی پەیـدابوونی دا بـەقودرەتی خـودا پەیدا دەبێت وەلەگەل ئەمەدا لەکارو فەرمانی ئیختیاریـدا وەکودانیـشتن و ڕۆیـشتن و وێنـەی ئەمانـە بەنـدە ئیختیـارو کەسـبی هەیـە وەتـەئـثیری خودا شوێن کەوتـەی ئیختیاری بەندەیـە واتـە: بەنـدە چۆن ئیختییـاری

---

(٨٣) : عقیدەی مرضیة : ٦٧٥ .

(٨٤) : أصول الدین الإسلامي :١/١٦٣ .

ببێت خودا وای دروست دەکات وەخودا رازیە بەکەسبی خێر وەنارازیە بەشەر [٣٧]

( وللعباد افعال اختيارية ) بۆ بەندەكان هەيە كردارە سەرپشك كراوەكان لەلايەن خۆيەوە بە بێ زۆر لێ كردن (يثابون بها) پاداشت دەدرێتەوە بەهۆی ئەو كردەوە ئەگەر گوێ رايەڵی خودا بوون (ويعاقبون عليها)وەسزايان دەدرێت ئەگەر بێ گوێی خودا بوون .

( والحسن منها) ئەو كردارە چاكەيە لە كرداری بەندەكان دا كە پەيوەندی دەبەستێت پێيەوە ستايش لە دنيادا و پاداشت لە دوا رۆژ دا (برضاء الله تعالى ) بەرەزاو خواستی خودا دەبێت.

( والقبيح منها ) ئەو كردارە ناشيرينيە لە كرداری بەندەكاندا كە پەيوەندی دەبەستێت پێيەوە زەم لە دنيا و سزا لە دوارۆژدا . ( ليس برضاءه ) بە رەزاو خواستی خودا نييە .

## والإستطاعة مع الفعل وهي حقيقة القدرة التي يكون بها الفعل

لەبەر ئەوەيە رەخنەی لەسەرە ، خودا دەفەرموێت :﴿ولا يرضى لعباده الكفر﴾ [٣٨] واتە: خودا رازی نىيە بە كوفر بۆ بەندەكانی .

كرداری ئيختياری بەندەكان نيسبەت دەدرێت بۆ زاتی خودا لە رووی دروست كردنەوە وە بۆ بەندەكە لە رووی كەسب و "اكتساب"ەوە.

زانيمان كە بەندەكان جێگای پو ولێ نانی خودان لەبەر ئەوەيە پاداشتيان دەدرێتەوەو تۆڵەيان لێ دەستێنرێتەوە .وەبەڵگە لەسەر

(٨٥) : سەرچاوەی ئايين : ٧١ .

(٨٦) :سورة الزمر :٧ .

ئیختیاری بەندەکان لە کرداردا خودای تەعالا دەفەرموێت:﴿فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر﴾[39] واتە: هەر کەس خواستی ئیمان هێنانە با ئیمانی بێنێ و هەر کەسێ خواستی لەسەر کوفر و بێ ئیمانییە با کافر بێت .

وە بەڵگە لەسەر پاداشت و تۆڵە سەندنەوە لەسەر کرداری بەندەکان خودای گەورە دەفەرموێت:﴿جزاء بما كانوا يعملون﴾[40]واتە: پاداشتی خێری ئەو کردەوانەی کە دەیان کرد ... .

( **والإستطاعة مع الفعل** ) هیزو توانا لەگەڵ کردار دایە ( **وهي حقيقة القدرة التي يكون بها الفعل** ) هێزو تواناوراستی حەقیقەتی توانایە کە بەهۆی ئەو تواناوەکرداری بەندەدەبێت . خاوەنی "تبصره" کە یەکێکە لە زانا گەورەکانی حەنەفی دەڵێت:(انها عرض يخلقه الله تعالى في الحيوان يفعل به الأفعال الأختيارية وهي علة للفعل ) هێزو توانا پەیدابووە خودا لەحەیوانات دروستی دەکات , بەهۆی ئەو هێزەپەیدابووەوە کردارە ئیختیاریەکان دەکات وەهۆیشە بۆ کردارەکان , وەجمهور لەسەر ئەوەن دەڵێن :( أنها شرط لإداء الفعل لا علة ) هێزو توانا مەرجە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو کردارە نەك هۆ وەئەو هێزو توانایە ( إستطاعة ت) خودا دروستی دەکات لەبەندەدا لەکاتی نیازکردنی کەسبی ئەو کردارە لەپاش بێگەردی هۆکان و ئالەتەکان ئەگەر بەندە کە لە نیازی چاکەی کرد خوا هیزی کردنی چاکەی تیادا

---

(٨٧) : سورة الكهف :٢٩.

(٨٨) : سورة السجدة :١٧ .

دروست دەكات , وە ئەگەر نیازی خراپەی كرد خودا هێزی كردنی خراپەی تیادا دروست دەكات.

**ويقع هذا الاسم على سلامة الآسباب والالات والجوارح . وصحة التكليف تعتمد على هذه الآستطاعه ولايكلف العبد بما ليس له في وسعه , ومايوجد الآلم في المضروب عقب ضرب إنسان والآنكسار في الزجاج عقب كسر إنسان وما أشبهه وكل ذلك مخلوق لله تعالى لا صُنع للعبد في تخليقه. والمقتول ميت بأجله , والموت قائم بالميت مخلوق لله تعالىلا صنع للعبد في تخليقاً وَ لا إكتساباً**

---

( **ويقع هذا الاسم** ) ئەم ووشەی " إستطاعة " لەیرەدا بە سەر ئەو بەشەدا پێناسە دەكرێت ( **على سلامة الآسباب** ) كە دەچێتە سەر " إستطاعة" بێ گەرد بێت هۆكانی ئەو كردارە ( **والالات**) وەئالەتەكانی و ئەم ئالەتە هۆیە لەنێوان ئیش و كارو ئیش تیا كراو ( **والجروح**) وەسەلامەتی ئەندامەكانی[41] ( **وصحة التكليف**) دروستی روولی نانی خودا لەبەندەكانی ( **تعتمد على هذه الإستطاعة** ) پشت دەبەستێ لەسەر ئەو " إستطاعة" یە واتە:ساغ و بێ گەردی ئەسباب ئالاتەكانی ( **ولايكلف العبد بما ليس في وسعه** ) روو لەبەندەنانرێت بەوەی كەلە توانایدا نەبێت ، وەك خودا دەفەرموێت : ﴿ **لايكلف الله نفسا إلا**

---

(٨٩) : شرح رمضان افندي : ٢٠٠ و٢٠٥ وشرح العقائد النسفية: ١٤٦ –١٦٣ .

وسعها﴾ (٤٢) خودا تەكليف ناكات لەهيچ نەفسێك ئيلا لەو كردەوانەی كەوان لەتاقەتياو دەتوانێت بەجێيان بێنێت يا نەيكات.

( **وما يوجد من الألم في المضروب عقب ضرب إنسان** ) ئەوەی دەست دەكەوێت لەئازار لە لێكدراوەكەدا پاش لێدانی ئادەميزادێك ( **والإنكسار في الزجاج عقب كسرِ إنسان** ) وەقبول كردنی شكاندن لەو شوشەدا پاش شكاندنی ئەو شوشەيە لەلايەن ئادەميزادێك _ ( **وما أشبهَهُ** ) ئەوەش وەك ئەو وابێت وەك مردن پاش كوشتن , ( **كل ذلك مخلوق لله تعالى**) هەموو ئەمانە دروستكراوو پاشماوەی كرداری زاتی خودان ( **لاصُنع للعبد في تخليقة**) پيشەی بەندە نييە لەدروستكردنيدا.

( **والمقتول ميت بأجله** ) كوژراو دەمرێت لەوكاتەدا دياری كراوە بۆ مردنی ( **والموت قائم بالميت** ) مردن دەوەستێت بەو مردووەوە, ( **مخلوق لله تعالىلا صنع للعبد تخليقا ولا إكتساباً** ) دروستكراوی خودايە دروستكردنی بەندە نيە لەمردندا نە لە رووی

**والآجل واحد**

---

دروستكردنەوە وەنە لەرووی دەزگير ( إكتساب) ەوە, بنچيەی بونی مردن كەوەستاوە بەمردووەوە لەسەر ئەوەيە كەمردن "وجودي" يە بە فەرموودەی خودا ﴿خلق الموت والحياة﴾ (٤٣)• خودا دروستی كردووە

---

(٩٠) : سورة البقرة :٢٨٦ .

(٩١) : سورة الملك:٢ .

مـردن و ژيـان . وەزۆربـەی ئـەهلی سـوننەت لەسـەر ئـەوەن کـەمردن " عدمي" يە و نەبووە لەدەرەوە وەنەوەستاوە بەمردووەوە.

( **والاجل واحـد** ) ئەو کاتـەی کـە دیـاری کـراوە بـۆ مـردن يەکێکە . ئەهلی سوننەو جەماعەت لەسەر ئەوەن کەئەجەل يەکێکە نەدوادەکەوێت و نەپێش دەکەوێت , وەبەرگری نيە لەجياوازی هۆکانی مردندا .

بەراسـتی کـوژراو دەمرێـت بـەو کاتـە دیـاری کـراوەی , وەئەگـەر بکوژەکەيش نەبێت دروستە لەو کاتەدا بمرێت . بەراستی خودا مـردن و ژيانی دروست کردووە لەکوژراوەکەدا نەك بکوژ .

وەبەڵگەيان هێناوەتەوە بەمانە:

١ – خـودا دەفـەرموێت ﴿ فـاذا جـاء أجلهم لا يستأخرون سـاعة ولا يستقدمون﴾[٤٤] واتـە: کاتێـك ئەجـەليان هـات نـەدوا دەخرێـت نـەپێش دەخرێت سەعاتێك .

٢– خـودا دەفـەرموێت :﴿ ولـن يؤخر الله نفسا إذا جـاء أجلها ﴾[٤٥] واتە: کەسیێ ئاکامی هات ئیتر خودا هـيچ مۆڵـەتی نـاداو مردنەکـەی دوا ناخات.

---

(٩٢) : سورة اعراف ٣٤ .

(٩٣) :سورة المنافقون :١١

٣ – خودا دەفەرموێت:﴿ الله يتوفى الأنفس حين موتها ﴾[٤٦] واتە: خودا گیانی گیانلەبەر وەردەگرێت پەیوەندی دەبرێت لەلەش لە ئاسکرا و پەنامەکیدا لەکاتی مردنی ئەواندا.

.................................................

---

کەعبی کە یەکێکە لە زاناکانی موعتەزیلە دەڵێت : بەراستی کوژراو دووکاتی دیاری کراوی بۆ مردن هەیە :

یەکەم : کوشتن .

دووەم : مردن بێ گومان بکوژ ئاکامی کۆتایی پێدێنێت .

وەئەگەر ئەو بکوژە نەیکوشتایە دەژیا تاکاتێکی تر کە ئەویش – مردنەکەیە– بەراستی بکوژەکە مردنی دروستکردووە لەکوژراوەکەدا , لەبەر ئەوەی لە لایەنی ئەوەوە مردنەکە رووی داوە بەئارەزووی .

**وەئەم بەلگانە دێنێتەوە :-**

١ – ئەو دەقانەی کەهاتوون لەوەی هەندێك طاعەت تەمەن زیاد دەکات , وەك فەرموودەی خودا کەدەیگێرێتەوە لەحەزرەتی نوحەوە : ﴿ أن اعبدوا الله واتقوه وأطيعوني يغفر لكم من ذنوبكم ويؤخركم الى أجل مسمى ﴾[٤٧] واتە: بەندەیی بۆ خودابکەن و لەخودا بترسن و

---

(٩٤) : سورة الزمر :٤٢

(٩٥) : سورة نوح :٣

فەرمانبەرداری من بکەن , خودا لەگوناهەکانتان خۆش دەبێت وتاوانتان دەبەخشێت و لەناوبردنتان دوا دەخات بۆ کاتێکی ناوبراو.

٢ – پێغەمبەر(درودی خودای لە سەر بێت ) دەفەرموێت : ( من أحب أن يبسط عليه في رزقه وينسأ له في أثره فليصل رحمه ) [٤٨]واتە : هەرکەس پێی خۆشە کەرزق و رۆزی زیاد بێت وەکاتی مردنی دوا بخرێت .

بادیدەنی خزم و کەس و کاری بکات . هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی بۆ هەموو ئادەمیزادێك دووکاتی مردنی هەیە , ئەگەر وانەبووایە ڕێتێچونی زیادو کەمی نەدەبوو.

وەبەڵگەش دێننەوە بەوەی : بەراستی بکوژەکە ئەگەر کاتی مردنی کوژراوە کەکۆتایی پێنەهێنێت شیاو نەدەبوو بۆ سزا لەبەر ئەوەی مردووە کوژراوەکە مردووە بەکاتی مردنی خۆی .

.............................................................

**وەڵام دراوەتەوە لەبەڵگەی یەکەم : زیادەی تەمەن چەند ئیحتمالاتێکی هەیە :**

١- مەبەست بەزیادەی تەمەن مەجازییە واتە فەرو بەرەکەت دەخاتە تەمەنی بەشێوەیەك چەند کردارو بەرهەمێك ئەنجام دەدات کەناتوانێت تەمەن درێژێك بەئەنجامی بهێنێت . کاردەکات لەو تەمەنەی کەپەنجا ساڵە لەوەی کە لە سەد سالدا بکرێت .

---

(٩٦) : رواه المسلم.

٢- بەراستی خودا نوسیویەتی ـە ( لوح المحفوظ) دا , تەمەنی فلأنە کەس چل ساڵە خودا دەزانیٚ لە پاشا دیدەنی خزمێکی دەکات یا خێر دەکات دەبێت بەشەست ساڵ – دوای دەخات بۆشەصت ساڵ ئەوە مەبەستە بە فەرموودەی خودا : ﴿یمحو الله ما یشاء ویثبت وعنده أم الکتاب﴾(٤٩) خودا هەرکیتابیٚ ویستی لای بباو کاری پێنەکرێت لای دەبا وەهەر کیتابیٚ خواستی وابیٚ دەوامی پیٚ بدات دەوامی پیٚ دەدات , وەسەرچاوەی هەموو کتێبەکانی لایە کەناوی ( لوح المحفوظ) ە و هەموو کیتابەکان لەناوی دا نوسراون .

٣- باس کردنی بەچاکە لەدوای مردنی وەك نەمردبێت وایە .

وەلأمیش بۆ بەڵگەی دووەمیان :

ئەو پیاوە بکوژە شیاوی سزایە نەك لەبەر ئەوەی مردنی دروست کردووە لەکوژراوەکە بەڵکو لەبەر ئەوەی تاوانێکی کردووە . ئێمە بروامان وایە کە خودا مردن دروست دەکات لەکوژراوەکە وەئەو مردنە پەیدا نابێت لەکوشتنی بکوژەکەوە ، لەفەرموودەی خودا : ﴿ خلق الموت والحیاة ﴾ خودا مردن و ژیانی دروست کردووە . ئەو ئەلف ولامەکە بەسەر ووشەی ( الموت ) وەیە بۆ ئیستیغراقە هەموو جۆرە مردنێك داگیر دەکات هەچەند جیاواز بێت هۆکارەکانی .

## والحـرام رزق وکـل یـستوفی رزق نفـسه حـلالا کـان أو حرامـا ولایتصور أن لایأکل انسان رزقه أو یأکل غیره رزقه

---

(٩٧) : سورة الرعد :٣٩ .

( **والحــرام رزق** ) حــەرام واتــە: ئــەو مالــەی لەرێگــەی شــەرعیەوە دەســت نەکــەوێت , ڕۆزییــە ( **وكــل يــستوفيَ رزق نفــسه** ) هــەموو یــەکێك لەئادەمیزاد ڕۆزی خۆی وەردەگرێت بەتەواوی ( **حــلالا كــان أو حرامــا**) ئەو رزق و ڕۆزیە حەرام بێت یان حەلال . ( **ولايتـصور أن لايـأكل انـسان رزقه** ) ناگونجێت ئادەمیزاد ڕۆزی خۆی نەخوات ( **أو يـأكل غـيره رزقــه** ) یـا جگـە لـەو ئـادەمیزادە کەسـێکی تـر ڕۆزیەکـەی بخـوات واتـە : ئـەو بەشـەی کـە خـودا بـۆی دیـاری کـردووە نـە کـەس دەتوانێـت بیخـوات نـە ئەویش دەتوانێت بەشی کەسی تر بخوات .

**لای موعتەزیلەکان:مالی حـەرام ڕۆزی نیە،لەبـەر ئـەوەی تەفـسیری ڕۆزیـان کردووە بە دووشێوە :**

**١ – ( مملوك ) بوو بەمولك وەخاوەنەکەی دەیخوات لەسەر ئەمە:**

**٢– حـەرام موڵـك نیـەو ڕۆزیـش نیـە.ب– ڕۆزی قەدەغـە نیـە سـوود وەرگرتن لێ ی . حەرام قەدەغەیە سوود وەرگرتن لـێ ی کەوابوو حـەرام نابێت بەڕۆزی .**

**وەهەروەها ئەم مەزهەبە ئەم دوو خاڵەی ترش ئاماژەی پێ دەدەن و دەڵێن :**

**أ- رزق وڕۆزی فە دەکرێت بۆ لای خودا . ڕۆزی دەر نیـە جگـە لەخودا وەحەرام شتێکی ناشیرینە نابێت بەڕۆزی تا نیسبەت بدرێت بۆ لای خودا.**

**ب –بەنــدە توشــی لۆمــە دەبێــت بــەخواردنی حــەرام . وە ڕۆزی نیــسبەت دراوە بــۆ لای خــودا وەئەگــەر حــەرام ڕۆزی بووایــە ئــەوەی دەیخوارد نەدەبوو لۆمە بکرێت سزا بدرێت لەسەری لەبەر ئەوەی ڕۆزی نیسبەت دەدرێت بۆ لای خودا .**

ئەهلی سوننەت بروایان وایە کەرزق و رۆزی حەرام و حەلال دەبێت . لەبەر ئەوەی تەفسیری رزقیان کردووە بەوەی کەناوە بۆ ئەو شتە کە خودا ناردوویەتی بۆ گیاندارو دەیخوات .

وەلآمی موعتەزیلەشیان بۆ رزق و رۆزی بەمانەی خوارەوە داوەتەوە :-

١ – موعتەزیلە دەلێن : رزق مولکە بۆ ئەوەی دەیخوات . دەبوایە گیاندار روزی نەبوایە لەبەر ئەوەی خاوەن نیە بۆ ئەوەی دەیخوات , وەروزۆیش دراوە وەئەوەش دەیخوات رزقە .

**والله تعالى يضل من يشاء ويهدي من يشاء و ما هو الأصلح للعبد فليس بواجب على الله تعالى**

---

٢– بەپێویست دەگەرێت لەسەرموعتەزیلە کەسێك ماوەیەکی زۆر ژیاو مرد وەمالی حەلالی نەخوارد ئەوەخودا رۆزی نەداوە , ئەمەش بەتالە بەفەرموودەی خوا

﴿ وما من دابة إلا على الله رزقها﴾(٥٠) واتە: هیچ گیانلەبەرێك نیە بروات بەسەر زەویدا ئیلا ژیواری لەسەر خودایە .

گیاندارو ئەوەی حەرام دەخوات هەردووکیان بەشدارن لەگشتیەتی ئەم ئایەتەدا , وەهەردووکیان رۆزی دراون

٣ – ناشیرن نیە کرداری هیچ شتێك کەنیسبەت بدرێت بۆ لای خودا , لەبەر ئەوەی خودا ئیش و کاری بەئارەزووەو هەرشتێك ئارەزووی بێت دەیکات , وەجوان و ناشیرینی کار بۆ ئیش کەرەکەیە

---

(٩٨) : سورة الهود : ٦

نەك بۆ زاتی خودایە, کەوابوو زیانی نیە نیسبەتدانی ریزقی حەرام بۆ لای خودا .

٤- ئەوکەسەی رۆزی حەرام دەخوات شیاوی لۆمەو سزایە . لەبەر ئەوەیە کاری خراپی کردووە بەئارەزووی خۆی لەبەرئەو خراپە لۆمەو سزادەدرێت نەك لەبەر ئەوەی رۆزیەکە حەرامە(٥١) .

( **والله تعالى يضل من يشاء** ) خودا دای دەنێت و پەیدای دەکات گومرایی لەکەسێك دا خودا بیەوێت گومرایی بکات ( **ويهدي من يشاء** ) وەدەست دەکەوێت هیدایەت بۆ کەسێك بیەوێت هیدایەتی بدات . بەراستی خودا گومرایی دروست دەکات لەئادەمیزاددا لەدوای ئەوەی ئادەمیزادەکە نیازی گومرایی کرد لەهۆکانی گومرایی و رووی تێکرد . وە خودا هیدایەت دروست دەکات لەئادەمیزاددا لەدوای ئەوەی ئادەمیزادەکە نیازی هیدایەتی کرد لەهۆکانی هیدایەت و رووی تێکرد .

( **وما هو الأصلح للعبد** ) ئەوەی چاکتر ( اصلح) بێت بۆ بەندە( **فليس بواجب على الله تعالى** ) لەسەر خودا پێویست نیە .

........................................................

---

ئەهلی سوننە بروایان وایە کەواجب نیە لەسەر زاتی خودا شتێك لەو شتانە , لەبەر ئەوەی ( وجوب) پێویست حوکمێکە لەحوکمەکان , وەحوکم بەشەرع نەبێت نابێت وەحوکم بەسەر خوداوە نیە وەحاکم نیە بەسەریەوە وپێویست نیە هیچ شتێك بەسەرزاتی خوداوە .

---

(٩٩) : شرح العقيدةالنسفية: ١١٩ –١٢٠ و شرح العقائد: ١٧٠ –١٧٢ .

## بەشـــی سێهــەم :

## لە چۆنییەتی دوارۆژدا : ئەمانەی لە خۆ گرتووە :

( ١ ) پرسیاری گۆڕ و سزا و خۆشی .

( ٢ ) زیندووبوونەوە .

( ٣ ) کیشانە و ترازو .

( ٤ ) بەخشینی نامەی کردەوەکان .

( ٥ ) پرسیاری مەحشەر .

( ٦ ) حەوزی کەوسەر .

( ٧ ) پرد ( صراط ) .

( ٨ ) بەهەشت و دۆزەخ .

( ٩ ) گوناهی گەورە مسوڵمان ناهێڵێتەوە بە هەمیشەیی لە ئاگردا .

( ١٠ ) خۆش بوون لە گوناە جگە هاوەڵدان بۆ خودا .

( ١١ ) ئیماندار بە هەمیشەیی نامێنێتەوە لە ئاگر .

## وعـذاب القـبر للكـافرين ولـبعض عـصاة المـؤمنين وتنعـيم أهـل الطاعة في القـبر بمـا يعلمـه الله ويريـده وسؤال منكـر ونكـير ثـابـت بـالدلائل السمعية

**(وعذاب القبر للكافرين ولبعض عصاة المؤمنين )** سزاى ناو گۆڕ هەيە بۆ كافرو هەندێك لە گوناهبارانى باوەڕدار كەمردبێت پێش گەرانـەوەيان بۆ لاى خودا واتە: حەشر با لەناو دەريادا يا لـەناو سـكى درندەدابێت ( **وتنعيم أهل الطاعة في القبر بما يعلمه الله ويريـده )** هـەروەها هەيـە نازو نيعەمەت و خۆشى لـەناوگۆڕدا بۆ كەسانى خـودا پەرسـت بـەوەى خـودا دەيزانێت و دەيەوێت .

( **وسؤال منكـر ونكـير** ) وە پرسـيار كردنـى مونكـەر و نـەكير كـەدوو فريشتەى زۆر بەسام و هەيبەتن و مردووەكە لەقەبرەكەيدا دادەنيشێنن و پرسيارى لێدەكەن , خوداى تۆ كێ يە؟ پێغەمبـەرت كـێ يـە؟ئيمامت كێ يە؟ قيبلەت كوێ يە ؟ .... ( **ثـابت بـالدلائل الـسمعية** ) هەموو يـەكێك لەوانە چەسپاوە بەبەڵگەى سەمعى كە وەرگيراون لەقورئان و سوننەت .

بەڵگە لەسەر سزاى ناو گۆڕ خودا دەفەرموێت ﴿ وحاق بآل فرعون سوء العذاب النار يعرضون عليها غدواً وعشيا. ويوم تقوم الساعة أدخِلوأ أل فرعون اشد العذاب﴾ [٥٢] واتـە: دارودەسـتەى فيرعـەون سـزا دەدرێـن بەسـزايەكى زۆر نابـار بـەم شـێوە كـە بـەيانى و ئێـوارە را

---

(١٠٠) :سورة غافر أية :٤٥ .

ئەنوێنرێن بە سەر ئاگرداو، لەرۆژی قیامەتیشدا فریشتەی بەرپرسیاری سزا بانگ دەکرێت و پێی دەوترێت: گەلی فیرعەون بخەنە ناو سزایەکی زۆر سەختەوە لەهەموو سزاکان بەتینتر بێت .

خودا لەبارەی گەلی نوحەوە دەفەرموێت :﴿ أغرقوا فأدخلوا نارا﴾ [٥٣] پیتی فا لە(فأدخِلو أ) بۆریز و بەدوا هاتنە بە بێ دوا کەوتن ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە خراو نەتە ناو ئاگرەوە لەدوای خنکاندنیان ئەمەش لەگۆردا دەبێت . واتە : بەئاوی لافاو خنکێنراون وگورج خراونە ناوئ ئاگری بەرزەخەوە .

پێغەمبەر ( درودی خودای لە سەر بێت ) دەفەرموێت :( استنزهوا من البول فإن

**والبعث حق**

---

عامة عذاب القبر منه )[٥٤] واتە: خۆتان پاك بکەنەوە لە پاش ماوەی میز بەراستی زۆربەی سزای گۆر لەهۆی ئەوەوەیە .

پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت ) دەفەمویت ( القبر إما روضة من رياض الجنة أو حفرة من حفر النار)[٥٥] گۆر یا باخێکە لەباخەکانی بەهەشت یان چاڵێکە لەچاڵەکانی دۆزەخ. پێغەمبەر(درودی خودای لە سەر بێت ) دەفەرموێت:ئایەتی ﴿ يثبت الله الذين أمنوا

---

(١٠١) : سورة نوح أية : ٢٥ .

(١٠٢) :رواه الدار قطني.

(١٠٣) :رواه الترمذي.

بـالقول الثابـت ﴾[56] هاتـه خـوارەوە لـه سـزای قـەبردا ، واتـه : خـودا دامەزران دەدات بەوانە ئیمانیان هێناوە بەدینی ئیسلام بەهۆی تەلەفوظ کردنیان بەو وتەیە کەدامەزراوە بە بەڵگە کاتێك وترا بەمردووەکە خوای تۆ کێیە؟

دینت چی یە ؟ پێغەمبەرت کێیە ؟ ئەگەر بەختەوەر بیت دەڵێت : خـودام ( الله)یـە, ئـاییـنم ئیـسلامە , پیغەمبـەرم موحەممـەدە هەنـدێك لەموعتەزیلە و ڕەوافیض ئینکاری سزای ناوگۆریـان کـردووە , وتویانـە مردوو بێگیانە و هەستی نیە و سزادانی شتێکی مەحاڵە .

<u>وەلام دانەوە</u>: بێگومان دروستە خودا لەهەموو ئەندامی مردووەکە دا یا لەهەندێکیدا جۆرە ژیانی دروست بکات بەگوێرەی هەستکردن و دەرککردنی ئازاری مردن و خۆشـی نـازو نیعمەت , ئەوە بە پێویستی ناگـەڕێنی گەڕانـەوەی ڕۆح بـۆ لاشـە یـا خـود جولانـدن یـا لـەرزەیا پاشماوەی سـزای پێوە دیـاربێ هـەتا ئـەوەی خنکا بێت لـە ئـاودا یـا گیاندار خواردبێتی یا هەلواسرابێت سزا بدرێت و ئێمـە ئاگـادار نـەبین بەسەیدا.

ئەو کۆمەلە حەدیسانەی هاتوون لەم مانادا, وەلەزۆر لەحالـەتی دوا ڕۆژدا موتەواتیرن لەمانادا با حەدیسە ئاحادەکانی نەگەیشتبێتە ڕادەی تـەواتور ( **والبعـث حـق** ) زیندووبوونـەوە ڕاستـەواتە: خـودا مردووەکـان زیندوودەکاتـەوە لـەگۆڕەکانیان بەهـەموو ئەندامـە ئەصـلیەکانیانەوە ڕۆحیشیان بۆ دەگەڕێتەوە ,

---

(١٠٤) : إبراهيم أية : ٢٧ .

## والوزن حق

خوا دەفەرمویت ﴿ ثم إنكم يوم القيامة تبعثون ﴾[٥٧] واتە: پاش تەواو بوونی ماوەی بەرزەخ بەراستی ئیوە زیندوودەکرینەوە لەرۆژی قیامەتدا .

وەخودا دەفەرمویت : ﴿ قل يحييها الذي أنشأها أول مرة ﴾[٥٨] واتە: ئەی خۆشەویست تۆ پیی بلی : ئەو پەروەردگارە زیندووی دەکاتەوە کەیەکەم جار لەنەبوون دروستی کرد . پیغەمبەر دەفەرمویت:

( يحشر الناس حفاة عراة غرلا - يعني بلا ختان - على الخلقة الأصلية قالت: عائشة يارسول الله الرجال والنساء ينظر بعضهم الى بعض فقال ياعائشة الأمر أشد من أن ينظر بعضهم إلى بعض)[٥٩] واتە: ئادەمیزاد حەشر دەکریت بەپیی پەتی بەرووت وقوتی سوننەت کراوی لەسەر دروست کردنی ئەصلی . حەزرەتی عائیشە عەرزی پیغەمبەر (سڵاوی خودای لە سەر بێت ) کرد : فەرمووی ئەی پیغەمبەری خودا ژن و پیاو هەندیکیان سەیری هەندیکیان دەکەن فەرمووی : عائیشە وەزعەکە لەوەسەختترە کەهەندیك سەیری هەندیك بکات . فەلاسیفەدەلین : لاشەی مردوو حەشر ناکریت بەلکو روح حەشر دەکریت کاتیك ئادەمیزاد دەمریت دەبیت بەنەبوو , دروستکردنەوەی شتی نەبوو بەشیوەی خۆی مەحالە .

---

(١٠٥) : سورة المؤمنون :١٦ .

(١٠٦) : سورة يس أية : ٧٩

(١٠٧) : رواه مسلم .

وەڵام دراوەتەوە: بێگومـان ئـەوەی بـەتوانا بێـت لـەئاو ئـادەمیزاد دروسـت بكـات بەتواناشـە دروسـتی بكاتـەوە بەشـێوەی خـۆی بـەڵكو دروسـتكرنەوەی دووەم جـار ئاسـانترە گـەورەترین بەڵگـە بـە چـاوی خۆمان دەبینین ئەو گژ و گیا و رووەكانەیە كە وشك دەبن و یەك دوو وەرزیان بە سەردا تێدەپەڕێ و ئەنجا سەوز دەبنەوە .

( **والوزن حق** ) كێشانەی كردەوەكان لەرۆژی دوایدا گومانی تێدا نییە خودا دەفەرموێت :﴿ والوزن يومئذ الحق﴾ [108] واتە: كێشانەی كردەوەی خاوەن روو لێنراوەكان لەو رۆژەدا لەئادەمیزادو پەری گەورەو بچووك داراو نەدار هەموو راستە .

## والكتاب حق

دەگێرنەوە لەئیبن و عەبباسەوە فەرموویەتی : ( توزن الحسنات والسيئات في ميزان له لِسان وكفتان توضع فيه أعمالهم...) چاكەو خراپـەكان دەكێـشرێت لەتەرازوویەكـدا كـەزوباو دوو لـەپی هەیـە كردەوەكانیان دەخرێتەناوی. ووشەی ( ميزان) تەرازوو بریتی یە لەو شتەی ئەندازەی كردەوەكانی پـێ بزانرێـت , ژیری ناگات بەو دەركی چۆنیەتی بكات .

موعتەزیلە ئینكاری كێشانەی كردەوە دەكەن چونكە كردەوەكان ( أعـراض ) پەیـدابوون ناگونجێـت دووبارەبوونـەوەی لەبـەر ئـەوەی هەلوەشـاوەتەوە, خـۆ ئەگـەر بگونجێـت دووبـارە بوونـەوە ناگونجێـت كێشانەی چونكە كردەوەكان لای خودا زانراوە كێشانەی بێ سوودە.

---

(١٠٨) : سورة أعراف أية : ٨

وەڵام دانەوەی : کێشانەی کردەوەکان لەفەرمووودەی پێغەمبەر(درودی خودای لە سەر بێت ) هاتووە بێگوومان پەرتووکی کردەوەکان دەکێشرێت نەك کردەوەکان , هیچ خراپەنیە , لەسەر ئەوەی دانای تەسلیم بوون , بوونی کردەوەکانی خودا موعەلەلە بە مەبەستەوە , لەوانەیە کێشانە حیکمەتێکی تیادابێت و ئێمە ئاگادار نەبین بەسەریا ئاگاردار نەبوونی ئێمە بەسەر حیکمەتەکەیدا بێکەلکی ئەو شتە ناگەیەنێ[٦١] .

( والكتـاب حـق ) حەقە راستە ئەو پەرتووکەی کەنووسرابێتەوە ـ تیایدا کردەوەی چاك و خراپ کەدەدرێت بەدەستی راستی باوەڕداران وەدەدرێت بەدەستی چەپ یا لەپشتەوە بەکافران , خودا دەفەرموێت : ﴿ ونخرج له يوم القيامة كتابا يلقاه منشورا﴾ [٦٢]واتە: لەرۆژی قیامەتدا کتێبێکی تایبەتی کەپر کراوەتەوە بەو کردەوانە بۆی دەردەکەین , هەرکەسێ دەگا بەو کتێبی خۆیە بە بلاوی و بەتەواوی .

وەدەفەموێت: ﴿ فأما من أوتي كتابه بيمينه فسوف يحاسب حسابا يسيرا﴾[٦٣] ئەو کەسەی کەنامەی کردەوەی درایە دەستی راستی ئەوسا پرسینەوەیەکی سوك و ئاسانی لەگەلدا دەکرێت . بەلام موعتەزیلە ئینکاری نامەی کردەوەدەکەن هەندێکیان گومانیان وایە بێسوودە لەبەر ئەوەی خودا زانایە بەدرێژەی کردەوەکانی بەندە.

## والسؤال حق والحوض حق

---

(١٠٩) : شرح العقائد النسفية : ١٨٤ .

(١١٠) : إسراء أية : ١٣.

(١١١) : سورة إنشقاق أية : ٧, ٨ .

حیکمەتی ئەم نامەی کردەوە ئەوەتە کە بەرزی پایەی موسولمانان لای ئەهلی عەرەصاتِ دەردەکەوێت و بەم پایە بەرزییە شادمان ببن ، هەروەها نزمی و بێ ئابرووی خراپەکارەکان دەردەکەوێت و ئەوانیش سەردابخەن وشەمەزار ببن ، ئەگینا خودا بەهەموو ئاشکراو نهێنیەك دەزانێت وئەوەندەی تۆسقالێکی لێ وون نابێ[64] .

( والسؤال حق ) پرسیار کردن لەرۆژی قیامەتدا لەلایەن خوداوە لەبەندەکانی راستە . خودا دەفەرموێت ﴿ إن الذين يضلون عن سبيل الله لهم عذاب شديد بما نسوا يوم الحساب ﴾ [65]واتە : بەراستی ئەوانەی رێگەی خودا وون دەکەن خودا سزایەکی سەختی بۆ داناوون بەهۆی فەرامۆش کردنی رۆژی حیساب ورۆژی کێشانە کردنەوە .

پێغەمبەر(درودی خودای لە سەر بێت ) دەفەرموێت: ( لاتزول قدما عبديوم القيامة حتى يسئل عن أربع عن عمره فيما أفناه , وعن جسده فيما أبلاه , وعن علمه فيما عمل به , وعن ماله من أين أكتسبه وفيما أنفقه ) [66] .

واتە : لەرۆژی دواییدا کەس پێ ناخاتە بەر پێ تا لەچوار شت پرسیاری لێنەکرێت لەتەمەنی لەچیا تەواوی کردووە, لەلاشەی لەچیا لەناوی بردووە , لەزانیاری لەچیا کاری پێکردووە , لەمالی لەکوێوە دەستی کەوتوەو لەچیا سەرفی کردووە ( والحوض حق ) حەوزی (کوثر) راستە , خودای گەورە مژدە بە پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لە سەر

---

(١١٢) : عقیدەی مەرضیە ل :٦٢٣ .

(١١٣) : ص: أية ٢٦ .

(١١٤) :رواه الترمذي.

بێـت ) دەدەات و دەفـەرموێت ﴿إنـا أعطينـاك الكـوثر ﴾[٦٧]واتـە ئێمـە (کوثر) مان دا بە تۆ کەجۆبارێکە لەبەهەشتدا.

پێغەمبـەر(درودی خودای لە سەر بێت ) دەفـەرموێت ( حوضـي مـسيرة شـهر وزواياه سواء وماءه أبيض من اللبن وريحـه أطيب من المسك وكيزانـه أكثر من نجوم السماء من شرب منها فلا يظمأ أبدا) [٦٨] .

**والـصراط حـق والجنـة حـق والنـار حـق ، وهمـا مخلوقتـان الآن باقيتان لايغنيان ولا يفني أهلهما**

---

واتـە: حـەوزی مـن مانگـە ریگایـەك گـەورەو بـەر فراوانـە , چـوار گۆشەیە , ئاوەکەی لەشیر سپی ترە , لەمیسك بۆن خۆشترە , گۆزەکانی ئەوەندەی ئەستێرەی ئاسمانن, هەرکەس لێی بخواتەوە هەرگیز تینووی نابێت .

( **والصراط حق** ) پردی مەشهوور بە صیراط راستە , واتە : پریدێکە راکێشراوە بەسـەر پـشتی دۆزەخدا لـەتاڵێ مـوو باریـك تـرە و لـەدەمی شمـشێر تیـژترە , ئـەهلی دۆزەخ قاچیان دەخلیسکێت و دەکەونە نـاو دۆزەخ .

زۆر لەموعتەزیلـە سەرپێـچیان کـردووە ووتویانـە: ناگونجێـت تـێ پەربوون بەسەریدا, ئەگەر بشگونجێت سزایەبۆ باوەڕداران.

---

(١١٥) : سورة الكوثر أية :١.

(١١٦) : رواه البخاري.

وەڵام: دیارە تواناو دەسەڵاتی خودا بەسەر دروستکردنی پردێکی واو لێ پەڕینەوەیدا پایەدارە, سزاو ئازاریش بۆ ئینسانی بەدکردارە , خودا لەسەر باوەڕداران ئاسانی دەکات, هەندێك موسولمان وەك بروسکە و هەندێکیان وەك باو , هەندێکیان وەك سواری ئەسپی رەسەن بەسەلامەتی وبێ ئازار دەپەڕنەوە وەك لەفەموودەکانی پێغەمبەردا (دروودی خودای لە سەر بێت ) هاتووە .

( **والجنة حق والنار حق** ) بەهەشت و دۆزەخ راستن ( **وهما مخلوقتان موجودتان** ) هەردووکیان دروستکراون ئێستا هەن زۆربەی موعتەزیلە دەلێن : لەرۆژی دواییدا دروست دەکرێن , داستانی ئادەم وحەوا , دەری دەخات کە مەوجودن وەخوا دەفەرموێت :﴿ أعدت للمتقين﴾ واتە: بەهەشت ئامادەکراوە بۆ خودا پەرستان . "أعدت للكافرين٤ , واتە : دۆزخ ئامادەکراوە بۆ بێ بڕواکان.

( **باقيتان لايفنيان ولايفنى أهلهما** ) دەمێننەوەو لەناو ناچن و دانیشتوانیشیان لەناو ناچێت .

خوا دەفەرموێت لەحەقی هەردوو کۆمەڵەکە" خالدين فيها أبدا " (٦٩) واتە : تیایدا دەمێننەوە هەتا هەتایی .

## والكبيرة لا تخرج المؤمن من الإيمان ولاتدخله في الكفر

---

(١١٧) : سورة البينة :٦،٧ .

( والكبيرة لا تخرج المؤمن من الآيمان ) گوناهی گەورە ئینسانی باوەڕدار دەرناکات لەئیمان واتە بێ باوەڕ نابێت . زاناکان جیاواز یان هەیە لەگوناهی گەورە ( الكبيرة ) لە رووی تێ گەشتن و ژمارەدا .

ئیبن و عومەر ریوایەتی کردووە نۆدانەیە ئەمانەن ( الشرك بالله وقتل النفس بغير حق وقذف المحصنة والزنا والفرار عن الزحف والسحر واكل مال اليتيم وعقوق الوالدين المسلمين والالحاد في الحرم ) واتە: هاوەڵ دانان بۆ خودا , کوشتنی کەسێك بەبی حەق , هەلبەستنی قسەی ناشیرنن بۆ ئافرەتێکی داوێن پاك ، زینا کردن , ڕا کردن لەغەزا , سیحر , خواردنی مالی هەتیو , ئازاردانی باوك و دایکی موسولمان , گوناهکردن لەحەرەمی کەعبە .

ئەبو هورەیرە زیادی کردوە : أكل الربا : سوود خۆر کەواتە لای ئەبو هوريرە گوناهی گەورە دەیە . حەزرەتی عەلی زیادی کرد وە : (السرقة وشرب الخمر) . دزی و ئارەق خواردنەوە. کەواتە لای حەزرەتی عەلی گوناهی گەورە دوانزەیە .

وتراوە گوناهی گەورە :( كل ماكان مفسدته مثل مفسدة شيء مما ذكر أو اكثر منه ) واتە: هەموو شتێك خراپەکەی وێنەی خراپەی شتێك بێت لەو گوناهانەی باسکرا یا زیاتر بێت .هەروەها وتراوە "كل ماتوعد عليه الشارع " واتە : هەموو شتێك خواو پێغەمبەر (سزای خودای لە سەر بێت ) هەرەشە بکەن لە سەری .

وتراوە :" كل معصية أصر عليها العبد فهي كبيرة " هەموو گوناهێك ئادەمیزاد بەردەوام بێت لەسەری ئەوە گوناهی گەورەیە" وكل مااستغفر عنها صغيرة " هەموو گوناهێك ئادەمیزاد داوای لێ خۆش بونی کردبێ ئەوە بچوکە.

( **ولا تدخله في الكفر** ) نايشی خاته ناو كوفرەوه . بەپیچەوانه بۆ خەواریج [٧٠] كه دەڵێن گوناهكاری گوناهی گەوره بەڵكو بچوكیش كافره واسیطه نیه له نێوان

## والله لا يغفر أن يشرك به

---

باوەرو بیٚ باوەرِیدا،لایان باوەرِداری گوناهبار نییه باوەرِدار وبیٚ باوەرِ هەیه و بەس .

**چەند بەڵگەیەكمان هەیه لەسەر ئەوەی باوەرِدار گوناهی گەورەش دەكات و نابێت بەكافر :**

١- بـاوەرِی راسـتی شـەرعی تەصـدیقی قـەلبی یـە , بـاوەرِدار دەرناچێت لـیٚ ی بەوەی گوناهی گـەورەبكات مانەم بەحەلالی نەزانێت مەگەر بەشتێك بیٚ باوەرِ دەبێت كەپێچەوانەی باوەرِ بێت وەكو كوفر كردن.

---

(١١٨) خەواریج ناوه بۆ كۆمەڵێكی سیاسـی ئـاینی كەدەرچـوون لەخـەڵكی یـا لـه راسـتی دەرچـون یـا لەگوێرایـەلی حـەزرەتی عـەلی ئەوانـه ئیـددعای ئەوەدەكـەن هـۆی ناونانەكـەی ئەوەبوو دەرچوون بۆ غەزا وەناودەبرێن ( حرورية) نیسبەته بۆ (حـروراء) كـه گوندێكـه نزیـك كوفه كۆبوونەوەیان دەكرد تیدا لەدوای دەرچونیان لەجەنگی ( صفين) دا وەناو دەبـرێن بـه (المحكمة ) لەبەرئەوەی رازی نـەبوون بـەحوكم كـردن ووتویانـه حـوكم نیـه جگـه بـۆ خـودا , وەناودەبرێت به(الشراة) لەبەر ئەوەی دەیانووت ئێمه خۆمانمان فرۆشتووه بۆ ئایینی خـودا , وەناو دەبرێن بـه (المارقـة ) لەبـەر ئـەوەی دەرچـون لەكۆمـەڵی موسـولمانان .شـرح العقيـدة النسفية : ١٥٠.

٢- ئايـات و فـەرمودەكانی پێغەمبــەر (دروودی خوای لە سەر بێت ) ووشــەی باوەڕدار بەكار دەهێنن بۆ گوناهباری گەورە وەك دەفـەرموێت : ﴿ ياأيها الذين آمنوا كتب عليكم القصاص في القتلى ﴾ البقره :١٧٨ واتـه : ئەی ئەو كەسـانەی ئیمانتـان هێنـاوە بـەخودا فـەرز كـراوە لەسـەرتان تۆڵـە لـەهۆی كوژراوەكانــەوە وەدەفــەرموێت :﴿ وإن طائفتــان مــن المــؤمنين إقتتلـوا﴾ الحجـرات : ٩ . واتــه : ئەگـەر دووكۆمـەڵ لـەخاوەن باوەڕەكـان شەریان لەگەڵ یەكدا دەكرد .

٣- كۆڕای ئوممەت لەسەر دەمـی پێغەمبـەر (درودی خـوای لـە سـەر بێت) تا ئەمرۆ لەسەر ئـەوەن كەنوێـژ بكرێـت لەسـەر كەسێك كـەمردبێت لەئـەهلی قیبلـە بـەبێ ئـەوەی گەرابێتـەوە بـۆ لای خـودا ، دوعـاو داوای لێخۆشبوونی بۆ دەكەن لەگەڵ ئەوەش بزانن كەگوناهی گەورەی كردووە , لەدوای یەكبوونیان لەسەر ئەوەی كـە دروسـت نیـە نوێـژ كـردن لەسـەر بێ باوەڕ , ئەگەر گوناهكاری گونـاهی گـەورە بـاوەڕدار نەبوایـە نوێـژیان لەسەر نەدەكرد .

( والله لا يغفـر أن يـشرك بــه ) خـودا خـۆش نابێـت كـه هـاوەلی بـۆ دابنرێت . موسولمانان كۆن لەسـەر تۆڵەی كوفر ئەگەر ئینسانێك بمرێت لەسەر كوفر خودا لیٚ ی خۆش نابێت وەك دەفەرموێت :﴿ إن الله لايغفر أن يـشرك بــه﴾ النـساء : ١١٦ , واتـه: بەراسـتی خـودا خـۆش نابێـت كەهاوەلی بۆ دابنرێت.

هۆكاريان بۆ ئەمە هێناوەتەوە بەمانە:-

١- كوفر كۆتاييه لەتاواندا هەرگيز گومانی حەلاليەتی نيه لابردنی حەراميەتی , گومانی لێبوردن نيه لەرووی ڕێزگرتنەوه .

**ويغفر ما دون ذلك لمن يشاء ويجوز العقاب على الصغيرة والعفو عن الكبيرة إذا لم تكن عن استحلال والإستحلال كفر والشفاعة ثابتة للرسل والاخيار في حق أهل الكبائر**

---

٢- كافر باوەڕی وايه كه كوفر ڕاسته و داوای لیٚ بووردن ناكات.

٣- بەراستی كافر نيەتی مانەوەيه لەسەر كوفر ئەگەر هەتا هەتايی بمێنێت , پێويسته پێی بگات ئەو سزايه هاوێنەبێت بەنيەتەكەيەوه .

( **ويغفر مادون ذلك لمن يشاء** ) خۆش دەبێت جگه لەهاوەڵدانان لەگوناهی گەورەو بچوك لەگەل ئەوەی گەرابێتەوه بۆ لای خودا يان نا بۆ هەر كەسیٚ ئارەزووی بێت .( **ويجوز العقاب على الصغيرة** ) رەوايه سزادان لەسەر گوناهی بچوك ,( **والعفو عن الكبيرة إذا لم تكن عن استحلال** ) لیٚ بووردن لەگوناهی گەوره ئەگەر باوەڕی وانەبێت حەرام به حەلال بزانێت ( **والإستحلال كفر** ) حەرام بەحەلال زانين باوەڕی وابێت كوفره يانی خاوەنەكەی پێی كافر دەبێت . ( **والشفاعة ثابتة للرسل والاخيار** ) بۆ پێغەمبەران و زانايان و پياو چاكان ( شفاعة ) تكاكردن دامەزراوه ( **في حق أهل الكبائر** ) لەحەقی ئەوانەی خاوەنی گوناهی

گەورەن لەموسولمانان بۆ ئەوەی رزگاريان ببێت لەسزا لەرۆژی دواييدا . بەڵگە لەسەر شەفاعەت ئەمانەی لای خوارەوەیە : –

١- خودا دەفەرموێت ﴿ واستغفر لذنبك وللمؤمنين ﴾ المؤمن : ٥٥ واتە : داوای چاو پۆشيی بکە بۆ خۆت و ئيمان داران . داواکردنی لێبووردنی پێغەمبەر (دروودی خودای لە سەر بێت) بۆ باوەڕداران شەفاعەتە بۆيان.

٢- خودا دەفەمووێت﴿ من ذا الذي يشفع عنده إلا بأذنه ﴾ البقره : ٢٥٥ .واتە : ئەوە کێ یە ئەوکەسە کەبتوانێت تکا بکات بە لای ئەوەوە لەبۆ تاوان باران ئيللا بە ئيزنی خۆی نەبێت کەوابوو ئەگەر ئيزن هەبێت تکا دەکرێت .

٣- خودا دەفەرموێت : ﴿ فما تنفعهم شفاعة الشافعين ﴾ المدثر : ٤٨ واتە : سودی پێنەگەياندن تکای تکاکاران تکا کە هەيە بۆ بێ بڕواکان سوودی نەگەياند .

٤- پێغەمبەر (دروودی خودای لە سەر بێت) دەفەمووێت : ( شفاعتي لأهل الكبائر من أمتي ) رواه أبو داود و الترمذی و ابن حبان واتە تکا کردنی من بۆ گوناهبارانی گوناهی گەورەيە لە ئوممەتمدا .

## وأهل الكبائر من المؤمنين لا يخلدون في النار

---

٥- پێغەمبەر درودی خوای لە سەر بێت دەفەرموێت ( يَشفعُ الشهيدُ في سبعينَ منْ أهلِ بيتِهِ ) رواه ئەبو داود واتە : شەهيد تکادەکات بۆ حەفتا کەس

لەکەس و کارو خزمانی ، بەلام موعتەزیلە و خەواریج دەڵێن : شەفاعەت دەست نادات بۆ لێ بوردن لەگوناهبار لەبەر ئەوەی گوناهی گەورە شەفاعەت سوودی تیادا نیە , بەڵکو پێویستە گوناهباربگەرێتەوە بۆ لای خودا, بۆ گوناهە بچوکەکان لێ بووردن پێویستە لەلای خوداوە ، ئەگەر خۆی پاراستبێت لەگوناهی گەورە پێویست ناکات بەشەفاعەت , بەلام لای خەواریج ئەو کەسەی گوناهی گەورە دەکات کافرە .

وەبەڵگەیان هێناوەتەوە بەمانەی خوارەوە :

١- خودا دەفەرموێت:﴿ واتقوا يوما لاتجزي نفس عن نفس شيئا ولاتقبل منها شفاعة﴾ البقره : ٤٨ . واتە : خۆتان بپارێزن لەرۆژێك هیچ نەفسێك لەباتی نەفسێك هیچ جۆرە حەقێك ناداتەوە, وەتکا وەرناگیرێت لە هیچ نەفسێکەوە بۆ هیچ نەفسێك .

٢- خودا دەفەرموێت : ﴿ ماللظالمين من حميم ولا شفيع يطاع ﴾ المؤمن : ١٨ . واتە: لەوکات و ساتەدا ستەمکارەکان نە دۆستێکی وەهایان هەیە یارمەتیان بدا نەتکاکاریشیان هەیە کە گوێی بۆ بگیرێت

وەلام دراوەتەوە بۆ ئایەتی یەکەم : ئەو ئایە تە هاتوەتە خوارەوە لەجولەکەدا کەکافرن دەڵێن ئێمە ئەولادی ئیبراهیمین و خۆشەویستی ئەوین سزا نادرێین لەبەر خاتری ئەو

٣- وەلامی ئایەتی دووەم مەبەست بەووشەی ( ظالمين ) ( کافرون ) کافرەکانە .

( **وأهل الكبائر من المؤمنين** ) باوەڕدارانی خاوەن گوناهی گەورە ( **لا يخلدون في النار** ) لەناو ئاگری دۆزەخ دا بەهەمیشەیی نامێننەوە . لە پیشەوە باس کرا بێگومان لەعەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت گوناهکاری گوناهی گەورە باوەڕدارە, لەسەر ئەم بنچینەیە ئەگەر گوناهباری باوەڕدار بچێتە ناو ئاگر سزا دەدرێت بەئەندازەی گوناهەکەی, ئومێد هەیە دەربچێت و بڕواتە بەهەشت .

لەدەقدا هاتووە کە بەڵگەیە لەسەر مانەوەی باوەڕدار لەبەهەشتدا یا ڕۆیشتنە ناو بەهەشت یا پاداشت دانەوەی ئەهلی چاکە بەچاکە.

---

خودا دەفەرموێت :﴿ فمن يعمل مثقال ذرة خيرا يره﴾ زلزلە :٧ واتە: هەرکەسێك بەقەی سەنگی مێرووله سورێك چاکەی کردبێت دەیبینێت پاداشتەکەی لەدواروژدا.

گومان نیە کەئیمان لەکۆمەلیٚ کردەوەی چاکە, کەوابوو پێویستە خاوەنەکەی پاداشتەکەی ببینیٚ ئەمەش ناگونجیٚ لەگەل مانەوەی لەدۆزەخدا بەهەمیشەی .

وەخودا دەفەمویێت :﴿ وعد الله المؤمنين والمؤمنات جنات ﴾ التوبە : ٧٤ واتە : خودا وادەی داوە بەموسولمانە ساغەکان کەچەند بەهێشتێکیان پیٚ دەدا .هەرکەس گوناهی گەورەش بکات لەکۆمەلی

باوەڕدارە , کەوابوو دەچێتەبەهەشتەوە لەبەر وادەدانی خودا پێ ی .
لەپاشا مانەوەی باوەڕدار بەهەمیشەیی لە ئاگر دا زیادەیە لەپاداشتدا .
مانەوەی هەمیشەیی گەورەترین تۆڵەیە , کەوابوو هیچ جیاواز نەبوو لەسزا داندا لەنێوا ن کافرو باوەڕداری گوناهبار , ئەمەش ناچێتە عەقڵەوە.

موعتەزیلەو خەواریج دەڵێن ئەوەی دەچێتە ناوئاگر یا کافرە یا خاوەنی گوناهی گەورەیەو مردووە بەبێ گەرانەوەی بۆ لای خودا هەردووکیان ئەهلی ئاگری دۆزەخن بەهەمیشەیی . کافر بە کۆیڕا ئەهلی دۆزەخە ، خاوەنی گوناهی گەورە باوەڕدار نیە , لەپێشەوە وەلام درانەوە[71] .

---

(١١٩) : شرح النسفية في العقيدة الاسلامية:١٦١.

# بەشی چوارەم :

## باوەڕ :-

### ئەمانەی لەخۆ گرتووە :

- لێکدانەوەی باوەڕ
- ئایا باوەڕ زیاد و کەم دەکات؟
- ئایا ئیسلام و باوەڕ یەکێکن ؟
- کۆتایی ئادەمیزاد لەدونیادا.

## والإيمان : هو التصديق بما جاء به النبي (صلى الله عليه وسلم) من عند الله تعالى والاقرارُ به

(**والإيمـــان**) بـاوەڕ , ئیمـان لـەزمانی عەرەبیـدا : بـاوەڕکردن و وەرگرتنە . ئیسلام لەزمانی عەرەبیدا : گـەردن کەچـی و زەلیلیـە . بـەلام لەزاراوەی زانایانی عەقائیدا: ( **هو التصديق بما جاء بـه الـنبي** (صلى الله عليه وسلم) **من عند الله تعالى والاقراربـه** ) باوەڕ وەرگـرتنی دلـە . بۆ ئـەو راسـتیانەی کـە پێغەمبـەر (دروودی خودای لە سەر بێت) **لای خـواوە** هێنـاونی ئیقرار کردن پێیْ بەزمان .

هەنـدێك لـەزاناکان فەرموویانـە : ئیمـان بـاوەڕە بـەدلْ و ئیقـرارە بەزمان .

وەجمهوری زاناکان فەرموویانە : ئیمان باوەڕە بەدلْ, ئیقرار بـەزمان مەرجە بۆ جیْ بەجیْ کردنی حوکمـەکان لـەدنیادا بێگومـان باوەڕ کردن بەدلْ فەرمانێکی دەرونیە و کەس ئاگادار نیـە بەسـەریدا بـەلام پێویـستە نیـشانەی ببێت , هەرکـەس بـاوەڕ بکـات بـەدل و بـەزمان ئیقـرار نـەکات ئەوەلای خودا ئیماندارە با ئیماندار نـەبێت لەئـەحکامی دنیـادا. کەسـێك ئیقـــرار بکـــات بـــەزمان و بـــەدلْ بـــاوەڕ نـــەکات وەك دوو روو ئـــەوە بەپێچەوانەوەیە.(٧٢) .

---

(١٢٠) : — , شرح العقائد النسفية: ٢٠٣ ,٢٠٤, ..

هەندێکی تر فەرموویانە : ئیمان باوەڕکردنە بە دڵ و ئیقرار کردنە بەزمان و کردەوەکردنە بەروکنەکان .

موعتەزیلـە و خـەواریج وتویانـە : کـردەوە روکـنی سـەرەکیە لەئیماندا. لەبەر ئەوەی لای ئەمان هەرکەس روکنێکی لەئەرکانی ئیسلام جێ بەجێ نەکات یا گوناهێکی گەورە بکات ئەوە کافرە و ئیماندار نیە . بەلام جومهوری موتەکەلیمین و موحەدیسین و فوقەها و دووبارە نەقل کراوە لەشافیعیش فەرموویانە: کردەوەکان روکنە بۆ ئیمانی کامل نەك بنچینە بێت بۆ ئیمان .

کـەوا بـوو کەسـێك کـردەوەی چـاك نـەکات ئیمانەکـەی ناتـەواوە و کەسێك کردەوەی چاك بکات ئیمانەکەی کامل وتەواوە...(٧٣)

**أما الأعمال فهي تتزايد في نفسها والآيمان في نفسه لايزيد ولا ينقص**

---

**ئەمە چەند ئایەت و حەدیسێکە رای جومهور بەهێز دەکات:**

١- خودا دەفەرموێت:﴿ اولئك كتب في قلوبهم الأيمان﴾ المجادلة "٢٢" واتە : ئەوانە خودا لەدلیاندا نوسیوەتی ئیمان . ئەمە بەڵگە یە لەسەر ئەوەی ئیمان جێگاکەی دڵە .

(١٢١) : شرح النسفية في العقيدة الاسلامية:١٦٥و١١٦ .

٢- **خودا دەفەرموێت** ﴿ إلا من أكره وقلبه مطمئن بالإيمان ﴾ (٧٤) .

**ئەگەر ئیقرار روکن بوایە بۆ ئیمان ، ئەو کەسەی زۆری لێبکرایە بەکوفر کردن کافر دەبوو .**

٣- **خودا دەفەرموێت** ﴿ ولما يدخل الإيمان في قلوبكم﴾(٧٥) **واتە : هێشتا باوەڕ نەڕۆیشتووەتە ناو دلتانەوە.**

٤- **پێغەمبەر** (دروودی خودای لە سەر بێت) **دەفەرموێت** ( يامقلب القلوب ثبت قلبي على دينك) راوه الترمذي.

٥- **پێغەمبەر** (دروودی خودای لە سەر بێت) **فەرمووی بە ئوسامە لەکاتێکدا ئوسامە لەغەزا پیاوێکی کوشت ناوی مەرداسی کوری نەهیك لەئەهلی فەدەك بوو کەوتبووی :** لاإلـه إلا الله : **بۆ چی ئەو پیاوەت کوشت؟ ئوسامە عەرزی کرد زانیم کە بەدل نەیوت لا الە الا الله پێغەمبەر** (دروودی خودای لە سەر بێت) **فەرمووی**( هلا شققت قلبه؟) **صحیح مسلم ٦٧/١ .**

**بۆچی خۆ دلێت کەرت کردووە.**(٧٦)( أما الأعمال فهي تتزايد في نفسها) **کردەوەکان لەخۆیاندا زیاد دەکەن** ( والأيمان في نفسه لايزيد ولا ينقص ) **ئیمان لەخۆیدانە زیاد دەکات ونەکەم دەکات.**

.........................................................

## ئایا ئیمان زیادو کەم دەکات؟ دووراهەیە لەم مەسئەلەدا:

---

(١٢٢) : النحل :١٠٦ .

(١٢٣) : الحجرات ١٤.

(١٢٤) : شرح رمضان افندي على شرح العقائد:٢٥٩ .

**رای یەکەم** : ئیمان زیادو کەم دەکات , ئەوە رای ئەو زانایانەیە کە کردەوە روکنە لایان بۆ ئیمانی کامل بەڵگەیان هێناوەتەوە بەمانەی لای خوارەوە:

أ -خـودا دەفـەرموێت ﴿ فأما الذين أمنوا فزادتهم إيماناوهم يستبشرون﴾التوبە:١٢٥ : ئەوانەی ئیمانیان هێناوە ئیمانەکەیان زیاددەبێت وەئەوان مژدە دەدەن .

ب – خـودا دەفـەرموێت ﴿ وإذا تليت عليهم أياته زادتهم إيمانا﴾ الأنفال٢ واتە: کاتێك کە ئایاتی خودایان بەسەردا دەخوێنرێتەوە ئەوئایەتانە دەبن بەهۆی زیاد بوونی ئیمان .

ج– پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت) دەفەرموێ ( لو وزن إيمان أبي بكر مع إيمان الخلائق لرجح إيمان أبي بكر ) رواه اسحاق ابن راهويه والبيهقي.واتە : ئەگەر بکێشرایە ئیمانی ئەبو بەکر لەگەڵ ئیمانی هەموو خەڵکدا ئیمانی ئەبو بەکر زیادی دەبوو .

**رای دووەم** : ئیمان زیادو کەم ناکات – ئەمەرای ئەو زانایانەیە کە کردەوەیان لەمیانەی ئیماندا نەگەراندووە : وتویانە بێگومان باوەڕی دڵ کاتێك گەیشتە سنووری ( جزم ) دان پیانان وگەردن کەچی زیادو کەم تەسەور ناکرێت تیایدا.

**ئەم بەلگانەیان هێناوەتەوە لەسەری :**

١- خـوداى گـەورە ئيمـانى بـەكار هێنـاوە بـۆ گوناهبـاران لـەزۆر ئايەتدا , ئەمـە بەڵگەيـە لەسـەر ئەوەى كردەوە هيچ پاشماوەيـەكى نيـە لەئيماندا.

٢- خودا عەطفي كردەوە ( عمل) دەكاتـە سەر ئيمان , عـەطفـيش بەڵگـەى جياوازييـە وەك خـودا دەفـەرموێت ﴿ إن الـذين أمنـوا وعملـوا الصالحات﴾ الكهـف ١٠٧ واتـە : بەراستى ئەوانـەى ئيمانيان هێنـاوەو كـردەوەى چاكيان كـردووە . لەسـەر ئەمـە كـردەوەى چـاك لەئيماندانيـە تەئسيرى زيادوكەم ناكاتە سەرى.

٣- خـودا ئيمـانى گێـراوە بەمــەرج بـۆ وەرگــرتنى كـردەوە وەك دەفەرموێت ﴿ومن يعمل من الصالحات من ذكر او أنثى وهو مؤمن ﴾ النساء ١٢٤ واتە: هەركەسێك كردەوەباشـەكان بكـات پياوبێـت يـاژن كـە ئيمان داربێت .

## والأيمان و الإسلام واحد

ئەمە بەڵگەيە لەسەر ئەوەى كردەوە جگە ئيمانە ,بەمەرج گيراو ( كـردەوە ) ناروانـە نـاو مەرجـەوە(ئيمـان)وەلأم دراوەتـەوە بـەوەى ئيمـان زيـاددەكـات مەبەست زيـاد كردنـى بەرەكـەت و پاشمـاوەو رونـاكى دڵـە كەوەسـف كرابێـت پێى . كەزياد دەبێت بەخواپەرستى و كـەم دەبێـت بـەگوناهكردن. دەگونجێـت

وەلاّم بدرێتەوە بەوەی کردەوە زیاد دەبێت لەئیماندا , ئێمە مەبەستمان ئەوەنیە کردەوە پارچەیەکی سەرەکی یە لەئیماندا ,بەلاچوونی کردەوە ئیمان لادەچێت بەلّکو کردەوە پارچەیەکی تەواوکەرە [125] .

( **والأيمان و الإسلام واحد** ) ئیمان و ئیسلام یەکن .

**ئایا ئیسلام و ئیمان یەك شتن ؟ زاناکان جیاوازییان هەیە تیایدا لەسەر دوورا :**

**<u>رای یەکەم</u>** : ئیسلام و ئیمان یەك شتن . ئیسلام سەرکەچی و گەردن کەچی یە بۆ وەرگرتنی حوکمەکان و خۆ بەدەستەوە دانە بۆی , ئیمان جگە لەمە مەبەست نیە . باجیاواز بن لەرووی تێگەیشتنەوە بەلام هەردووکیان یەکن لەرووی ئەوەی راستی دێت بەسەریدا . خودا دەفەرموێت [ فأخرجنا من كان فيها من المؤمنين فما وجدنا فيها غير بيت من المسلمين ] ذاريات : ٣٥ و ٣٦ واتە: ئێمە دەرمان کرد لەو ئاوەدانییە ئەوان تیایدا بوون لەخاوەن باوەڕەکان , بەلام مالّێك زیاتر موسولمانمان تیا دەست نەکەوت . لەکەس وەرناگیرێت کەموئمین بێت و موسلم نەبێت یا (مسلم) بێت و (مؤمن) نەبێت

**<u>رای دووەم</u>** : دەلّێن : ئیمان و ئیسلام جیاوازن . بەلّگەیان هێناوەتەوە بەم فەرموودەیە : ﴿ قالت الأعراب أمنا قل لم تؤمنوا ولكن

---

(١٢٥) : شرح النسفية في العقيدة النسفية ل : ١٦٧ و ١٦٨ .

قولوأ أسلمنا ولما يدخل الآيمان في قلوبكم ﴾ **الحجرات :١٤ واته: عەرەبە دەشتەكییەكان وتیان : ئێمەئیمانمان هێناوە , تۆ بڵێ بەوانە : ئیمانتان نەهێناوە , بەلام بلێن : بەدیمەن ملمان كەچ كردووە و هێشتا باوەڕ نەڕۆیشتووەتە ناو دڵتانەوە ئەم ئایەتە نەفی ئیمان دەكات لێیان و ئیسلام دەچەسپێنێت بۆیان لەسەر ئەمە ئیمان و ئیسلام جیاوازن .**

**وەبەڵگەیان هێناوەتەوە بەحەدیسی جبریل كەپرسیاری لەپێغەمبەركرد لەئیمان فەرمووی :** ( أن تؤمن بالله وملائكته ....الخ ) رواه المسلم (٧٨) .

**وإذا وجد من العبد التصديق والأقرار صح لـه أن يقـول أنـا مـؤمن حقا ،ولا ينبغي أن يقول أنـا مـؤمن إن شـاء الله تعـالى والـسعيد قـد يشقي والشقي قد يسعد , والتَّغيير يكون على الـشقاوة والـسعادة دون الآسعاد والآشقاء وهما من صفات الله تعالى ولاتغير علـى الله تعـالى ولا على صفاته**

---

( **وإذا وجد من العبد التصديق والأقـرار صـح لـه أن يقـول أنـا مـؤمن حقا** ) **ئەگەر لە بەندەیەكدا باوەڕو ئیقرار كردن دەست كەوت دروستە**

---

(١٢٦) : هەمان سەرچاوەی پێشوو ل : ١٦٩ , ١٧٠ .

بۆی بڵێت من بەراستی باوەڕ دارم ( **ولا ينبغي أن يقول أنا مؤمن إن شاء الله تعالى** ) پێویست ناکات بڵێت ئەگەر خودا ئارەزووی بوو ئیماندارم ( **والسعيد قد يشقى** ) بەختەوەر کەم جارێك نەگبەتی دەیگرێت پاشگەز دەبێتەوە لەدوای باوەڕهێنان ( **والشقي قد يسعد** ) نەگبەت کەم جارێك بەختەوەر دەبێت بەم شێوە ئیمان بێنێت لەدوای کوفرەوە .

**پێغەمبەر** ( دروودی خودای لە سەر بێت ) **دەفەرموێت** ( فوالله الذي لا إله غيره إن أحدكم ليعمل بعمل أهل الجنة حتى مايكون بينه وبينها إلا ذراع فيسبق عليه الكتاب فيعمل بعمل أهل النار فيدخلها وإن احدكم ليعمل بعمل أهل النار حتى ما يكون بينه وبينها إلا ذراع فيسبق عليه الكتاب فيعمل بعمل أهل الجنة فيدخلها ) رواه الأربعة ، **واتە : سوێند بێت بەوخودایە کە هیچ خودانیە جگە ئەو بەراستی یەکێك لەئێوە کردەوە بەکردەوەی ئەهلی بەهەشت دەکات تا لەنێوان ئەو وبەهەشتدا نامێنێتەوەجگە گەزێك زاڵدەبێت بەسەریدا ئەوەی لەناو سکی دایکیدا بۆی نوسراوە بەکردەوەی ئەهلی دۆزەخ کردەوە دەکات دەرواتە ناوی دۆزەخ وەبەراستی یەکێك لەئێوە کاردەکات بەکردەوەی ئەهلی دۆزەخ تا لەنێوان ئەو و دۆزەخەدا نامێنێتەوە جگە گەزێك زاڵدەبێت بەسەریدا ئەوەی لەناوسکی دایکیدا بۆی نوسراوە کاردەکات بەکردەوەی ئەهلی بەهەشت و دەرواتەناوی بەهەشت.**

( **والتغيير يكون على الشقاوة والسعادة دون الأسعاد والأشقاء** )

گۆران دەبێت لەسەر نەگبەتی وبەختەوەری جگە بەختەوەرکردن وبەدبەختکردنە"الاسعاد والآشقاء" چونکە ( **وهما من صفات الله تعالى** ) ئەو دوانە لەسیفاتی خودان و ئەزەلین .( **ولاتغير على الله تعالى ولا على صفاته** ) گۆڕان کاری نایەت بەسەرزاتی خودا و سیفاتی خودا.

# بەشی پێنجەم

## پێغەمبەران و فریشتەکان

ئەمانەی لەخۆ گرتووە:

١ - پێناسەی "النبی" و"الرسول"

٢-حیکمەت لەناردنی پێغەمبەراندا

٣-ئایا پێغەمبەر لەغەیری ئادەمیزاد دەبێت ؟ ئایا ئافرەت دەبێت ؟

٤-گرنگی پێغەمبەران

٥-موعجیزە پێغەمبەران وکەراماتی ئەولیا

٦-ژمارەیان و کێ یەکەم وکێ کۆتایی هێنەریانە؟

٧-ئـەوەی واجبـە و ئـەوەی مەحالـە و ئـەوەی دروسـتە لەحەقیاندا .

٨-روونکردنەوەی بەرێزترینیان

٩-بونی فریشتە

١٠- هاتنـە خـوارەوەی کتێبـەکان بـۆ سـەر پێغەمبەران

١١- موعجیزەی شەو رەوی و بەرز بونەوە .

وفي ارسال الرسل حكمة فقد ارسل الله تعالى رسلا من البشر الى البشر

---

( وفي ارسال الرسل حكمة) لەناردنی پێغەمبەراندا پەرژەوەندی و سودو پاشماوەی چاك هەیە . " نبي " ئادەمیزادێکە کە خودا وەحی بۆ کردبێت بەهۆی جبریلە وە بەشەرعێك وەئەمری پێ نەکرابێت بەگەیاندنی بەخەڵکی وە" رسول " ئادەمیزادێکە کە خودا بەهۆی حەزرەتی جبریلە وەشەرعێکی بۆ ناردبێت وەئەمری پێ کرابێت کە بیگەیەنێت بەخەڵکی .

پەرژەوەنـدی لـەناردنی پێغەمبەرانـدا تـەبلیغ کردنــی ئـادەمیزادە لـەوەی کـەژیری نـەتوانێت سـەبەخۆ بیزانێـت , وەتـا بەڵگـەش نـەبێت بەسەر خوداوە کاتێك ویستی لەرۆژی قیامەتدا بەندەیەکی موحاسـەبە بکات , چونکە روولێ نان نیە لەسەر ئادەمیزاد لەشتێکدا کە نەیزانێت وە بەرپرسیاریش نیە لێی .وەك خودا دەفەموێت : ﴿ وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا﴾ الاسراء :١٥ .واتە قەت کەسمان سزا نەداوەوکەس سزا نادەین لەسەر کردەوە وبیر وباوەڕی هەتا پێغەمبەر دەنێرین وباسی چاکە و خراپەیان بۆ دەکات .

وەهـەروەها دەفـەرموێت : ﴿ رسلا مبشرين ومنذرين لئلا يكون للناس على الله حجة بعد الرسول وكان الله عزيزاً حكيم﴾ النساء . ١٦٥: واتــە: ئـەو پێغەمبەرانــە مـژدەدەر وترسـێنەر بـوون ,لەبەرئـەوەی بـۆ ئادەمیزاد بەڵگەی لەسەر خودا نەبێت لەدوای پێغەمبـەران .( **فقد ارسل الله تعالىرسـلا مـن البـشر الى البـشر** ) بێگومـان خـودای تـەعالا پێغەمبـەرانی ناردووە لەئادەمیزاد بۆ ئـادەمیزاد واتـە :پێغەمبـەران لـە ئادەمیزادن و لەپەری و فریشتە نین .

ئایـا پێغەمبـەر لەغـەیری ئـادەمیزاد دەبێـت ؟ ئایـا لەغـەیری پیـاو دەبێــت ؟ ناگونجێــت پێغەمبــەر ئــادەمیزاد نــەبێت , چــونکە ئەگــەر لەفریشتە بێت یا لەپەری بێت نەدەگونجا ئادەمیزاد بیبینێت و پێی بگات مەگەر فریشتەکە یاخود پەرییە کە برۆیشتایەتە سەر شێوەی ئادەمیزاد, توانانیە بۆ ئادەمیزاد لەسـەر بینـینی پـەری وفریشتە مەگەر لەسەر ریگای شکاندنی عادەت نەبێت و لەگەل ئەوەدا دەگونجێت . بۆ فریشتەو پەری ئادەمیزاد ببینن .

**مبشرين ومنذرين ومبينين للناس ما يحتاجون اليه من أمور الدنيا والدين وايدهم بالمعجزات الناقضات للعادة وأول الأنبياء آدم وأخرهم محمد عليهما الصلاة والسلام**

---

وەپێغەمبەران دەبێت پیاو بێت وەك خودا دەفەرموێت ﴿ وما أرسلناك قبلك إلا رجالانوحي إليهم﴾ النحل :٤٣ واتە ئێمە لەپێش تۆدا بەریسالەت كەسمان نەناردوە مەگەر چەند پیاوێكی خوو رەوشت بەرز .( **مبشرين ومنذرين** ) پێغەمبەران مژدەدەر وترسێنەرن ( **ومبينين للناس ما يحتاجون الية من أمور الدنيا والدين** ) بۆخەڵكی

روون كەرەوەن لەوشتانەی كەپێویستیان ببێت پێی لەكاری دونیاودیندا. وەك خودا دەفەرموێت :﴿ مبشرين ومنذرين ﴾

كاری دونیایی دەگەڕێتەوە بۆ عورف و عادەت پەیامی پێغەمبەران پەیوەندی نیە پێیەوە , جارێك پێغەمبەر (د.خ) رۆیشت بەلای پیاوێكدا كە خورمای پێوەندی دەكرد فەرمووی وازی لێ بێنن ئەوانیش وازیان لێ هێنا لەپاشا لا وازو بێ كەڵك دەرچوو پێغەمبەر (د.خ) زانی خراپ دەرچووە فەرمووی ( انتم اعرف بأمور دنياكم) ئێوە خۆتان چاكتر شارەزان بەكاری دونیاتان . ( **وايدهم بالمعجزات الناقضات للعادة** ) خودا كۆمەكی كردوون بەموعجیزە كەعادەت هەڵدوە شێنێتەوە.

موعجیزە بەڵگەیە لە سەر راستی پەیامی پێغەمبەر , پێغەمبەر رەوانەكراوە لەلایەن خوداوە ئێمە ناتوانین باوەڕ بە ئادەمیزادێك بكەین كە ئیدعای پێغەمبەرایەتی بكات مەگەر كاتێك نەبێت لە سەر دەستی شتێك روو بدات كە بەڵگە بێت لە سەر راستی پێغەمبەرایەتییەكەی و

مەرجیش ئەوەیە نابێت ئەو شتە ئەو دەیکات بەئاسانی پەیدا ببێت , ئەو شتەی پەیدانابێت بەئاسانی پێی دەوترێت موعجیزە. موعجیزە : کارێکە لەعادەت دەرچووبێت ئاشکرا دەبێت لەسەر دەستی ئەو کەسەی کەئیدعای پێغەمبەرایەتی دەکات.

**( وأول الأنبياء أدم وأخرهم محمد عليهما الصلاة والسلام )** یەکەم لەپێغەمبەراندا ئادەمە و کۆتایی هێنەریشیان موحەممەدە سەلات و سەلام لەسەرهەدووکیان بێت .

ئەوە گومانی تیادانیە یەکەم پێغەمبەر لەسەر رووی زەوی ئادەمە کەباوکی بەشەرە وقورئان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی فەرمانی پێ کراوە بەعیبادەت وچاکە وقەدەغەیشی لێ کراوە لەشتی حەرام , وەپێغەمبەر یش لەزەمانی ئەو دانەبووە ،ئەمەش بەوەحی دەبێت .

## وقد ورد بيان عددهم في بعض الأحاديث

---

وە پێغەمبەرایەتی موحەممەد (درودی خودای لە سەر بێت ) ئەوەیە ئیدیعای پێغەمبەرایەتی کردووەو موعجیزەیشی ئاشکرا کردووە ,ئیدیعای پێغەمبەرایەتیەکەی زانراوە بەتەواتور و وەئاشکرا کردنی موعجیزەی لەدوو رووە بووە : یەکەم : ئاشکرای کردووە کەقورئان کەلامی خودایە, تەحەددای کردووە تە سەر عەرەبەکان کەزۆر رەوان بێژبوون بەوەی کەسورەتێك بێنن وەك قورئان ئەگەر قورئان کەلامی خودانیە .

دووەم : وەرگیراوە لەپێغەمبەر کەچەندەها موعجیزە ئاشکرا بووە لەسەر دەستی داخودا لەقورئاندا دەفەرموێت :﴿ ماكان محمد أبا أحد من رجالكم ولكن رسول الله وخاتم النبيين وكان الله بكل شيئ عليما ﴾

الاحزاب:٤٠ واته : موحەممەد باوكی كەسێك لەپیاوەكانتان نەبووە و بەلام دواپێغەمبەری خودایەو ,خودازانایە بەهەموو شتێك .

وەپێغەمبەری خوا (سڵاوی خودای لە سەر بێت) دەفەرموێت :(وێنەی من ووێنەی پێغەمبەرانی پێش خۆم وەك وێنەی پیاوێك وایە خانویەكی بەجوانی ورێك وپێك دروست كردبێت جگە جێگای خشتێك نەبێت لەسوچێكەوە وەخەڵكی تەوافیان دەكردوو سەریان سور دەمالێی ودەیان وت ئەوە بۆچی ئەو خشتەیەدانانرێت ؟ من ئەو خشتەم و من كۆتایی هێنەری پێغەمبەرانم ) متفق علیە.

( **وقد ورد بیان عددهم في بعض الأحادیث** ) بەراستی باسكردنی ژمارەی پێغەمبەران لەهەندێك حەدیسدا هاتووە. گێراویانەتەوە كەلەپێغەمبەر (سڵاوی خودای لە سەر بێت) پرسیار كرا لەژمارەی پێغەمبەران فەرمووی :هەزارو سەد وبیست وچوار پێغەمبەر ە رواه ابن حبان كە( ٣١٣ ) ەیان " رسول "ە ، وە لەریوایەتێكی تردا دووسەدو بیست وچوار هەزار پێغەمبەرە .

سیفەتی پێویست و نەشیاوو رەوای پێغەمبەران (د.خ) :

ئەوسیفەتانەی كەپێویستە لەپێغەمبەراندا بن سێ سیفەتن :١- راستگۆیی ٢- ئەمانەت ودەست پاكی ٣- گەیاندنی ئایین بەخەڵك .

بەڵگەی بێگومان لەسەر پێویستیەتی راستگۆیی پێغەمبەران ئەوەیە : كەدرۆ لەپێغەمبەرانەوە دەبێتە هۆی درۆ لە وتاری خوادا , چونكە خودای گەورە موعجیزەی

..............................................................

داوه بەپێغەمبــەران , راســتگۆیی ئــەوانی لەبــەردەم هــەموو خەڵکــدا چەسـپاندووە, ئەمـەش واتـە: پێغەمبـەران هەرچـی دەڵـێن راسـتەو درۆیـان لێناوەشـێتەوە, بێگومـان ئەگـەر خوانەخواسـتە درۆیـان لێدەرکـەوێ دەچێت بەگـژی تەصـدیقەکەی خـوداو ئـەوەی لـێ ی دەبێتەوەلەوانەیەراسـت بکـەن و لەوانەیە راست نەکەن هەروەها دەکێشێتەوە بۆ ئەوەی کەلامی خودای گەورە راست بێت و راست نەبێت ئەمەش مەحالە .. ..

بەڵگە لەسەر ئەمانەت و دەستپاکی پێغەمبەران وگەیاندنی ئەحکام بەخەڵك ئەوەیە ئەگەر ئەم زاتە پاکانە ئەمین نەبن و کردەوەیان حـەرام یـان مـەکروە بێـت دەبێتـە هـۆی کـۆ بوونـەوەی دوودژ( جمـع النقیـضین) ,چـونکە لەلایەکـەوە ئیتاعـەو بـەگوێ کردنیـان لەهـەموو کردەوەیەکـدا واجبـە لەبەر ئەوەی کەخودا فـەرمانی داوە بەئیتاعـەکردنیان و هەرچـی ئـەوان کردوویانـە پێویـستە ئێمـەش جـێ بـەجێ ی بکـەین و لەلایـەکی تریــشەوە پێویــستە لەســەرمان لــەکردەوەی حــەرام و نــارەوا دووربکەوینەوە نەش هێڵین خەڵك بیکات, لەم حالەدا ئێمەپێویستە ئەو کردەوە حەرامە بکەین کە ئەوان کردوویانە , چونکە ئیتاعـەیان واجبەو پێویستە نەیکەین چونکە حەرامە ! !

هـەروەها ئەگـەر فـەرمانی خـودا نەگەیـەنین و غـەیری فـەرمانی ئـەو بگەیەنین , ئێمە لەلایەکەوە دەبێت دوایـان کەوین چونکە دواکەوتنیان واجبەو لەلایەك دەبێت دوایان نەکەوین چونکە فەرمانەکە هی خـودا نیـە !!

ئەو سیفەتانەش کەرەوا( جائز)ن بۆ پێغەمبەران (درودی خودای لە سەر بێت) بریتین لەوانـەی روودەکەنـە ئـادەمیزاد ، وەکـو سـاغی ونەخۆشـی و نوسـتن و لەخـەو هەسـتان وحەز لەهەنـدێ خواردەمـەنی کـردن و حـەز نـەکردن لەهەنـدێکی تـر .

بەلێ هەررووداوێك كەلەگەل پایەو پلەی ئەواندا رێك نەكەوێت: وەك كوێری و كەری لەكاتی رەوانەكردنیاندا ,یان وەك گولی و بەلەكی و قۆری و باقی ئەحوالی ناشیرن , وەهەرگیز بۆ پێغەمبەران رەوانیە لەكاتی بەپێغەمبەر بوونیان و بۆسەر خەڵك رەوانە كردنیان ,بەلام ئەگەر لەپاش دامەزراندنی پێغەمبەریەتیەكە بوو ئەوە قەی ناكات .

بۆ نموونە : بێ هێزی چاوی حەزرەتی یەعقوب و ناساغی و برینی لەشی حەزرەتی ئەیووب لەپاش دامەزراندنی پایەی پێغەمبەریی ئەوان بووە و , مایەی پایە بەرزیان بووەو پەندو ئامۆژگاریەكی ئایینی بەتین بووە بۆ ئادەمیزادەكانی تر [٧٩] .

**والأولى أن لايقتصر على العدد في التسمية فقد قال تعالى( وَ منهم من قصصنا ومنهم من لم نقصص عليك ) ولا يؤمن في ذكر العدد أن يدخل فيهم من ليس منهم أو يخرج منهم من هو فيه وكلهم كانوا مخبرين مبلغين عن لله تعالى, صادقين ناصحين ,وأفضل الانبياء محمد** (صلى الله عليه و سلم) **والملائكة عباد الله تعالى عاملون بأمره لا يوصفون بذكورة ولا أنوثة**

---

(**والأولى أن لايقتصر على العدد في التسمية** ) چاكتر وایە كورت هەلنەهێنرێت لەناوبردندا لەسەر ژمارە ( **فقد قال تعالى: منهم من قصصنا ومنهم من لم نقصص عليك** ) هەندێك لەو پێغەمبەرانە باسمان كردووە وەهەندێكیان باسمان نەكردوەبۆت .

(١٢٧) : مەكتوباتی كاك ئەحمەدی شیخ ٧٤/١ و٧٥و ٧٦ .

( **ولا يؤمن في ذكر العدد أن يدخل فيهم من ليس منهم** ) نابێت بێ ترس بێت لەباس كردنی ژمارەی پێغەمبەراندا چونكە دەرواتەناویان كەسێك لەوان نیە ئەگەر ژمارەیەكی زۆر بلێت لەژماردنیاندا ( **أو يخرج منهم من هو فيه** ) یاخود دەری بكەیت لەپێغەمبەران كەسێك كەلە پێغمبەرانە , ئەگەر ژمارەیەكی كەم بڵێیت لەژماردنیاندا ( **وكلهم كانوا مخبرين مبلغين عن الله تعالى** ) هەموو پێغەمبەران هەواڵ دەرو گەیەنەر بوون لەلایەن زاتی خوداوە( **صادقين ناصحين** ) راست و ئامۆژگاری كاربوون .

( **وأفضل الانبياء محمد** (صلى الله عليه و سلم ) ) بەرێزترین و گەورەترین پێغەمبەران حەزرەتی موحەممەدە (درودی خودای لە سەر بێت ) لەبەر فەرموودەی خودا : ﴿ كنتم خير أمة أخرجت للناس﴾ النساء :١١٠ , واتە ئێوە ئەی ئوممەتی موحەممەد (درودی خودای لە سەر بێت ) چاكترین ئوممەتێكن كەلەلایەنی پەروەردگارەوە دروست كراون و دەركراون بۆ پەیرەوی پێغەمبەران ئەگەر ئەم ئوممەتە چاكترین ئوممەت بێت پێغەمبەرەكەشی چاكترین پێغەمبەرە , ئەگەر بەرێزترین نەبێت ئوممەتەكەی بەرێزتر نەدەبوو , هاتووە لەفەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت ) : ( أنا سيد أولاد آدم ولا فخر ) .رواه الترمذي واتە: من سید و گەورەی نەتەوەی ئادەمم وەفەخریش نیە .

لەپاشا دانەر هات باسی یەكێكی ترلەئەركەكانی ئیمان دەكات ئەویش باوەڕ بەفریشتەیە و فەرمووی ( **والملائكة عباد الله تعالىعاملون بأمره** ) فریشتەكان بەندەی خودان بەفەرمانی خودا كار دەكەن ( **لايوصفون بذكورة ولا أنوثة** ) وەصف دارناكرێن بەنێرو مێ.

**ولله تعالى كتب أنزلها على أنبيائه وبين فيها أمره ونهيه ووعده والمعراج لرسول الله (صلى الله عليه و سلم) في اليقظة بشخصه الى السماء ثم الى ماشاء الله من العلى حق**

---

فريشته : بريتين لەئەجساميكى لەطيف خودا دروستى كردوون لەئەصلى نورو ماددەى رووناك نەنيرو نەمىْ دەتوانن بەهەموو وينەيەك خۆيان دەربخەن و بەسورەتى عادەتى بەچاو نابينريْن بەلام پيْغەمبەران دەيان بينن [٨٠]

( **ولله تعالى كتب أنزلناها على أنبيائه** ) چەند پەرتوكيْك هەيە بۆ خودا كە رەوانەى كردۆتە سەر پيْغەمبەرانى ( **وبين فيها أمره ونهيه ووعده ووعيده** ) كەتيايدا روونى كردووەتەوە فەرمان و قەدەغەو بەليْن و هەرەشەكانى . پيْويستە باوەرِمان ببيْت بەكتيْبەكانى خودا كەروكنيْكە لەئەركانى ئيمان ئەويش ئەوەيە باوەرِ بەوەى كە خودا چوار كتيْبى رەوان كردووە كە فەرمان و قەدەغەو بەليْن و هەرەشەو هەوالى سەردەمى رابردوو و لەمەودوايشى تيْدايە , هەموو كەلامى خودان ، بەريْزترينيان قورئانە لەپاشا تەوراتە و ئينجيل و زەبوور هەروەها سەد سوحوف رەوانە كردووە .

( **والمعراج لرسول الله** (صلى الله عليه و سلم) **في اليقظة بشخصه إلى السماء** ) بەرزبونەوە بۆ پيْغەمبەر (درودى خواى لە سەر بيْت) لەكاتى بەئاگاييدا بەلاشەى پيرۆزى بۆ ئاسمان ( **ثم الى ما شاء الله من العلى حق** ) لەپاشا بۆ ئەو

---

(١٢٨) : شەريعەتى ئيسلام : ١/١١ .

شـوێنه بـه رزەی کـەخودا ئـارەزووی بـوو حـەق و راسـتە . میعـراج لـەزاراوەی زانایـانی ئیـسلامدا بەرزبوونـەوەی پێغەمبـەرە بەدەپایـە لەبەیتی موقەددەسەوە تا ژووری حەوت ئاسمانەکان و لەو یێشەوە تا ( سـدرة المنتهـی ) و , لەوێیـشەوە تـا عـەرش و ئـەو شـوێنەی کـە پێغەمبەر (درودی خوای لە سەر بێت) کەلامی زاتی خودای تیادا وەرگرت و پێنج فـەرزەی نوێـژ لەسـەرخۆی و ئوممەتەکـەی فـەرز کـرا . ئـەم میعراجـە بەحەدیـسی صـەحیحی بوخـاری چەسـپاوە و ئینکـار کردنـی بیدعەتـەو دەرچوونە لەریزی ئەهلی سوننەت و جەماعەت [٨١].

## وَكرامات الأولياء حقٌ

---

سەیید عەبدورەحیم مەولەوی بەچەند دێرێك لەهۆنراوەکانی باسـی ئەوە دەکات کە ئەو هەموو شتە زۆرانە لەماوەکی زۆر کەمدا روویـداوە , وەك دەفەرموێت :

رێی چەند هەزار ساڵ , طه ی چەند حیجابات
ذاتي حەق , کەلام , سؤال , جەوابـات
چوو, بوو دیی , بیستی , کریا , دریاوه
هاتـــەوەو حـــەڵقـــە هـــەر دەلـــەریاوە
[٨٢].

---

(١٢٩) : عەقیدە مرضیة ل : ٤١٠ و ٤١١ .

(١٣٠) : لەهەمان سەرچاوە.٤٢٢.

( **وكرامات الأولياء حق** ) **كەراماتی ئەولیا دۆستانی خودا حەق و راستن . خودا لە قورئاندا باسی ئەولیا دەکات و دەفەرموێت :**﴿الا ان اولياء الله لا خوف عليهم ولا هم يحزنون الذين آمنوا وكانوا يتقون لهم البشرى فى الحياة الدنيا وفى الاخرة لاتبديل لكلمات الله ذلك هو الفوز العظيم ﴾يونس:٦٤.

**واتە :ئاگادار بن ئەوانە کە دۆستی خودان نەترس و بیمیان لە هیچ شتێك دێبە سەراو نەلەسەر نەمانی شتێك زۆر دەبن ئەوانەن کە ئیمانیان هەیە بە خوداو پێغەمبەری خوداو لەخودا دەترسن وخۆیان دەپارێزن لەکوفرو تاوان لە کاری پەستی جیهان , بۆ ئەوانە هەیە موژدە لەماوەی ژیانی دونیادا وەلە رۆژی قیامەتیشدا فریشتەی رەحمەت دێن خەبەریان پیّ دەدەن کەئێوە ئیتر ئازار نابینن , گۆرین نیە بۆ فەرمودەی خودا وەگەیشتن بەپایەی موژدە وەرگرتن گەیشتنەبە مەقامێکی گەورە لەلای خودا .**

**پێغەمبەر** (دروودی خوای لە سەر بێت ) **دەفەرموێت:خودا دەفەرموێت:**﴿من عادى لى ولياً فقد آذنته بالحرب ...﴾رواه البخارى. **واتە هەر کەس دژایەتی بکات لەگەل دۆستی مندا بەراستی ئاگاداری دۆستەکەم دەکەم کە ئەو کەسە شەر لەگەل مندا دەکات .**

**فيظهر الكرامة على طريق نقض العادة للولي من قطع المسافة البعيدة في المدة القليلة ,**

شێخی ئیبن و حەجەر دەفەرموێت : ئەزیەتدانی ئەولیاو مامەڵەی سوئی خاتیمەیە پەنا بە خودا .مەولەوی پێناسەی وەلیمان بۆ دەکات و دەفەرموێت :

وەلـــــی :شەخصیکە ( عاریفٌ باللە )

( ما أمكَنّ ) بـە ذات ب ەصیــفات

ئاگاه

بـیکێـشی بەسـەنگ هەرسیٚ تـەقوادا

بــە تــەرازووی شـەرع موویــیٚ

لانـادت [٨٣]

کارە لەعادەت بەدەرەکان چوارن :-

١- **موعجیزە** : کارێکە لە عادەت دەرچوو بێت ئاشکرا دەبێت لە سەر دەستی ئەو کەسەی کە ئیدیعای پێغەمبەرایەتی دەکات .

٢- **کەرامەت** : ئاشکرا بوونی کارێکی دەرچووە لە عادەت لە لایەن دۆستێك لە دۆستانی خودا بە بیٚ ئەوەی بەرابەر کیٚ بکات بەبانگەوازی پێغەمبەرایەتی .

٣-**إستدراج** : کارێکی لەعادەت بەدەرە ئاشکرا دەبێت لەسەر دەستی کەسێك کەباوەڕی نیەو کردەوەی چاك ناکات .

---

(١٣١) : سیٚ تەقوا : خۆپاراستن لە کوفر . گوناە , خۆشەویستی لە غەیری خودا .

٤- مەعونـە : كـارێكى لـەعادەت بـەدەرە ئاشـكرا دەبێـت لەسـەر دەستى موسولمانان بەگشتى .(**فيظهر الكرامة على طريـق نقـض العـادة للولي** ) كەرامەت ئاشكرا دەبێت بۆ وەلى لەسـەر رێگـاى لـەعادەت بـەدەر ( **من قطع المسافة البعيدة في المدة القليلـة** ) لـەبرينى ئەندازەيـەكى دوور لەماوەيـەكى كەمـدا وەك ئاصـەف كـورى بـەرخيا كـەوەزيرى حـەزرەتى سولەيمان بـوو عەرشـى بەلقيسى هێنـا لەيەمـەن بـۆ بـەيت ولموقـەدەس پێش چاو تروكاندنێك , لەگەل ئەوەى مەسافەكەى دوور بوو .

**وظهور الطعام والشراب وللباس عند الحاجة , والمشي علـى المـاء وفي الهواء وكلام الجماد والعجماء**

---

( **وظهور الطعام والشراب واللباس عنـد الحاجـة** ) وە ئاشكراكردنى خواردن و خواردنەوە و پۆشاك لە كاتى پێويستيدا .

وەخودا دەفەرموێت لەبارەى مەريەمدا : ﴿ كلما دخل عليها زكريا المحراب وجد عندها رزقا قال يا مريم أنى لك هذا قالت هو من عندالله إن الله يرزق من يشاء بغير حساب﴾ ال عمران : ٣٧ .

واتـە : هەميـشە هـەركاتێك كەزەكـەريا دەرۆيـشتە ئـەو ميحرابـەو تەماشـاى دەكـرد رزق و رۆزى چـاوپێدەكەوت , ئـەى فـەرموو : ئـەى مەريـەم چـۆن و لـەكوێوە ئـەم رزق و رۆزيـەت بـۆ دێ ؟ ئـەويش عـەرزى دەكـرد : ئەمانـە لـەلاى خـوداوە , بەراسـتى خـودا رۆزى دەدات بەهـەر كەسێك خواستى لىٚ ببێت .

( **والمـشيّ في المـاء** ) لـەئاودا رۆيـشتن .وەك ريوايـەت كـراوە لـەزۆر ئـەولياوە . ( **وفي الهـواء** ) لەهـەوادا رۆيـشتن . وەك ريوايـەت كـراوە

جەعفەری کوری ئەبی تالیب و لوقمانی سەرخەسی و جگە ئەمانەیش کە بەهەوادا رۆیشتوون .

( **وکـــلام الجمـــاد** ) قـسەکردنی بـێ گیـان وەك دارو بـەرد . وەك دەگێرنـەوە لەبەردەسـتی حـەزرەتی سـەلمان و ئـەبی دەرداء , قـسعەیە تەسبیحاتی خودای دەکرد , هەردووکیان گوێیان لێبوو.

( **والعجمـــاء**) قسەکردنی گیانـدارانی بـێ زمـان , وەك ئـەو سـەگەی ئەصحاب لکەهف بەلایدا رۆیشتن ئەویش شوێنیان کەوت چەند جار دەریان کرد سـەگەکە وازی نـەهێنا ووتـی پێیـان : ( أنـا أحـب أحبـاب ألله عز وجل فنـاموا وأنـا أحرسكم ) تفسير الصاوي علـى الجلالين ٢٠/٣ واتە : من دۆستانی خودام خۆش دەوێت ئێوە بخەون من حەرسیتان دەگرم .

دەگێرنـــەوە پێغەمبـــەر (درودی خـودای لـە سـەر بێـت ) ئامـــادەبوو پیاوێـــك مانگایـــەکی بـــارکردبوو دابوویـــە بـــەر مانگاکـــە لای کـــردەوە بـــەلای پیاوەکەداو ووتی:( إني لم أخلق لهذا وإنما خلقت للحرث) بێ گومان من بۆ ئەمە دروست نەکراوم , بەڵکو بۆ جووت کردن دروست

**أوغير ذلك من الآشياء ، ويكون ذلك معجزة للرسول الـذي ظهـرت هـذه الكرامة لواحد من أمته لأنه يظهر بها أنه ولي .**

كراوم .خەڵكەكە ووتيان: پاك و بێگەردی بۆ خودا مانگا قسەدەكات , پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت) فەمووی : ( آمنت بهذا ) . باوەڕم هەیە بەوەی كەمانگا قسەدەكات[٨٤] .

( أوغير ذلك من الآشياء ) يا جگە لەمانە شتی تريش وەك ئەوەی حەزرەتی عومەر رۆژی هەينی ووتاری دەخوێندەوە لەسەر مينبەر لەشاری مەدينە سوپای ئيسلامی دی گەمارۆ دراوە بانگی لەساريە ی سەر لەشكر كردوو فەمووی :( ياسارية الجبل ) ساريە ئاگاداری ئەو شاخە بە ساريەش گوێی لەدەنگی حەزرەتی عومەر بوو لەگەل ئەوەش زۆر دوور بوون لەيەكەوە.

وە خواردنی زەهر لەلايەن خاليدی كوری وەليدەوە , دەگێرنەوە رۆمەكان داوايان لەخاليدی كوری وەليد كرد پەرداخێك زەهر بخوات بۆ ئەوەی بەڵگەبێت لەسەر راستی ئاينی ئيسلام پەرداخێك زەهريان بۆ هێناو ئەويش بسم الله الذي لا يضر....خوێند و خواردی زيانی پێنەگەيشت[٨٥] .

**مەولەوی دەفەموێت:**

**لە( مەدينە ) وەو جێ لەسەر ( مينبەر )     جەيش لە ( نەهاوەند ) روئيەت بۆ ( عومەر )**

**سەمعی ( ساريە ) بۆ خيتابی ئەو     جەرەيانی ( نيل ) بە كيتابی ئەو**

---

(١٣٢) :شرح العقائد :٢٧٧ .

(١٣٣) : شرح النسفية : ٢٠٠.

**وەك شوربی ( خالید ) سەم وەبێ ضەرەر ئەمثـــالی ئەمە نایـەتـــە دەفتـــەر**[٨٦]

( **ویكون ذلك** ) ئاشـكراكردنی كـەرامات لەلایـەن ولـی یـەوە دەبێـت ( **معجزة للرسول الذي ظهرت هذه الكرامة لواحد مـن أمتـه** ) بـەموعجیزە بۆ ئەو پێغەمبەرەیە كە ئاشكرابووە ئەو كەرامەتە بۆ یـەكێك لەئوممەتەكەی ( **لأنه یظهر بها أنه ولي** ) چـونكە بـەهۆی ئاشـكرا بوونـی ئـەو كـەرامەتـە دەزانرێت ئەوە وەلیە .

**ولـن یكـون ولیـا إلا أن یكـون محقـأ في دیانتـه ودیانتـه ألأقـرار والتصدیق برسالة رسوله**

---

( **ولن یكون ولیـا إلا وأن یكـون محقـا في دیانتـه** ) وە نابێـت بـەوەلی مەگـەر كاتێـك بـەرێك و پێكـی ئاییـنەكـەی ببـا بـەرێوە ( **ودیانتـه** ) ئـاین داریەكـەی ( **الأقــرار** ) بـاوەڕ كردنـە بـەزمان( **والتــصدیق** ) بـەدل گـەردن كەچیە ( **برســالة رســوله** ) بەنامـەی پێغەمبەرەكـەی لەگـەل گوێرایـەلی كردنی ئەمرەكانی نەكردنی قەدەغەكانی .

مەولەویش دەفەموێت :-[٨٧]

كـرامات تبـدو لـذا الـولي مــعجـیـزةً لـحضـرة الـنبـــي

---

(١٣٤) : عقیده ي مرضیة : ٤٣٠ .

(١٣٥) : فضیلة.

ولـم يكـن ولـيـنـا ولـيـا من غـير أن يـتـابـع الـنبـيا

وأن يصون النفس عن خيانة ذا صـفـوة وقـوة الـديـانـة

واتـه: كەرامـەتێك ئاشـكرا دەبێت لەسـەر دەسـتی دۆسـتێكی خـودا ئەوە موعجیزەیە بۆ حەزرەتی موحەممەد دوسـتی ئێمە وەلی نیە بەبێ ئەوەی شـوێنی پێغەمبـەر بكەوێت لـەووتارو كـردارو ئەحوالّـدا وەپـاش ئـەوەی كـە نەفـسی بپارێزێـت لـە هـەموو خیانـەتێك لەگـەل خـوداو پێغەمبەرو موسولّماناندا دەبێ حالّی وابێت خاوەنی بێ گەردی بێت لە دلّەوەوە بەپاك كردنی لەهەموو شتێك بەپێچەوانەی شـەریعەتی ئیسلام بێت وەخاوەنی دینێكی بەهێزبێت .[88]

ئاگاداریەك : لەكەراماتەئاگادار بوونی هەندێك لە پیاوچاك بەسـەر هەندێ نهێنی و پەنامەكیەكاندا ، لەوانەیـە ئـەوەی ئینكـاری دەكـات بـەم فـەموودەی خودابكـات بەبەلّگـە : ﴿ وعنـده مفـاتيح الغيـب لايعلمهـا إلاهو ﴾ أنعام :٥٩ واتە: كلیلـەكانی ئـەو شـتانە كە غـەیب و پـەنهانن لـە عیلم و زانستی خودایە ، وە ﴿ عالم الغيب فلا يظهر علـى غيبـه أحدا﴾ الجن :٢٦ واتـە: ئـەو زانـای پەنـامەكیـە كـەس لـەم پەنامەكیـە تایبەتیانـە ئاگادار ناكات ,

## وأفضل البشر بعد نبينا : أبوبكر الصديق

---

(١٣٦) الوسيلةفي شرح الفضيلة ل: ٧٤٨ و ٧٤٩ .

**وەڵام دەدرێتەوە لەدوو رووەوە :-**

**یەکــەم** : پـیتی ئـەلف ولام لـەو وشـەی (الغیـب ) بـۆ ئیـستیغراق وسـەلبە واتـە: هەمووغـەیب کـەس نایزانێت جگـە خـودا , وەردەگیرێت هەندێك لەغەیب دەگونجێت جگە خودا بیزانێت , لەپاشا ئایەتی .

**دووەم** : ئیستثنای تیادایە دەفەرموێت :﴿ إلامن ارتضى من رسول ﴾ واتــە : کەســێك نــەبێت کــە خــۆی بیــەوێت وەکــو پێغەمبــەرێك لەپێغەمبەران ئەمە بەڵگەیە لەسەر دروستی ئاگادار کردنی زاتی خودا بۆ هەندێك لەبەندەی لەسەر ئەو شتانەی کە پەنهانە لەحەواسەکان [٨٩] .

**( و افضل البشر بعد نبیّنـا )** بەرێزترین و گەورەترین کەس لەدوای پێغەمبەری خۆمان , چاکتر وابوو بیفەموایە **( بعد الانبیـاء )** لەدووای پێغەمبــەران **( أبــو بکــر الــصدیق )** ئـەبو بـەکری صـدیقە کـەبروای بەپێغەمبەر (دروودی خودای لە سەر بێت ) هێنا بەبێ وەستان وەلەبەرز بوونەوەی بۆ ئاسمانەکان بەبێ گومان.

نـاوی : عەبـدولا یـە کونیەکـەی ئـەبو بـەکرەو نازنـاوی (صـدیق) ە باوکی ناوی عوثمانە کونیەکەی ئەبو قوحافەیە . کۆچی دوایی کردووە لەشـەوی سـێ شــەممە ٢٢ ی جمیـادی ئـاخیرەی سـاڵی ١٣ ی کۆچـی بەخاك سپێررا لەتەنیشت پێغەمبـەردا(دروودی خودای لە سەر بێت ) . یەکـەم پیـاو بووە موسوڵمان بووە .

مـاوەی خەلافـەتی دووسـاڵ و سـێ مـانگ و بیـست رۆژبـووە . بەڵگەلەسـەر رێزو گـەورەیی خـودا لەقورئانـدا ثـەنای دەکـات و بـەدووەم

---

(١٣٧) شرح النسفية : ل ٢٠٠ .

ناوی دەبات لەخزمەت پێغەمبەرداو دەفەرموێت :﴿ إلا تنصروه فقد نصره الله إذ اخرجه الذين كفروا ثاني اثنين إذ هما في الغار إذ يقول لصاحبه لاتحزن إن الله معنا ﴾التوبة : ٤١ واتە: ئەگەر ئێوە یارمەتی حەزرەتی موحەمەد (درودی خودای لە سەر بێت) نەدەن , بەراستی خودا یارمەتی دەدات,وەك چۆن لەو كاتەدا دەریان كرد یەكێك بوو لەدووكەس كە لەناو ئەشكەوتەكەدابوون فەرمووی دڵگران مەبە خودا والەگەڵمان .

## ثم عمر الفاروق , ثم عثمان ذوالنورين , ثم على المرتضي رضي الله عنهم

---

پێغەمبەر(درودی خودای لە سەر بێت) دەفەرموێت :( أنت صاحبي في الغار وأنت معي على الحوض ) رواه الترمذي واتە لەغاردا تۆ هاوەڵی منی تۆ لەگەڵ منی لەسەر حەوزی كەوسەر

( **ثم عمر الفاروق** ) لەپاشا حەزرتی عومەرە , نازناوەكەی فاroوقە , كونیەكەی ئەبوو حەفصەیە ناوی باوكی خەتابە , كۆچی دوایی كردووە لەرۆژی چوارشەممە ٢٥ ی ذیل حەجە ساڵی ٢٣ ی كۆچی تەمەنی شەست و سێ ساڵ بوو .

ئەبوو لوئلوئی مەجوسی شەهیدی كرد , بەخاك سپێرراوە لەتەنیشت پێغەمبەرو ئەبو بەكردا . لەساڵی شەشەمی كۆچی دا ئیسلام بووە , ماوەی خەلافەتی دەساڵ وشەش مانگ و چوار رۆژە . پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت) . لەبارەی گەورەیی عومەرەوە دەفەرموێت :﴿ لو كان بعدي نبيا لكان عمر ﴾ مسند الأمام أحمد . واتە: ئەگەر پێغەمبەر ببوایەدوای من عومەر دەبوو .

( **ثم عثمان ذو النورين** ) لەپاشا حەزرەتی عوثمانە , نازناوەکەی ( ذي النورين) ە , لەبەر ئەوەی دووکچی پێغەمبەری (درودی خودای لە سەر بێت ) هێناوە , یاخود لەبەر ئەوەی رۆژێ دووجار خەتمی قورئانی کردووە . لەرۆژی هەینی لەجەژنی قوربان کۆچی دوایی کرد کە ساڵی ۳۵ ی کۆچی بوو , بەخاك سپێررا لەبەقیع , ماوەی خەلافەتی یانزە ساڵ و یانزەمانگ و هەژدەرۆژ بوو. پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت ) لەبارەی گەوریی حەزرەتی عوثمانەوە دەفەرموێت( لكل نبي رفيق في الجنة ورفيقي فيها عثمان ) رواه الترمذي ، لەبەهەشتدا بۆ هەموو پێغەمبەرێك هاوەلێك هەیە وەهاوەلی من تیایدا عوثمانە .

( **ثم على المرتضى رضي الله عنهم** ) لەپاشا حەزرتی عەلییە کە پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت ) لەکاری دین و دونیادا رازی بووە لێ ی باوکی ناوی عبدولمەنافە کونیەکەی ئەبو حەسەنە , نازناوەکانی کەرارو حەیدەر وئەبی تورابە کونیەی باوکی ئەبو تالیبە , لەبەر ئەوەی کورە گەورەی باوکی بووە ، شەهید بووە لەشەوی هەینی ۲۱ رەمەزانی ساڵی ٤٠ ی کۆچی عبدالرحمن کوری مەلجەم شەهیدی کرد لەشەودا کاتێك لەماڵ دەچوو بۆ نوێژی بەیانی , تەمەنی ٦٣ ساڵ بوو .

**وخلافتهم على هذا الترتيب والخلافة ثلاثون سنة ثم بعدها ملك وإمارة**

ماوەی خەلافەتی چوار ساڵ ودەمانگ بوو , یەکەمین مندال بووە کەموسولمان بووە چەندەها بەڵگە هەیە لەسەر گەورەیی یەکێك لەوانە ئەوەبوو کەپێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت ) حەزرەتی فاتیمەی لێ نیکاح کردووە .

( **وخلافتهم على هذا الترتيب** ) خلافەتیشیان لەسەر ئەو رێك وپێکیەیە, واتە: خەلافەت لەدوای پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت ) بۆ ئەبو بەکر لەپاشا بۆ عومەر , لە پاشا بۆ عوثمان و لەپاشا بۆ عەلی .

( **والخلافة ثلاثون سنة** ) خەلافەتی تەواو کامڵ لەدووای پێغەمبەر ۳۰ ساڵە چونکە ئەهلی حەل وعەقد لەئوممەتدا لەسەر ئەوەیەکن لەسەر خەلافەتی عەباسی و هەندێ مەروانی وەك عومەری کوری عبدالعزیز , مەبەست بەخەلافەت خەلافەتی تەواوە .

(**ثم بعدها ملك وإمارة** ) لەپاشا لەدوای ئەو سی ساڵە پاشایەتی و ئەمارەتە چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت ) دەفەرموێت (( الخلافة بعدي ثلاثون سنة ثم تصير ملكا عضوضاً )) رواه أحمد والترمذي وابو داوود .

واتە : خەلافەت لەدوای من سی ساڵە پاشان دەبێت بەپاشای و میر نشینی کەهەندێکیان ستەم لەهەندێکیان دەکەن . پێویستە لەسەر خەڵکی کەئیمامێك دابنێن .

چونکە پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت ) دەفەرموێت ( من مات ولم يعرف إمام زمانه مات ميته جاهلية ) شرح العقائد النسفية

:٢٣٢ . واتە: هەرکەس بمرێت و ئیمامی زەمانی خۆی نەناسێت ئەوە بەمردنێکی نەفامی مردووە .

لەبەر ئەوەی ئوممەتی ئیسلام دانانی ئیمامیان بەگرنگترین شت دانا لەپاش کۆچی پێغەمبەر هەتا دانانی ئیمامیان پێش خست بەسەر کفن و شاردنەوەی پێغەمبەردا .

**والمسلمون لابد لهم من إمام يقوم بتنفيذ أحكامهم , وإقامة حدودهم , وسد ثغورهم , وتجهيز جيوشهم , وأخذ صدقاتهم , وقهر المتغلبة والمتلصصة , وقطاع الطريق, وإقامة الجمع والأعياد , وقطع المنازعات بين العباد و قبول الشهادة القائمة على الحقوق , وتزويج الصغار, والصغائر والكبارالذين لا أولياء لهم , وقسمة الغنائم**

---

هەروەها لەدوای کۆچ کردنی هەموو ئیمامێك ,لەبەر ئەوەی زۆربەی واجباتی شەرعی دەوەستێت لەسەر (ئیمام ) پێشەوا وەك دانەر دەفەموێت :( **والمسلمون لابد لهم من إمام** ) موسولمانان پێویستە ئیمامیان ببێت .

ئیمام : خەلیفەیە بۆ هەموو ولاتی موسولمانان . ( **يقوم بتنفيذ أحكامهم** ) بۆ ئەوەی هەستێت بەجێ بەجێ کردنی حوکمەکانیان ( **وإقامة حدودهم** )پیادەکردنی حودودە شەرعیەکانیان ( **وسدّ ثغورهم** ) وەرگرتنی کەلێنی موسولمانان تا دوژمن نەتوانێت بێتە ناو ولاتی ئیسلام .

( **وتجهيـز جيوشـهم** ) ئامادەكردنی سوپايان ( **وأخـذ صـدقـاتهم** ) وەرگـرتنی زەكاتيـان ( **وقهـر المتغلّبـة** ) زال بوون بەسەر ئەو كەسانەی كەياخين ( **والمتلصصة** ) ئەوكەسانەی دزی دەكەن ( **وقطاع الطريـق**) ئەو كەسانەی ريگرن .

( **وإقامة الجمع والأعياد** ) پيادەكردنی نويژەكانی هەينی و جەژن بەجەماعەت( **وقطع المنازعات الواقعة بين العبـاد** ) كۆتايی هينانی ئەو كيشانەی كەپەيدا دەبن لەنيوان بەندەكاندا ( **وقبول الشهادةالقائمة على الحقوق** ) وەرگرتنی ئەو شايەتيانەی لەسەر مافەكانن .

( **وتـزويج الـصغار والـصغائر** ) ژن نيكـاح كـردن بـۆ ئـەو كورانـەی كەبچوكن و دان بەشوی ئەو كچانەی كەمندالن ( **والكبائر** ) ئەو كچانەی كەگەورەن و( **لا أولياء لهم** ) وەلييان نييە ، واتە سەرپەرشياريان نيە ( **وقسمة الغنائم** ) دابەش كردنی تالانيەكان واتە :دەسكەوت .

**ثم ينبغي أن يكون الأمام ظاهراً لا مختفياً ولا منتظراً . ويكون من قريش ولا يجوز من غيرهم . ولا يختص ببني هاشم وأولاد علـى رضـي الله عنهم , ولايشترط أن يكون معصوما ولاأن يكون أفضل أهل زمـانهم, ويشترط أن يكون من أهل الولاية الكاملة , وسائسا قادراً علـى تنفيـذ الآحكام , وحفظ الحدود الآسلام وإنصاف المظلوم من الظالم ولاينعزل الإمام بالفسق والجور .**

( **ثم ينبغي أن يكون الآمام ظاهراً** ) لەپاشا ئيمامى موسولمانان پێويستە ئاشكرابێت , بۆ ئەوەى خەڵكى موراجەعەى بكەن و ئەويش هەلبسێت بەرێك و پێك كردنى ئەمرى دين و دونيا كەئيمام بۆ ئەوە دانراوە ( **لا مختفياً** ) پەنهان نەبێت لەترسى دوژمن ( **ولا منتظراً** ) نابێت چاوەرێ بكرێت بۆ دەركەوتنى لەكاتى چاكبوونى زەماندا ( **ويكون من قريش** ) دەبێت ئەو ئيمامە لەقورەيش بێت .

( **ولا يجوز من غيرهم** ) دروست نيە لەغەيرى قورەيش بێت ( **ولا يختص ببني هاشم وأولاد علي رضي الله عنهم** ) تايبەت نيە بەبەنى هاشم و ئەولادى حەزرەتى عەلى يە وە خوايان لێ رازى بێت . پێغەمبەر (درودى خوداى لە سەر بێت ) دەفەرموێت ( ألأئمة من قريش) أخرجه أحمد ئيمامەكان لەقورەيش دەبن ( **ولايشترط أن يكون معصوما** ) بەمەرج نەگيراوە لەئيمامدا كەدەبێت بێ گوناهبێت ( **ولاأن يكون أفضل أهل زمانه** )مەرج نيە ئيمام بەرێزترين بێت لەئەهلى زەمانى خۆيدا .

( **ويشترط أن يكون من أهل الولاية الكاملة** ) بەمەرج گيراوە ئيمام دەبێت لەئەهلى ويلايەتى تەواوبێت واتە : موسولمان و ئازادو ژيرو باڵغ بێت , وەجومهور فەرموويانە : ئيمام دەبێت موجتەهيد بێت لەئوصول و فروع دا ( **وسائسا**) خاوەنى تەسەڕوفات بێت لەئومورو بەرژەوەندى زۆربەى خەڵكدا واتە لێزان بێت لەكارو باردا ( **قادراً**) بەتوانا بێت

لەرووی زانیاری وداد پەروەری و سەرپەرشتیکاری خەڵکی و ئازایەتیدا ( **على تنفيذ الأحكام** )بەسەر پیادەکردنی حوکمەکان .

( **وحفـظ حـدود دارِ الأسـلام** ) پاراسـتنی سـنوری وولاّتـی ئیـسلام ( **وانصاف المظلوم من الظـالم** )رزگـار کردنـی سـتەم لێکراو لەسـتەم کـار ( **ولاينعزل ألإمامُ بـالفـسق والجـور** )پێـشەوای موسـولمانان لـەکار ناخرێـت بەهۆی دەرچوونی لەگوێرایەڵی خوداو ستەم کردن لەبەندەکانی خودا .

# کۆتـایی

**لەباسکردنی چەند ئەمرێکی فەرعی کە ئەهلی سـوننەو جەماعـەت جیا دەبێتەوە پێی ئەمانەی لەخۆ گرتووە :**

**١- دروسـتی نوێـژ لـەدوای پیـاوی چـاك و خـراپ . وەدروسـتی نوێـژیش لەسەریان ( جنـازە )**

**٢- ریزگرتن لەهاوەلانی پێغەمبەر** (درودی خودای لە سەر بێت) **و جنێونەدان پێیـان .**

**٣- دروستی مەسح بەسەر کالادا.**

**٤- حەلالیەتی نەبیز لەقاپی عەرەقدا.**

**٥- بەردەوامی روو لێنانی خودا لەموسولمانان**

**٦- دەقەکان دەخرێنە سەر زاهیریان و ڕوونکردنەوەی کوفرەکان**

**٧- سوود وەرگرتنی مردوو لەنزاو چاکەکانی زیندوو وسودی نزا**

٨- **نيشانەكانی قيامەت**

٩- **موجتەهيد هەڵە دەكات و دەی پیٚ كيٚت .**

١٠- **ريٚز و گەورەيی لەنيٚوانی ئادەميزاد و فريشتەدا.**

## و تجوز الصلاة خلف كل بر وفاجر و نصلي على كل بـر و فـاجر , ونكف عن ذكر الصحابة إلا بخير

---

**( وتجـوز الـصلاة خلـف كـل بـر وفـاجر )** دروسـتە نويٚـژكردن لـەدوای هـەموو ئينـسانيٚكی چـاك وخـراپ , پيـاو خراپـە كـە مـادام گوناهەكـەی نەيگەياندبيٚتـە كـوفر , خـۆ ئەگـەر گوناهەكـەی گەيانـد بيٚتـە كـوفر ئـەوە دروست نيە نويٚژ كردن لەدوايەوە .

**پيٚغەمبـەر** (دروودی خودای لە سەر بيٚت) **دەفـەرمويٚت** ( صـلوا خلـف كـل بـر وفاجر وعلـى كل بر وفـاجر ) رواه الطبرانـي **واتـە: نويٚژبكـەن لـەدوای هەموو ئينسانيٚكی چاك وخراپ وەنويٚژبكەن لەسەر هـەموو ئينـسانيٚكی چاك و خراپ .**

**وەلەبەر ئەوەی زاناكان نويٚژيان كردووە لەدوای ئينسانی فاسقەوە . ئـەوەی نـەقل كـراوە لەهەنـديٚك سـەلەف صـالحەوە لەقەدغـەكردنی نويـٚژ لەدوای ئينسانی فاسق و ئەهلی بيدعەوە ئەوە خراوە تەسەر كەراهيەت , بەلام ئەگەر فيسق و بيدعەكەی دەيبر بۆ كوفر ئەوە نويٚژكردن دروست نيە لەدوايەوە.**

( ونصلي على كل بر وفاجر ) ئێمه نوێژ دەكەین لەسەر هەموو ئینسانێكی چاك و خراپ ئەگەر لەسەر ئیمان مرد بێت لەبەر ئیجماع و فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت) ( لاتدعو الصلاةَ على من مات من أهل القبلة ) أخرجه الطبراني في الكبير من حديث ابن عمر بسند رواه بلفظ صلوا على من قال لا إلـه إلاالله ، واتـه: وازمەهێنن لـه نوێژكردن لەسەر كەسێك مردبێت و لەئەهلی قیبله بێت .

( ونكف عن ذكر الصحابة إلا بخير ) ئێمە لەباسكردنی هاوەڵەكانی پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت) خۆمان دەگرین مەگەر بەچاكە ، پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت) دەفەرموێت( لاتسبوا أصحابي فلو أن أحدكم أنفق مثل احد مابلغ مد أحدهم ولا نصيفه ) رواه إلا ربعة ، واته :بەهاوڵەكانم جنێو مەدەن , ئەگەر یەكێك لەئێوە بە وێنەی كێوی ئوحود خێر بكات ناگات بەمشتێك شت كە ئەوان كرد بێتیان بەخێر وەبەنیویشیان ناگات. هەروەها پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت) دەفەرموێت(أكرموا أصحابي فانهم خياركم ) , رواه أحمد و الحاكم ، واتە لەهاوەڵەكانم رێز بگرن بەراستی ئەوان چاكترینتانن.[90]

**ونشهد بالجنة للعشرة الذين بشرهم رسول الله (صلى الله عليه وسلم ) بالجنة . ولا نشهد بالجنة أو النار لأحد بعينه , ونرى المسح على الخفين في السفر والحضر**

---

( ونشهد بالجنة للعشرة الذين بشرهم رسول الله (صلى الله عليه وسلم ) بالجنة )ئێمە شایەتی چوونە بەهەشت دەدەین بۆ ئەو كەسانەی كە

---

(١٣٨) : شرح العقائد النسفية:٢٤٢ وشرح النسفية:٢٢٨ .

**پێغەمبەر** ( دروودی خودای لە سەر بێت ) **مژدەی بەهەشتی پێ داون , پێغەمبەر** ( دروودی خودای لە سەر بێت ) **دەفەرموێت** ( أبو بكر في الجنة , وعمر في الجنة ، سعد بن أبي وقاص في الجنة ,وسعد بن زيد في الجنة , و أبو عبيده بن الجراح في الجنة ) رواه الترمذي . **وەك ریوایەت كراوە كە پێغەمبەر** ( دروودی خودای لە سەر بێت ) **فەرمووی بەفاتیمە** ( ألاترضين أن تكوني سيدة نساء أهل الجنة أو نساء أهل الجنة أونساء المؤمنين ) رواه الترمذي . **واتە : ئایا رازی نابیت كەسەیید وگەورەی ژنانی بەهەشت بیت یا گەورەی ژنانی ئیماندار بیت .هەروەها دەفەرموێت** ( أن الحسن والحسين سيدا شباب أهل الجنة ) رواه الترمذي ، **واتە :بەراستی حەسەن وحوسەین سەیید وگەورەی گەنجانی ئەهلی بەهەشتن .**

( **ولا نشهد بالجنة أو النار لأحد بعينه** ) **ئێمە شایەتی نادەین بۆ هیچ كەسێك بەشەخصی جگە هاوریٚ كانی پێغەمبەر بەبەهەشت یا بەئاگری دوزەخ .**

( **ونرى المسح على الخفين في السفر والحضر** ) **ئێمە دەبینین ودەلێین بەدروستی مەسح كردن لەسەر كالا (خف) لە كۆچ كردن و دانیشتندا .حەزرەتی عەلی فەرمووی** ( جعل رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) ثلاثة أيام وليالهن للمسافر ويوما وليلة للمقيم ) البخاري ,واتە: **پێغەمبەر**( دروودی خودای لە سەر بێت ) **بریاری داوەسیٚ رۆژ بەشەوەكانیەوە بۆكۆچەری و رۆژو شەوێك بۆدانیشتوو كەمەسحی كاڵە بكەن .**

**شیخ حەسەنی بەصری** ( رەحمەتی خودای لە سەر بێت ) **دەفەرموێت** ( أدركت سبعين نفرا من الصحابة يرون المسح على الخفين) **واتە : گەیشتوم بەخزمەت حەفتا كەس لەهاوەڵەكانی پێغەمبەر** ( دروودی خودای لە سەر

بێت، بەلایانەوە دروست بووە مەسح کردن لەسەر کالا . ئیمامی ئەبو حەنیفە دەفەرموێت ( ما قلت بالمسح حتى جائني فيه دليل مثل ضوء الشمس ) هیچم نەوتووە لەبارەی دروستی مەسح هەتا بەڵگە یەکەم بۆ هات وەك رووناکی خۆر بوو.[91]

**ولا نحرم نبيذ الجرة , ولايبلغ ولي درجة الأنبياء , ولايصل العبد إلى حيث يسقط عنه الأمر والنهي . والنصوص تحمل على ظواهرها .والعدول عنها الى معان يدعيها أهل الباطن: الحاد وكفر ,ورد النصوص كفر ,وإستحلال المعصية كفر ,إذا ثبت كونها معصية بدليل قطعي , والاستهانة بها كفر , والاستهزاء على الشريعة كفر**

---

(**ولا نحرم نبيذ الجرة**) ئێمە حەرامی ناکەین جەرە , نەبیز خورمایەیا مێوژە دەیکەیتە ناو ئاوە وە لەزەتێك پەیدا دەکات لەدوای ئەوەی دووسێ یەکی دەروات بەکولان . وەجەرەش قاپی عارەقە کەدروست دەکرێت لەقوڕی برژاو .

(**ولايبلغ ولي درجة الأبنياء**) دوستی خودا(ولی) ناگاتە پلەی پێغەمبەران لەبەر ئەوەی پێغەمبەران بێ گوناهن ئەمینن لەترسی خاتیمە و رێز لێگیراون بەوەحی و بینینی فریشتە و ئەمر پێ کراون بەگەیاندنی ئەحکامی شەرعی ورێنومای خەڵکی لەپاش ئەوەی وەصف دارن بەتەواویەتی ئەولیاوە .

---

(139) : شرح العقائد النسفية :214, 245 .

( **ولايصل العبد الى حيث يسقط عنه الأمر والنهي** ) پلیەیەکی وانیە بەندە پیێ ی بگات ئەمر و نەهی بەجێ نەهێنێت مادام ژیرو بالغ بێت .

( **والنصوص تحمل على ظواهرها** ) دەقەکان کیتاب وسوننە دەخرێنە سەر مانای ئاشکرا کەیان مادام بەڵگەیەکی قەطعی نەبێت لایبدات .

( **والعدول عنها الى معان يدعيها أهل الباطن** )لادان لەو مانا ئاشکرایە بۆ چەند مانایەکی تر کەئیدیعای دەکەن ئەهلی باتین ( **الحاد وكفر** )ئەوە لادانە لەبیرو باوەڕی ئیسلام وکوفرە .

( **ورد النصوص كفر** )بەر پەرچدانەوەی دەقەکان کوفرە بەم شێوەکە ئینکاری ئەو حوکمانە بکات کە دەقی قەطعي لەسەر بێت کیتاب وسوننە وەك حەشر کردنی لاشە ئەوە کوفرە .

( **واستحلال المعصية كفر** )بەحەلال زانینی گوناە گەورە بێت یابچوك کوفرە ( **إذا ثبت كونها معصية بدليل قطعي** ) کاتێك ئەو گوناهە چەسپا بێت ، بەبەڵگەی قەطعی .

( **والاستهانة بها كفر** )بەسوك وبێ نرخ دانانی گوناە کوفرە ( **والاستهزاء على الشريعة كفر** ) گاڵتە کردن لەسەر شەریعەت و وابزانێت کەکارێکی بێ رێزە کوفرە .

**واليأس من الله تعالى كفر والأمن من مكر الله تعالىكفر , وتصديق الكاهن بما يخبر به عن الغيب كفر**

**( واليأس من الله تعـالى كفـر )** بیٚ ئومیٚدی لـەرەحم و بەزەیی خوا کوفرە چـونکە ﴿ لاییأس مـن روح الله إلا القـوم الكـافرون ﴾ یوسـف :۷۸ .واتە لەرحمەتی خودا نائومیٚد نابیٚت مەگەر ئەوانە کە کافرو بیٚ باوەڕن زیانکاری دنیاو قیامەتن.

**( والأمن مـن مكـر الله تعـالىكفر )**ئەمین بوون لەمـەکرو سـزای خـودا کـوفرە وەك ئــەوەی بڵــێن و خــودا ســزا نــادات و تۆڵــە لەبەندەیــەك لەبەندەکانی ناسێنیٚ .

**( وتصديق الكاهن بمـا يخـبر بـه عـن الغيـب كفـر )** بەراسـت زانـینی فاڵچی بەوەی هەواڵ دەدات لەغەیب کوفرە لەبەر ئەوەی پیٚغەمبـەر (درودی خودای لە سەر بیٚت ) دەفـەرمویٚت : ( مـن أتـى كاهنـا فصدقه بمـا يقـول فقد كفر بما أنزل الله على محمد (صلى الله عليه وسلم ) ) رواه أحمد .

واتــە: هەرکــەس بڕواتــە لای فاڵــچیەك بەراســتی بزانیٚــت ئــەوەی دەیڵیٚـت ئـەوە بـاوەڕی نیـە بـەوەی کـەخودا رەوانـەی کردووەتـە سـەر موحەمەد .

پیٚغەمبەر (درودی خودای لە سەر بیٚت ) دەفەمویٚت ( مـن أتـي عرافـا فسَألَهُ عن شيئ لم تقبل لـة صـلاه أربعين ليلـة ) رواه المسلم . واتـە : هەرکەسـیٚ بـچێتە لای فالـچیەك و لـەبارەی شـتیٚکەوە پرسـیاری لـیٚ کـرد ئـەوە چـل شەو نوێژی لیٚ وەرناگیریٚ .

کــاهن : بەکەســێك دەووترێــت کەخەبــەر دەدات لەهەنــدێك شــتی پەنهانی کەروو دەدات لەداهاتوو ,وەرای دەگەیەنێت کەغەیب دەزانیٚت ,

وەلەهەندێك كاتدافسەی ڕاست دەردەچێت , وەگومان دەبات کەجنۆکە خەبەری دەداتێ .

وەماموٚستا مەلا عبدالکریم دەفەرموێت:

( کاهن ) کەسێکە خاوەن ریاضەت خۆی ئازار ئەدا بێ رێی شەریعەت

ئەم نەوعە کەسێکە ( ضال ) و گومرایە لە ئاسمانا بێ لە ناو چالایە

**والمعدوم ليس بشيئ وفي دعاء الآحياء للآموات . وصدقتهم عنهم نفع لهم**

---

( **والمعدوم ليس بشيئ** ) نەبوو هیچ نیە ، مەعدوم دوو جۆرە :

جۆری یەکەم : مەحاڵە بوونی وەك هاوەڵ دانان بۆ خودا .

جۆری دووەم : دەگونجێ بون و نەبوونی وەك کوڕی زەید کەهێشتا لەدایك نەبووبێ .

( **وفي دعاء الآحياء للأموات ، وصدقتهم عنهم** ) لەنزای زیندوودا بۆ مردوو وە خێرکردن بۆیان ( **نفع لهم** ) سودەبۆ مردووەکان پێغەمبەر ( دروودی خودای لە سەر بێت ) دەفەرموێت : ( مامن ميت يصلي عليه امة من المسلمين يبلغون مائة يشفعون له إلا شفعوا فيه ) رواه مسلم . واتە: هیچ مردوویەکی موسولمان نیە کەکۆمەڵێك موسولمان نوێژی لەسەر بکەن

وەئەو كۆمەڵەیە ژمارەیان بگاتە سەد هەموویان تكای بۆ بكەن ئیلا خودا تكاكەیان لێ وەردەگرێت بۆ مردووەكە..

هەروەها پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت) عادەتی وابوو هەركاتێك لێ بوونایەتەوە لەشاردنەوەی مردوو دەوەستا لەسەری و دەیفەرموو ( إستغفروا لأخيكم وسلوا له التثبيت فإنه ألآن يسال ) رواه ابو داود واتە: داوای لێخۆشبوون بۆ براكەتان بكەن وەداوای ثابت بوونی وەڵامەكەی بۆ بكەن بەراستی ئێستا پرسیاری لێ دەكرێ .

دەگێرنەوە لەحەزرەتی عائیشەوە كەپیاوێك هات بۆ خزمەت پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت) : وتی ( يارسول الله إن أمي أفتلنت نفسها ولم توص وأظنها لو تكلمت تصدقت . أفلها أجر إن تصدقت عنها ؟قال :نعم ) رواه البخاري والنسائي . واتە: ئەی پێغەمبەری خودا(درودی خودای لە سەر بێت) دایكم گیانی كتوپڕ دەرچووە وەسیەتی نەكردووە گومان دەبەم ئەگەر بگەیشتمایە بەقسەكردنیاخێری دەكرد , ئایا خێری بۆ بكەم پاداشتی بۆ هەیە ؟ فەرمووی بەڵێ .

پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت) دەفەرموێت :( من مات وعليه صيام صام عنه وليه ) رواه البخاري , هەركەس مردوو رۆژوی بەسەرەوەبوو ئەو كەسەی سەرپەرشتی دەكات بۆی بگێرێتەوە .

**والله تعالى يجيب الدعوات و يقضي الحاجات وما أخبر به النبي (صلى الله عليه وسلم) من أشراط الساعة من خروج الدجال , ودابة الآرض**

**( والله تعالىيجيب الدعوات ويقضي الحاجات ) خوداى تەعالا نزاكان وەردەگرێت وەپێویستیەكان جێ بەجێ دەكات .**

**لەبەر ئەوەی خودا دەفەرموێت :**﴿ أدعوني أستجب لكم )المؤمن : ٦٧ **.واتە: ئێوەمن بانگ بكەن و منیش بەدەنگتانەوە دێم .**

**وەپێغەمبەر** (دروودی خودای لە سەر بێت) **دەفەرموێت :**( يستجاب للعبد مالم يدع بإثم أو قطيعة رحم وما لم يستعجل ) رواه مسلم :واتە : **نزای بەندە وەردەگیرێت مادام داوای گوناه نەكات یا خزمایەتی بپچرێت و پەلەنەكات .**

**( وما أخبر به النبي** (صلى الله عليه وسلم ) **من أشراط الساعة ) ئەو هەوالەی پێغەمبەر** (دروودی خودای لە سەر بێت) **داویەتی لەنیشانەكانی قیامەت ( من خروج الدجال ) لەدەر چونی دەجال ماناكەی واتە زۆر درۆزن . وەمەبەست ئەو پیاوەیە كەپێغەمبەر** (دروودی خودای لە سەر بێت) **هەوالی داوە لەبارەیەوە كە لە ئاخر زەمان دەردەكەوێت بۆ گومراكردنی خەڵكی.**

**( ودابة الأرض ) وەدابیەتول ئەرز خودا دەفەرموێت :**﴿ وإذا وقع القول عليهم أخرجنا لهم دابة من الأرض تكلمهم أن الناس كانوا بأياتنا لايوقنون ﴾ النمل :٨٢ **. كاتێك فەرمانی سزادان و قاری خودا هاتە سەر ئەو كافرانە .**

**ئەو لەو كاتەدا لەزەوی صەفادا لەنزیكی كەعبە حەیوانێك دەردەكەین , كەبەفەرمانی ئێمە دێتە زمان و قسەدەكات لەگەل خەڵكەكەدا كە ئادەمیزادی ئەو رۆژە لەوانەبوون كە یەقین و باوەڕیان بەوشتانە نیە كەبەیاسای** ( خرق العادة) **پەیدا دەبن .**

ترمذي ريوايەتی کردووە لەئەبوو هورەیرەوە کەپێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) فەرموویەتی کۆمەڵێك دادەنیشن لەسەر سفەرەی خواردن و وادەڵێن بەیەکتر واتە لەنزیکی واقیع بوونی قیامەتدا حەیوانێك لەزەوی صەفا دەردەچێت کە لەریوایەتێك دا هەیە شەست گەز درێژە ئەو حەیوانە خودا کردوویە بەنشانەیەك بۆ جیاکردنەوەی موسولمان و کافر لەزەویدا بەو عەصایە وابەدەستیەوە دەدات لەناوچەوانی موسولمان و سپی ورووناکی دەکاتەوە و دەردەکەوێت کەموسولمانە و, دەدات لەناوچەوانی کافر یا لەسەر لوتی وەکو داخ رەشی دەکاتەوە بەجۆرێك کاتیَ کۆمەلێك

**ویأجوج وماجوج , ونزول عیسي علیه السلام , وطلوع الشمس من مغربها حق**

---

لەو خەڵکە لەسەر خوانیَ دادەنیشن بۆ نان خواردن دەردەکەوێت کامیان موسولمانە وکامیان کافرە , یەکێك بەعادەت تیکەیەك یان میوەیەك دەدات بەدەستی یەکێکەوە و دەلێت وەری بگرە ئەی موسولمان , یا دەیدات بەکافرەکەو دەڵێت ئەی کافر وەری بگرە ....وەبەو جۆرە بانگ دەکەن لەیەك . واتە لەبەر چاوی خەڵکی دنیادا راستی دەردەکەوێت . تەفسیری نامی ٥ / ٤٧٨و ٤٧٩ .

( **ویأجوج وماجوج** ) یەئجوج و مەئجوج دووپیاون لەئەولادی یافث ی کوری نوح نەتەوەیان زۆرە وە نەتەوەکەیان ناونراون بەوە لەبە زۆریان لەبەر ئەوەی هەندێکیان دەرۆن بەسەر هەندێکیاندا.( **ونزول عیسی علیه**

الـصلاة و الـسلام ) دابـەزيـنی حـەزرەتی عيـسا لـەئاسمان بـۆ سـەر رووی زەوی .

( وطلوع الشمس من مغربها ) هـەلهاتنی خـۆر لـه خـۆر ئـاواوه ( حق ) ئەمانـه باسمـان كـردن راسـت و حـەقن . حوزەيفـەی كـوری ئەسـەدی غيفـاری دەفـەرمويّت ، پێغەمبـەر (درودی خـودای لـه سـەر بيّـت ) تەشـريفی هـات بەسەرماندا ئێمه باسی قيامەتمان دەكرد فەرمووی:باسـی چـی دەكـەن ؟ وتيـان :باسـی قيامـەت دەكـەين :فـەرمووی : بەراسـتی رۆژی قيامـەت هەڵناسيّت تا پێش قيامەت دە نيشانه نەبينن :

(١) دۆكەڵێك .

(٢) دەجال

(٣) داببه

(٤) هەڵهاتنی خۆر لەخۆرئاوا

(٥) ودابەزينی حەزرەتی عيسا

(٦) يەئجوج و مەئجوج

(٧) رۆچونێك لەرۆژهەلات

(٨) رۆچونێك لەرۆژئاوا

(٩) رۆچونێك لەنێو دورگەی عەرەب

(١٠) وەكۆتايی ئەمـه ئاگرێكه لـەخاكی يەمـەن دەكەوێتـەوەو خـەڵك راپێچ دەكات بەرەو مەحشەر) ، رواه مسلم .

**والمجتهد قد يخطئ وقد يصيب**

(**والمجتهــد قــد يخطــئ وقــد يــصيب**) موجتەهید کەم جارێك هەڵەدەکات لە ئیجتیهاددا وەکەم جارێکیش دەیپێکێت .موجتەهید : بەو کەسە دەوترێت مەرجەکانی ئیجتیهادی تێدا بێتە دی و وەئەوشتەی زانایانی ئوسولی فیقە بریاریان داوە لەسەری.

## مەرجەکانی موجتەهید :

١- دەبێت بالغ بێت .

٢- دەبێت ژیربێت یانی خاوەنی هێزێکی چەسپاو بێت لەنەفسیدا هەستی پیٚ بکات بەو هێزەشتی زانراو.

٣- دەبێت زانابێت بەبەڵگەی عەقلی وچۆنیەتی بەڵگە پیٚ ی .

٤- دەبێت تێگەشتنی چاکی هەبێت لەمەبەستی قسەدا .

٥- دەبێت زمانی عەرەبی بزانێت لەبارەی (لغة )و(نحو)و ( صرف) و(بلاغة) .

٦- دەبێت ئاگای لەو حوکمانە بێت کە ئیجماعی زانایانی شەرعیان لەسەر هەیە و جیا یان بکاتەوە لەو حوکمانەی کەجێگای جیاوازی زانایانە تیایدا.

٧- دەبێت جۆرەکانی قیاس بزانێت وەك جەلی وموساوی و ئەدوەن .

٨- دەبێـت ئاگـای لـەو ئایـەت و حەدیـسانە بێـت کەپەیوەنـدیان بەئەحکامی ئیسلامەوەیە.

٩- دەبێـت (عـام ) و (خـاص) (ومجمـل)و(مبـيِّن) و(ناسـخ) و(منـسوخ) و(متـشابە) و(محکـم) وهـۆی هاتنـەخوارەوەی ئایەتـەکان بزانێت .

١٠ - دەبێت شارەزابێت بە حەدیسی (آحاد ) و (متواتر) و (متصل ) و (مرسل ) و (صحیح ) و (ضعیف ) و ئاگای لە حاڵی ئەوانە بێت کە حەدیسەکانیان گێراوەتەوە ئاخۆ بەهێزن یابێ هێزن .

پێغەمبەر (درودی خودای لە سەر بێت ) دەفەرموێت ( إذا حكم الحاكم فأصاب فله اجران ,وإن حكم فاجتهد ثم أخطأ فله أجر واحد) رواه مسلم .واتە : کاتێك حاکمێك حوکمی کرد و پێکای ئەوە دوو پاداشتی بۆ هەیە ئەگەر حوکمی کرد و ئیجتیهادی کرد لەپاشا هەڵەی کرد ئەوەیەك پاداشتی بۆ هەیە .

ورسل البشر - أفضل من رسل الملائكة

ورسل الملائكة - أفضل من عامة البشر

وعامة البشر - افضل من عامة الملائكة

**(ورسـل البـشر - أفـضل مـن رسـل الملائكـة)** پێغەمبـەرانی ( رسـل) ئـادەمیزاد بـەرێزترن لەپـەیام نێرانـی فریـشتە کـەجبریل و ئیـسرافیل وعیزرائیل و میکائیلە .

**(ورسل الملائكـة - أفضل من عامـة البـشر)** پـەیام نێرانـی فریشتە بەرێزترن لەئادەمیزاد بەگشتی .

**(وعامة البشر - افضل من عامة الملائكـة)** کۆی ئادەمیزاد بـەرێزترن لەکۆی فریشتە بەڵگەش لەسەر ئەوەی کۆی ئادەمیزاد بەرێزترن لـەکۆی فریشتە ئەمانەی خوارەوەیە :

١- خوا ئەمری کرد بەفریشتە کـەکورنوش ببـەن بۆ ئادەم لـەڕووی گەورەیی وریزیەوە کورنوش لەنزمەوە بۆ بەرز دەبێت

٢- خـودا دەفـەرموێت ( وعلـم أدم الأسـماء كلهـا )فیرکردنـی ئـادەم بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گەورەترە لەفریشتە .

٣- خـودا دەفـەرموێت ﴿ ولقـد كرمنـا بنـي أدم وحملنـا هـم فـي البـر والبحر وفضلنا هم على كثير ممن خلقنـا تفضيلا ﴾ الاسـراء : ٧٠ واتـە: بەراسـتی ئێمـە کەرامـەت و پایـەمان دا بـەئادەمیزاد , وەهـەلمان گـرتن لەووشـکان و دەریـا وە لەهـەموو ژیـوارێکی دلخـوازی باشمـان دانـیٚ و پایەمان پێدان بەسەر زۆر گەلی لەوانەدا کە دروستمان کردوون بەگەورە کردنێکی باش .

لــێ بوومــەوە لەنوســینی ئــەم کتێبــە پــیرۆزە ســەر لەبــەیانی رۆژی یەکشەممە بـەرواری ٣ ی موحـەڕەمی ساڵی ١٤٢٣ کۆچی بەرامبـەر ١٧ /٣/ ٢٠٠٢ لەهەلەبجـەی شـەهید خوایـە لێمـان وەرگـرەو سـەرکەوتومان بکە لەکاری دین و دونیا بێ حورمەت و رسوای دنیاو قیامەتمان مەکە

وصلى الله على سيدنا محمد واله وصحبه وسلم واخر دعوانا ان الحمـد لله رب العالمين.

# سەرچاوەکان


١- القرآن الكريم

٢- اصول الدين الاسلامي د. رشدي عليان وقحطان عبدالرحمن الدوري

٣- نور الايمان عبدالكريم المدرس

٤- التاج الجامع للاصول في أحاديث الرسول منصور على ناصف

٥- شرح العقائد النسفية التفتازاني ( طبع حجري )

٦- شرح النسفية في العقيدة الاسلامية د: عبدالملك عبدالرحمن السعدي

٧- شرح رمضان افندي على شرح العقائد .

٨- الوسيلة في شرح الفضلية لسيد عبد الرحيم الملقب بالمولوي

٩-مەكتوبات كاك ئەحمەدی شێخ كاك ئەحمەدی شێخ

١٠ - سەرچاوەی ئایین ماموستا مەلا عبدالكريمی مدرس

١١ - عقيده ى مرضيه عبدالرحيم مەولەوى

١٢-تەفسيرى نامى مامۆستا مەلا عبدالكَريمى مدرس

١٣- روونكردنەوەى العقيدة الطحاوية مامۆستا عبدالله هەرتەلى

١٤- شەريعەتى ئيسلام مامۆستا مەلا عبدالكريم المدرس .

زۆر سوپاسـی ئـەم مامۆسـتا بەڕێزانـە دەكـەم كـە پێداچوونەوەیان گرتووەتـە ئەسـتۆی خۆیـان وە داواكـارم لـەخودا كەتەمـەن درێـژ و سەركەوتویان بكات لەكاروباری دین و دونیادا .

١- جەنابی مامۆستا شێخ نورالدینی مفتی .

٢- مامۆستا شیخ غەفوور ووتاربیژی خانەقای بیارەی شەریفە

٣- مامۆسـتا شـێخ غـازی نێرگسـەجاری پـێش نوێـژو ووتاربێـژی مزگەوتی شەهیدان لە هەڵەبجەی تازە .

٤- مامۆسـتا سـەیید مـەحموود تـاوگۆزی پـێش نوێـژو ووتاربێـژی مزگەوتی كانی ئاسكان لەزەراین.

٥- مامۆستا شـێخ عیرفانی مامۆسـتا شـێخ نورالدینی مفتـی پـێش نوێژ و وتار خوێنی مزگەوتی حاجی قەرەنی لە هەولێر .

# بۆ ئاگاداری

## مژده بۆ خوێنەران :

**بەرهەمی نوێی نوسەر ( پرسیار و وەلام لە فیقهی ئیمامی شافیعیدا ) لە ژێر چاپدایە لە سێ بەرگدا**



# دانەر لە چەند دێڕێکدا

عومەر کوڕی شێخ نورەدینی کوڕی شێخ مستەفای مفتی کوڕی شێخ محمودی قازی کوڕی شێخ عەبدڵای خەرپانی لە ساڵی ١٩٦٥ لە هەڵەبجەی شەهید لە بنەماڵەیەکی ئاین پەروەر لە دایك بووە .

خاوەنی بڕوانامەی زانستی یە کە لە خزمەت باوکیدا خوێندنی تەواو کرد ووە و بڕوانامەی وەرگرتووە .

دەرچووی ساڵی ١٩٨٨-١٩٨٩ ی زانکۆی بەغداد کۆلێژی شەریعەیە لە کۆلێژ بۆ ماوەی یەك ساڵ فەصل کرا لە بە هۆی نەکردنی (جیش الشعبی) دوو مانگ زیندانی بووە لە نوگرەسەلمان ئیمام و ختیبی مزگەوتی دارالسلامە لە هەڵبجەی شەهید و لێپرسراوی لیژنەی فەتوای لقی شارەزووری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانە.